# رووداو
RÛDAW

ژمارە (584) دووشەممە 2019/12/23 – 2ی بەفرانبار 2719 (750) دینار


## چوار کۆمپانیا مۆری 16 فەرمانگە تەزویر دەکەن

**رووداو – هەولێر**

خاوەنەکانی چوار کۆمپانیا لەڕێگەی کەسێکی بیانییەوە مۆر و کلێشە و نووسراوەکانی چەند فەرمانگەیەکی حکومەت ساختە دەکەن، لەڕێگەی ئەو ساختەکارییەوە دەیان کرێکاری بیانی بەناياسايی دەهێننە هەرێمی کوردستان.

یەکێک لەو مۆرانەی تەزویر کراوە، مۆری بەڕێوەبەرایەتی کاری هەولێری لەسەرە. کارزان عەلی، بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ ئێمەی لە حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی مۆرێکی ئێمە لە کۆمپانیایەک ئاگادار کردەوە، دوای بەدواداچوونمان دەرکەوت کۆمپانیاکە مۆرەکەی ساختە کردووە".

ساختەکارییەکە لەڕێگەی کەسێکی بیانییەوە کراوە. کارزان عەلی دەڵێ: "یەکێک لەو کەسانەی دەستگیرکراوە دانی بەوەدا ناوە کە لەڕێگەی کەسێکی بیانییەوە مۆرەکانیان ساختە کردووە، بەپێی زانیارییەکانی من مۆری 16 فەرمانگەی حکومییان ساختە کردووە. خاوەنی کۆمپانیاکان کلێشەی فەرمانگەکەشیان ساختە کردووە و نووسراوی ساختەیان بەناوی ئەو فەرمانگانە کردووە بۆ راییکردنی کاروبارەکانی خۆیان".

کارزان عەلی دەڵێ ئەو کەسانە لە ساختەکردنی مۆر و کلێشەکان دوو ئامانجیان هەبووە: "کۆمپانیاکان بەهۆی ئەو مۆر و کلێشە ساختانە خۆیان لە پێدانی رسومات و شاردنەوەی زانیاری لەبارەی کرێکارە بیانییەکان بواردبوو، بەوەش سوودێکی زۆری ماديیان لەو ساختەکارییە بینیوە".

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەوبارەوە رایگەیاند: "ئەمساڵ زۆرترین کەس بە تۆمەتی ساختەکردنی مۆر و نووسراوە فەرمییەکانی حکومەت دەستگیرکراون، کە زیاتر لە 350 کەسن".

«2



مۆسکۆ بۆ قبوڵکردنی هەسەدە گوشار دەخاتە سەر دیمەشق

6

تۆماس کاپلان، ملیاردێری جووی ئەمریکی بۆ (رووداو):

ئەوەی ئەمریکا لەگەڵ کوردی سووریا کردی درێژەپێدانی خیانەت بوو

14



ڕێباز عەلی:

چارەنووسی ترەمپ دوای لێپێچینەوە

18

### راکان جبووری، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت بۆ (رووداو):

# پارتی دەتوانێت بگەڕێتەوە کەرکووک

**2800 عەرەبی کەرکووک لە بەندیخانەکانی هەرێمدان**

**زۆربەی پۆستە ئەمنییەکانی کەرکووک بە دەست یەکێتییەوەن**

**برایەکم کرێچیی سکرتێری ئاسۆ مامەندە**

**هەموو بەرپرسانی کورد لە کەرکووک لە خانووی تەجاوزدان**

«4

### لە دوو رۆژی کۆنگرەی یەکێتیدا چی روویدا؟

# چانسی بەرهەم ساڵح بۆ سەرۆک/ سکرتێری یەکێتی لاوازە و بافڵ تاڵەبانیش بە جێگر رازی نییە

«3



تاراوگە 11

**هەنگاریا گەنجێکی کورد پاداشت دەکات**



راپۆرت 7

**نەخۆشخانە حکومییەکان مووچەی کارگوزارەکان دەخۆن**

ژنان 12

**ئافرەتانی بیانی لە کوردستان دەکەونە نێو تەڵەی باندەکانی بازرگانیی سێکس**



وزە 9

**عێراق نایەوێ نەوتی هەرێمی کوردستان لە 450 هەزار بەرمیل تێپەڕێ**



### بەپێی یاداشتی دوو پەرلەمانتار:

# "کۆمپانیای بەڕێز بایی ملیۆنان دۆلار گەندەڵیی کردووە"

**رووداو – هەولێر**

دوو پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێن کۆمپانیای بەڕێز "چەندین گەندەڵی و کاری نایاسایی" لە پرۆژەکانیدا کردووە. یەکێک لەو پەرلەمانتارانە دەڵێ کۆمپانیاکە لەسەر سپیکردنەوەی چەکی پارە و چەند دۆسیەیەک دەدەینە دادگا. خاوەنی کۆمپانیاکەش پێیوایە کار لەسەر ناوزڕاندنیان دەکرێت.

بەپێی یاداشتێکی 14 خاڵیی هەردوو پەرلەمانتار دابان محەممەد و عەلی حەمەساڵح کە کۆپییەکی دەست (رووداو) کەوتووە، کۆمپانیای ناوبراو "گەندەڵی" لەو پرۆژانەدا کردووە کە لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوە.

لە یاداشتەکەدا هاتووە: "کۆمپانیای بەڕێز مۆڵەتی بۆ دروستکردنی 25 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە چەند شار و شارۆچکەیەک وەرگرتووە، بەڵام دوای 13 ساڵ هیچکام لەو پرۆژانە وەک ئەوەی مۆڵەتیان پێدراوە تەواونەکراون، زۆربەی یەکەکانیش گۆڕانکارییان بە زیانی خاوەن یەکەکان تێدا کراوە".

دابان محەممەد بە (رووداو)ی راگەیاند: "کۆمپانیاکە چەند پرۆژەیەکی بە وەبەرهێنەری دیکە فرۆشتووەتەوە. پرۆژەی دالیاستی بە 14 ملیۆن دۆلار بە کۆمپانیای نەجمەدین فرۆشتووە، نۆژەن ستی لە دەربەندیخان و لوبنان ستی فرۆشراونەتەوە بە وەبەرهێنەری دیکە". دابان محەممەد دەشڵێ: "کۆمپانیاکە مۆڵەتی پرۆژەیەکی لە گەرمیان وەرگرتووە، بەبێ دەستکاری مۆڵەتەکە دەفرۆشێتەوە بە کەسێکی دیکە، کەسی دووەمیش بەبێ دەستکاری شوێنی پرۆژەکەی گۆڕیوە بۆ کەلار لە باشترین شوێن کە بەهاکەی ملیۆنان دۆلارە".

لە یاداشتەکەدا هاتووە کە بەناوی دروستکردنی 900 خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان، 30 هەزار تۆن چیمەنتۆی لە تاسڵوجە وەرگرتووە، لەکاتێکدا وەک یاداشتەکە دەڵێت: "ئەم چیمەنتۆیە بە نرخی پاڵپشتی حکومی بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێ، وەرگرتنی پارەکەش بە چەک تەواو نایاساییە". دابان محەممەد دەڵێ: "ئێمە ئەو دۆسیەیە لەگەڵ چەند حاڵەتێکی دیکە بە جیا دەدەینە دادگا".

کۆمپانیای بەڕێز یاداشتەکە بە تۆمەت هەڵبەستن و ناوزڕاندن ناودەبات. یاسین مەحموود، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "بۆ هەموو لێپرسینەوەیەک ئامادەین".

«2

ژمارە (584) - دووشەممە 2019/12/23



## لقی کۆمپانیایەک لە هەولێر دادەخرێت

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بەدواداچوون بۆ پێڵاوێکی ئافرەتان دەکات، کە هێمای خاچی کریستیانەکانی لەسەرە و دەڵێت، پارێزگاری هەولێر لقێکی کۆمپانیاکەی داخستووە. زیا پەترۆس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەر فرۆشتنی پێڵاوێکی ئافرەتان کە وێنەی خاچی بەسەرەوەیە، پەیوەندیم بە پارێزگارەوە کرد و ئەویش دەستبەجێ لقی کۆمپانیاکەی لە شەقامی شۆڕش لەناو مێگامۆڵ داخست". دوای ئەوەی ڕۆژی 21-12-2019 ئاگادارکراوەتەوە کە لەناو مێگامۆڵ دوکانێکی تورکی بەناوی فلو، پێڵاوی ئافرەتان دەفرۆشێت و هێمای خاچ بە ژێرەوەیەتی، زیا پەترۆس خۆی سەردانی شوێنەکەی کردووە. بینیویەتی لە کۆگاشدا ئەو جۆرە پێڵاوەیان هەبووە

## یاداشتەکەیان داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران

## بەگوێرەی یاداشتێکی دوو پەرلەمانتار:

# "کۆمپانیای بەڕێز بە بەهای ملیۆنان دۆلار گەندەڵیی کردووە"

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

دوو پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێن کۆمپانیای بەڕێز "چەندین گەندەڵی و کاری نایاسایی" لە پرۆژەکانیدا کردووە. یەکێک لەو پەرلەمانتارانە دەڵێ کۆمپانیاکە لەسەر سپیکردنەوەی چەکی پارە و چەند دۆسیەیەک دەدەینە دادگا. خاوەنی کۆمپانیاکەش پێیوایە کار لەسەر ناوزڕاندنیان دەکرێت.

بەپێی یاداشتێکی 14 خاڵیی هەردوو پەرلەمانتار دابان محەممەد و عەلی حەمەساڵح کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، کۆمپانیای ناوبراو "گەندەڵی" لەو پرۆژانەدا کردووە کە لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوە.

لە خاڵی یەکەمی یاداشتەکەدا هاتووە: "ساڵی 2006 کۆمپانیای بەڕێز مۆڵەتی بۆ دروستکردنی 25 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە چەند شار و شارۆچکەیەک وەرگرتووە، بەڵام دوای 13 ساڵ هیچکام لەو پرۆژانە وەک ئەوەی مۆڵەتیان پێدراوە تەواونەکراون، زۆربەی یەکەکانیش گۆڕانکارییان بە زیانی خاوەن یەکەکان تێدا کراوە".

دابان محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆمپانیاکە چەند پرۆژەیەکی بە وەبەرهێنەری دیکە فرۆشتووەتەوە. پرۆژەی دالیاستی بە 14 ملیۆن دۆلار بە کۆمپانیای نەجمەدین فرۆشتووە، نۆژەن ستی لە دەربەندیخان و لوبنان ستی فرۆشراونەتەوە بە وەبەرهێنەری دیکە".

هەر لە یاداشتەکەدا هاتووە کە زەویی پرۆژەکان فرۆشراونەتەوە. دەستەی وەبەرهێنانیش لەوە ئاگادار کراوەتەوە. هەروەها کۆمپانیاکە لە زۆربەی پرۆژەکاندا زەویی ڕوکن و بازرگانی دەفرۆشێتەوە، بۆ نموونە لە پرۆژەی ئاسوودە ستی.

دابان محەممەد دەشڵێ: "کۆمپانیاکە مۆڵەتی پرۆژەیەکی لە گەرمیان وەرگرتووە، بەبێ دەستکاری مۆڵەتەکە دەفرۆشێتەوە بە کەسێکی دیکە، کەسی دووەمیش بەبێ دەستکاری شوێنی پرۆژەکەی گۆڕیوە بۆ کەلار لە باشترین شوێن کە بەهاکەی ملیۆنان دۆلارە، واتە مۆڵەتێکی وەبەرهێنان بەبێ ئەوەی یەک بلۆک لەنێو پرۆژەکە دانرابێت، مامەڵەی ملیۆنان دۆلاری پێوەکراوە".

لە خاڵێکی دیکەشدا دوو پەرلەمانتارەکە دەڵێن: "کۆمپانیای بەڕێز بەناوی توێژی دیاریکراوەوە مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنانی وەرگرتووە بە نرخێکی دیاریکراو، دواتر لە بازاڕی ئازاد بە نرخێکی زۆر بە هەموو کەسێک فرۆشراوە".

> خاوەنی کۆمپانیای بەڕێز دەدەینە دادگا
>
> دوو پەرلەمانتارەکە

دوو پەرلەمانتارەکە لە یاداشتەکەیاندا باسی نەبوونی خزمەتگوزاریی نێو پرۆژەکانی کۆمپانیای بەڕێزیان کردووە "دەبوو کۆمپانیاکە زیاتر لە 60 پرۆژەی خزمەتگوزاری بە تێچووی نزیکەی 70 ملیۆن دۆلار لە نێو پرۆژەکان دروست بکات، بەڵام زۆربەی ئەم پرۆژانە نەکراون. بۆ نموونە لە پرۆژەی گۆران ستی، دەبوو 14 پرۆژەی خزمەتگوزاری دروست بکات، بەڵام هیچی دروستنەکردووە، یەک قوتابخانە کراوە، ئەویش لەسەر بودجەی گشتی".

لە یاداشتەکەدا ئاماژە بۆ گۆڕینی سایت پلان و ڕەگەزی زەوییەکانیش کراوە، لەوانە: "بەشێکی

> بۆ هەموو لێپرسینەوەیەک ئامادەین
>
> خاوەنی کۆمپانیای بەڕێز

زۆری زەوی مەتروکەی نێو پرۆژەکانیان کردووە بە یەکەی نیشتەجێبوون کە لەڕووی ئەندازەییەوە نەگونجاو بووە و زیانی بە بەشداربووانی پرۆژەکە گەیاندووە. کۆمپانیاکە لە زۆربەی پرۆژەکانیش سەوزایی گۆڕیوە بۆ یەکەی نیشتەجێبوون".

دابان محەممەد دەڵێت گۆڕانکاری لە سایت پلانی چەند پرۆژەیەکی دیکەی نیشتەجێبوون لەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە کراوە: "سایت پلانی پرۆژەی (دیبە ستی) لە ساڵی 2010 پەسەندکراوە، بەڵام لە 2014 گۆڕدراوە، 7 خانووی نیشتەجێبوون زیاد کراوە، 7 باخچە کراون بە یەکەی نیشتەجێبوون، ڕووبەری دیاریکراوی چالاکیی وەرزشی لە سایت پلانی نوێی پرۆژەکە کراوە بە بازرگانی، بەشێکیشی لێ جیاکراوەتەوە کە هیچ ئاماژەیەک بە جۆری بەکارهێنانی نەکراوە".

هەروەها دەڵێت: "لە پرۆژەی ئاسوودە ستی، بەپێی کۆنووسی لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهێنان بە ژمارە 4771 لە 2012/12/21 پێداچوونەوە بە سایت پلانی پرۆژەکە کراوە، بڕیار بووە تەنیا 7 یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام بەپێی خشتەیەک کە تەنیا مۆری یەکەی سەرپەرشتیاری ئەندازیاری وەبەرهێنانی سلێمانی لەسەرە 110 شوقەی نیشتەجێبوون بەشێوەی 2 باڵەخانەی ستوونی لەسەر ڕووبەری تەرخانکراو بۆ کاری بازرگانیی نێو پرۆژەکە زیادکراوە".

دابان باسی پرۆژەیەکی دیکەی کۆمپانیای بەڕێز دەکات و دەڵێت: "سایت پلانی پەسەندکراوی پرۆژەکانی لوبنان ستی، بەڕێز ستی، بڕوا ستی گۆڕدراون، لە (لوبنان ستی) 52 یەکەی نیشتەجێبوون و 3 باڵەخانەی نیشتەجێبوون (6-7) نهۆمی زیادکراوە. پاشان بەهۆی سکاڵای هاووڵاتیانی نیشتەجێی نێو پرۆژەکە 3 باڵەخانەی نیشتەجێبوون لابران. لە (بەڕێز ستی) 11 خانووی نیشتەجێبوون زیادکراوە. لە (بڕوا ستی) 21 خانوو زیادکراوە و باخچەی ساوایان و باخچەکانی پرۆژەکە لادراون و کراون بە خانووی نیشتەجێبوون".

سپیکردنەوەی چەکی پارە یەکێکی دیکەیە لەو خاڵانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە کە بەناوی دروستکردنی 900 خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان، بڕی 30 هەزار تۆن چیمەنتۆی لە تاسلۆجە وەرگرتووە، لەکاتێکدا وەک یاداشتەکە دەڵێت "ئەم چیمەنتۆیە بە نرخی پاڵپشتی حکومی بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێ، وەرگرتنی پارەکەش بە چەک تەواو نایاساییە".

دابان محەممەدیش دەڵێ: "ئێمە ئەو دۆسیەیە لەگەڵ چەند حاڵەتێکی دیکە بە جیا دەدەینە دادگا".

کۆمپانیای بەڕێز یاداشتەکە بە تۆمەت هەڵبەستن و ناوزڕاندن ناودەبات. یاسین مەحموود، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە دڵنیاین زانیارییەکانی ئەو دوو پەرلەمانتارە نادروست و بێ بنەمان و بۆ ناوزڕاندنی کۆمپانیاکەن، بۆ هەموو لێپرسینەوەیەکیش ئامادەین".

## لە ساڵی نوێدا جێبەجێ دەکرێ

# ماڵپەڕ و پەیجی وەزارەتەکان دەخرێنە سەر ئەنجوومەنی وەزیران

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی میدیای حکومەت، فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی نوێدا ماڵپەڕی سەرجەم وەزارەتەکان دەکاتە لینکێکی تایبەت لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەت. ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێت ئامانجیان ڕێکخستنەوەی میدیای حکومەتە، بەڵام بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتێک پێیوایە ئەنجوومەنی وەزیران دەیەوێت چالاکیی وەزارەتەکان کۆنترۆڵ بکات.

ئەنجوومەنی وەزیران لە پرۆژەیەکدا لەڕێگەی فەرمانگەی میدیا و زانیارییەوە بەجیا کار لەسەر ڕێکخستنەوەی ماڵپەڕ و پەیجەکانی وەزارەتەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان قسەمان کردووە و ئاگادارمان کردوونەتەوە لە ساڵی نوێدا ماڵپەڕی هەموو وەزارەتەکان ڕێکدەخرێنەوە و لە لینکێکدا لە نێو ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆدەکرێنەوە".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە، پرۆژەکە لەلایەن د.جوتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادە کراوە و سەرپەرشتی دەکرێ. ئەو سەرچاوەیە گوتی: "بەپێی ئەو پرۆژەیە، لە هەنگاوی یەکەمدا ماڵپەڕی سەرجەم وەزارەتەکان دەبنەوە بە لینکێک لە ماڵپەڕی فەرمیی ئەنجوومەنی وەزیران. کۆنترۆڵکردنی ماڵپەڕی وەزارەتەکانیش هەنگاوی دووەم دەبێت و لەژێر چاودێریی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجوومەنی وەزیران کارەکان دەکرێن، بۆ ئەوەی میدیای حکومەت ڕێکبخرێ و پەرشوبڵاوی لە پەیامی حکومەتدا نەمێنێ، هەروەها ئەم هەنگاوە دەستەکانیش دەگرێتەوە".

سەرچاوەکە لەبارەی پەیجی وەزارەتەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر دەڵێ: "وەزارەت و دەستەکان چەندین پەیجیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەیە، بێجگە لە ماڵپەڕی وەزارەتەکان، فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە جیا کار لەسەر ڕێکخستنەوەی ئەو پەیجانەش دەکات، ئەمەش سوودی بۆ حکومەت و هاووڵاتیان دەبێت، هاووڵاتی هەر زانیارییەکی لە هەر وەزارەتێکدا پێویست بێت دەتوانێت بە ئاسانترین شێوە لەڕێگەی ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستیبکەوێ".

> پرۆژەکە بۆ ڕێکخستنەوەی میدیاکانی حکومەتە
>
> ئەنجوومەنی وەزیران

لەبارەی ئەم پرۆژەیە، ئومێد محەممەد، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە دوو هەفتەی ڕابردوودا لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوە، بڕیارە وێب سایتی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ و بەم شێوەیە بە پەرشوبڵاوی نەمێنن، بەڵکو لە لینکێکدا لەنێو ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبکرێنەوە".

لەبارەی گۆڕانکارییەکانیش لە وێب سایتەکەدا، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن گوتی: "وردەکاری پرۆژەکە لەلای فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەڵام ئێستا لۆگۆی هیچ وەزارەتێک لەسەر ماڵپەڕەکانیان نەماوە و هەموویان یەک لۆگۆی تایبەت بە حکومەتیان لەسەرە، ئەم بەرنامەیەش بۆ ئەوەیە پەیامی حکومەت بە پەرشوبڵاوی نەمێنێ و لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتدا یەکبخرێت، هەموو وەزارەت و دەستەکانیش دەگرێتەوە".

بەگوتەی بەرپرسێکی ڕاگەیاندنی یەکێک لە وەزارەتەکان، ئەم پرۆژەیە بۆ قۆرخکردنی کاری میدیای وەزارەتەکانە. ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە 2019/11/14 فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجوومەنی وەزیران لە وۆرکشۆپێکدا کە بۆ ڕاگەیاندنی سەرجەم وەزارەتەکان ڕێکخرابوو، پێیان ڕاگەیاندین کە لە ساڵی نوێدا ماڵپەڕی هەموو وەزارەتەکان دەخەنە سەر لینکێک لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەت، چالاکی و ڕوونکردنەوەکان کورت دەکرێنەوە و سنووردار دەکرێن، ئەمەش قۆرخکارییەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکیی وەزارەتەکان لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجوومەنی وەزیرانەوە".

> پرۆژەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکیی وەزارەتەکانە
>
> بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتێک

ئەو بەرپرسە گوتیشی: "لە سەرەتای کابینەی نوێدا بەپێی پلانێکی حکومەت بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان خرانە پاڵ پەیوەندییەکان و بوو بە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن، ئەمەش بچووککردنەوە و کەمکردنەوەی گرنگیی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکانە کە نەک هەر بەڕێوەبەرایەتی نامێنێت، بەڵکو بەشیش نییە، بەپێی زانیاری منیش ئێستا ڕاگەیاندنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی خراونەتە سەر بەشی پەیوەندییەکان".

بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەو وەزارەتە کە بەگوتەی خۆی ماوەی چەند ساڵێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییە کار دەکات، دەشڵێ: "ئێمە 25%ی دەرماڵەمان پێدەدرا، بەڵام دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن دەکرێن بە پاشکۆی بەشی پەیوەندییەکان، ئەو دەرماڵەیەشمان نامێنێ و دەدرێ بە کەسێکی دیکە لە بەشی پەیوەندییەکان".

## دۆسیەکەیان لە دادگایە

# چوار کۆمپانیا مۆری 16 فەرمانگە تەزویر دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

خاوەنەکانی چوار کۆمپانیا لەڕێگەی کەسێکی بیانییەوە مۆر و کڵێشە و نووسراوەکانی چەند فەرمانگەیەکی حکومەت ساختە دەکەن، لەڕێگەی ئەو ساختەکارییەوە دەیان کرێکاری بیانی بەنایاسایی دەهێننە هەرێمی کوردستان. کۆمپانیاکان هی دوو بران و دەستگیرکراون.

یەکێک لەو مۆرانەی تەزویر کراوە، مۆری بەڕێوەبەرایەتی کاری هەولێری لەسەرە. کارزان عەلی، بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ ئێمەی لە حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی مۆرێکی ئێمە لە کۆمپانیایەک ئاگادار کردەوە، دوای بەدواداچوونمان دەرکەوت کۆمپانیاکە مۆرەکەی ساختە کردووە".

ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی: "ئەو کەسانەی ساختەکارییەکەیان کردووە، دوو برا و برازایەکن کە چوار کۆمپانیایان هەیە، یەکێک لەو کۆمپانیایانە بەناوی (ب) پەیوەندی بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ئەوانی دیکەش لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان وەرگرتووە، هەرسێکیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەستگیرکراون و بە بەڵگەی ڤیدیۆیی دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە".

ساختەکارییەکە لەڕێگەی کەسێکی بیانییەوە کراوە. کارزان عەلی دەڵێ: "یەکێک لەو کەسانەی دەستگیرکراوە دانی بەوەدا ناوە کە لەڕێگەی کەسێکی بیانییەوە مۆرەکانیان ساختە کردووە، بەپێی زانیارییەکانی من مۆری 16 فەرمانگەی حکومییان ساختە کردووە. خاوەنی کۆمپانیاکان کڵێشەی فەرمانگەکەشیان ساختە کردووە و نووسراوی ساختەیان بەناوی ئەو فەرمانگانە کردووە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی خۆیان".

لەبارەی ئەو کار و تاوانانەی بەو مۆر و کڵێشە ساختەکراوانەوە کراوە، بەڕێوەبەری کاری هەولێر گوتی: "ئەو کەسانە دانیان بەوەدا ناوە کە مۆر و کڵێشەکانیان ساختە کردووە، زیاتر کاری کۆمپانیاکانی ڤیزە و مامەڵەی نشینگەی دەیان کرێکاری بیانیان پێکردووە و کارتی نشینگەی نایاساییان پێدراوە، لەکاتێکدا ئەو نووسراوانەی نشینگە دەبوو بێتە لای ئێمە، دەستەبەری کارمان بۆ کرێکارە بیانییەکان بکردبا ئینجا کارتی نشینگەیان پێدەدرا".

ئەو مۆرە ساختانەی دروستکراون، لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ مۆرە ئەسڵەکاندا هەبووە. بەڕێوەبەری کاری هەولێر دەڵێ: "ئێمە بەراوردی

> به مۆره ساختەکان خۆیان لە ڕسومات و زانیاری لەبارەی کرێکارە بیانییەکان بواردووە
>
> بەڕێوەبەرایەتی کاری هەولێر

> ئەمساڵ 350 کەس بەتۆمەتی ساختەکاری لە هەولێر دەستگیرکراون
>
> پۆلیسی هەولێر

مۆرەکانمان کرد، لەیەکدی دەچوون، بەڵام لە شتێکدا جیاواز بوون، زانیارییەکانیشمان بۆ لیژنەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ پشتڕاست کردەوە، داوای گرتنەبەری ڕێکاری یاساییشمان لەدژی ئەو کەسانە کرد، لەبەرئەوەی خۆیان دانیان بە تاوانەکەیاندا نابوو، بۆیە لەڕووی یاساییەوە پێویستی بە سکاڵای ئێمە نەبوو".

کارزان عەلی دەڵێ ئەو کەسانە لە ساختەکردنی مۆر و کڵێشەکان دوو ئامانجیان هەبووە: "کۆمپانیاکان بەهۆی ئەو مۆر و کڵێشە ساختانە خۆیان لە پێدانی ڕسومات و شاردنەوەی زانیاری لەبارەی کرێکارە بیانییەکان بواردبوو، بەوەش سوودێکی زۆری مادییان لەو ساختەکارییە بینیوە".

لەبارەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کۆمپانیاکە و ئەو کرێکارانەی لەڕێگەی ئەوانەوە هاتوون، بەڕێوەبەری کاری هەولێر گوتی: "ئێستا کۆمپانیای (ب) کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، هەموو کارەکانی ڕاگیراون تاوەکو دۆسیەکەیان لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە. ئەو کرێکارانەش کە لەڕێگەی ئەو کۆمپانیایەوە هێنراون 96%یان لەنێو ماڵان کاردەکەن و هەندێکیشیان بە ڤیزای سەردان هێنراون، ئەگەر کێشەیان نەبێت مۆڵەتی کارکردنیان بۆ تازە دەکەینەوە، ئەگەرنا دەیاننێرینەوە وڵاتەکانیان".

هەر کۆمپانیایەکی دەستی کار کە دادەمەزرێت، 50 هەزار دۆلاری وەکو خیتاب زەمان لە بەڕێوەبەرایەتی کار لێوەردەگیرێ، هەر کرێکارێکی بیانی کە لەڕێگەی ئەو کۆمپانیایەوە هاتبێت و کێشەی هەبێت، بەو پارەیە دەنێردرێتەوە وڵاتی خۆی. کارزان گوتی "هەر کرێکارێک دەستەبەری بۆ کرابێت و ماف و ئیمتیازاتی خورابێت، لەو پارەیەی لە کۆمپانیاکانمان وەرگرتووە قەرەبووی دەکەینەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەکە دەستی کەوتووە "کاری ئەو کۆمپانیایانە هێنانی کرێکاری بیانی و دروستکردنی ئیقامەی ساختە و کارەکانی نشینگە بووە. سەرەتا مۆرێکی ساختە لەنێو یەکێک لە کۆمپانیاکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن دۆزراوەتەوە، خاوەنەکەی هەر لەوێ دانی بە هەموو شتێکدا ناوە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "کۆمپانیاکە لە عەنکاوە بوو، خاوەنەکەی سێ کۆمپانیای دیکەشی هەیە و لە هەموو کۆمپانیاکان کاریان بەو مۆرانە کردووە، مۆرەکان لەلایەن کەسێکی بیانی دروستکراون، دواتر چەندین نووسراوی ساختەشیان لەسەر ساغ بووەتەوە. ئێستا لەسەر ئەو دۆسیەیە دوو برا و برازایەک دەستگیرکراون، دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگا کراوە".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەوبارەوە ڕایگەیاند: "ئەمساڵ زۆرترین کەس بە تۆمەتی ساختەکردنی مۆر و نووسراوە فەرمییەکانی حکومەت دەستگیرکراون، کە زیاتر لە 350 کەسن".

لەبارەی ناسنامەی ساختەکاران و جۆری ساختەکارییەکانیش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێ: "دەستگیرکراوەکان بەپلەی یەکەم کوردن، ئینجا عەرەب و تورک و ئێرانی، هەروەها ئەورووپی و ئەمریکیشیان تێدایە. سێ لەو ساختەکارانە ژنن، زۆرترین ساختەکارییەکانیش لە پاسپۆرت، ناسنامە، بریکارنامە بۆ فرۆشتنی موڵک و ڕاکێشانی ئۆتۆمبێل کراوە، دواتریش دراوی ساختە".

لە دوو ڕۆژی کۆنگرەی یەکێتیدا چی ڕوویدا؟

# چانسی بەرهەم ساڵح بۆ سەرۆک/ سکرتێری یەکێتی لاوازە و بافڵیش بە جێگر ڕازی نییە



**زریان حاجی**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی شەممە و یەکشەممەی ڕابردوو بەشێک لە کارەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی بەڕێوەچوون، لەوانەش هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی یەکێتی و سێ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی حیزبەکە. هەڵبژاردنی 118 ئەندامەکەی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بۆ ئەمڕۆ دووشەممە دواخران.

کۆنگرەی ئەمجارە یەکەم کۆنگرەیە کە یەکێتی نیشتمانی لە پاش کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری پێشووی یەکێتی بیبەستێ. بۆیە گومان دەکرێ غیابی مام جەلال کاریگەری لەسەر کەشی کۆنگرە و دارشتنەوەی هەیکەلی گشتیی دەسەڵاتەکان لە یەکێتیدا هەبێ.

بەختیار تاڵەبانی، کە لە سەردەمی تاڵەبانی لە دەزگای ڕێگاوبانی شۆڕش کاری دەکرد و ئێستا وەکو چاودێری سیاسی خۆی دەناسێنێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "شێوازی ئەمجارەی بەڕێوەبردنی یەکێتی مۆدێلێکی دیکەیە، دەسەڵاتەکانی مام جەلال وەک سکرتێری گشتی دابەشکراوە بەسەر ئەنجوومەنە نوێیەکاندا، کە ئەمجارە لەناو یەکێتیدا هەڵدەبژێردرێن".

## ئەنجوومەنە باڵاکەی یەکێتی

لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا چارەنووسی سەرۆکی یەکێک لەو ئەنجوومەنانە یەکلاکرایەوە. کۆسرەت ڕەسوڵ کە پێشتر جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی بوو، بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی یەکێتی هەڵبژێردرا. لە پەیڕەوی ناوخۆدا کە لە دووەم ڕۆژی کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەند کرا، سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بە "پارێزەری گشتیی (ی.ن.ک) لە بەرزترین ئاستدا" وەسفکراوە.

لە ڕۆژی دووەمیشدا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا بەختیار، عومەر فەتاح، حاکم قادر حەمەجان، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، جەعفەر شێخ مستەفا و دلێر سەید مەجید وەک ئەندامانی ئەنجوومەنە باڵاکە پەسەندکران کە جگە لە دلێری سەید مەجید، سەرجەمیان پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوون.

هەڵۆ حەسەن، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە سۆران، لەبارەی ئەو ئەنجوومەنی باڵایەوە دەڵێ: "ئەوەی لای من سورپرایز بوو، دیاریکردنی ئەو هەموو خەڵکە بوو بۆ ئەنجوومەنی باڵای سیاسی، ڕاستە ئەوانە تێکۆشەرن، بەڵام ئەو دیاریکردنە ڕەنگە زۆر بە دڵی قاعیدەی یەکێتی نەبێ".

لە بڕگەی حەوتەمی مادەی 49ی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هاتووە: "ئەندامانی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ک) نابێت هیچ کارێکی دیکەی حیزبی و حکومی و پەرلەمانییان هەبێت". ئەوە لە کاتێکدایە کە جەعفەر شێخ مستەفا، پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی هەیە. لە پەیڕەوەکەدا ئەنجوومەنی باڵای سیاسی بە هەردوو ناوی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ک) و ئەنجوومەنی باڵای دانایان، دەستەی باڵا ناویان هاتووە.

جەعفەر شێخ مستەفا لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) پشتڕاستی کردەوە کە ناوی لە ئەنجوومەنی باڵای سیاسیدا هەیە و لە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەمێنێتەوە. جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی پەیڕەوەکەوە گوتی: "هەتا ئێستا پەیڕەوی ناوخۆ هەر ڕەشنووسە و قابیلی گفتوگۆ و گۆڕینە، بۆیە ئەگەر هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێ".

یاسین ڕەسوڵ، گوتەبێژی کۆنگرەی یەکێتی، لەبارەی ئەگەری گۆڕانکاری لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پەیڕەوی ناخۆ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەندکراوە، بەڵام خاڵ بە خاڵ نەخوێندرایەوە و هەموو پەیڕەوەکە بە یەک پاکێج پەسەند کرا.

> پاش کۆنگرە هەموو لایەک دەزانن بڕیار لەناو یەکێتیدا چۆن دەدرێ و دەزانن لەگەڵ کێ مامەڵە بکەن
>
> نارەزایەتی دژی هەڵبژاردنی بەرهەم ساڵح نەبوو، بەڵکو ڕای جیاواز هەبوو
>
> گوتەبێژی یەکێتی:

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە دەسەڵات بە 121 ئەندامەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتی دراوە گۆڕانکاری لە خاڵەکانی پەیڕەوەکە بکەن.

لەتیف شێخ عومەر، گوتەبێژی یەکێتی لەبارەی پەیڕەو و ئەگەری دەستکاریکردنی پەیڕەوی ناوخۆوە گوتی کە لەگەڵ پەیڕەوەکەدا: "بڕگەیەکی نوێ کراوەتەوە بۆ گونجاندن و هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی دیکە، دەسەڵات بە سەرکردایەتیی گشتی دراوە لە دواییدا ئەو هەموارانە لە پەیڕەودا بکات".

## کۆنگرەیەکی بێ میوان

پێش کۆنگرەکەی ئەمجارە، یەکێتی سێ کۆنگرەی لە ساڵەکانی 1992، 2001 و 2010دا بەستبوو کە لە هەرسێکیاندا جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی حزبەکە هەڵبژێردرا.

لە کۆنگرەی ڕابردوودا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەستی ڕاستی مام جەلال دانیشتبوو، نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراقیش لە دەستی چەپی. چەندین کەسایەتی حیزبی کوردی و عێراقی و بیانی لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا لەنێو هۆڵەکە دەبینران، بەڵام ئەم کۆنگرەیە بێ میوان بوو.

لەتیف شێخ عومەر هۆکاری ئەمەی ڕوونکردەوە و گوتی "چەند هۆکارێکی هەبوون، یەکێک لەوانە لە بەرەبەری کۆتایی ساڵدا بووین و میوانی بیانی دەبێ پێشتر پەیوەندییان پێوە بکەی و سەیری کاتی خۆیان بکەن و ئەوەش بەم درەنگە نەدەکرا". لەتیف شێخ عومەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان دوای کۆنگرە لە خزمەتی حیزب و لایەنەکاندا دەبن بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆنگرەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

## کۆنگرە دژی تەزکیە بوو؟

لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا، سێ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی یەکلاکرانەوە کە بریتی بوون لە بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێواس فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. هەڵبژاردنی ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەنی گشتی بۆ ئەمڕۆ دووشەممە دواخرا، کە تێیدا 450 کەس بەربژێرن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار، بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوی، بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا کرد کە شەوی یەکشەممە کۆمەڵێک کۆبوونەوە دەکرێ و هەوڵدەدرێ ژمارەی بەربژێرەکان کەم بکرێنەوە.

دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لەسەر ئەو سێ کەسەی بۆ ئەندامی سەرکردایەتیی گشتی هەڵبژێردراون نارەزایەتی لە کۆنگرەدا هەبووبێ. لەتیف شێخ عومەر ڕەتی نەکردەوە کە ناکۆکی لەوبارەوە هەبووە و گوتی: "ئەوە ناوی نارەزایەتی و نیگەرانی نییە، بەڵکو ڕای جیاوازە، ئەوەی بەلای ئەندامێکی کۆنگرەوە ڕەوایە بەلای ئەندامێکی دیکەوە ڕەوا نییە، هەر لایەنێکیش پاساوی خۆی هەیە".

د. بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق و جێگری دووەمی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بەهۆی ڕووداوەکانی عێراقەوە لە ڕۆژی دووەمی کۆنگرەدا بەشدار نەبوو. د.بەرهەم ڕۆژێک پێشتر ئەندامێتی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی مسۆگەر کرد. بەڵام پرۆسەکە بێ کێشە نەبووە و د.بەرهەم بە دوو جار دەنگدان و بە "تەزکیە" ئینجا توانیویەتی ئەو پلە حیزبییە بەدەستبهێنێ.

بەپێی وادەی دەستووری، سەرۆککۆماری عێراق دەبووایە هەتا سەعات 12ی شەوی یەکشەممە 22ی کانوونی یەکەم بەربژێرێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق دیاری بکات. بەپێی سەرچاوەکانی (ڕووداو)، ناکۆکییەکی زۆر لەبارەی بەربژێرەکەوە لەنێوان لایەنە شیعییەکاندا هەیە، هەر بۆیە وادەی دەستنیشانکردنی بەربژێری پۆستەکە بۆ ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو درێژ کرایەوە.

یەکێک لەو کەسانەی کە دەگوترێ دژی پرۆسەی هەڵبژاردنی د.بەرهەم ساڵح بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی بووە، شاناز ئیبراهیم ئەحمەدە. محەممەد وەتمان ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لەبارەی ڕەخنەی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد لە بەرهەم ساڵح گوتی: "شاناز هەمیشە ڕەخنەی گرتووە، ئەو کەسانە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە هەڵبژێردراون، ڕەخنەکەی شاناز خان لەجێی خۆیدا نییە، چونکە شاناز خان تەنیا یەک کەسە و جگە لەو 999 ئەندامی دیکە بەشدارییان کردووە. ئەو کەسانە بە دەنگی ئەو ئەندامانە هەڵبژێردراون نەک بە تەزکیە".

## بەرهەم ساڵح لە کوردستانیش دەبێت بە سەرۆک؟

بەرهەم ساڵح لە هاوینی 2017 جیابوونەوەی خۆی لە یەکێتی نیشتمانی ڕاگەیاند و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری ڕاگەیاند. بەڵام دوای ساڵێک لە دامەزراندنی ئەو هاوپەیمانییە، د.بەرهەم جارێکی دیکە گەڕایەوە ناو یەکێتی و بوو بە کاندیدی ئەو حیزبە بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق. سەرەڕای ئەو دابڕانە یەک ساڵییە، لە ڕۆژانی پێش کۆنگرەی یەکێتی بە یەکێک لە ڕکابەرە سەرەکییەکان بۆ کەسی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی لەقەڵەم دەدرا".

دوو سەرچاوەی ناو کۆنگرەی یەکێتی کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکەوە نەیانویست ناویان ئاشکرا بکرێ، بە (ڕووداو)یان گوت کە مشتومڕەکان لەبارەی کەسی یەکەم بەردەوامن، هاوکات جەختیان لەوە کردەوە کە بەپێی دۆخی دوو ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە بێ، ئەوە پێگەی د.بەرهەم لە کۆنگرە لاوازە، یەکێک لە سەرچاوەکان گوتی: "چانسی د.بەرهەم بۆ بوون بە سەرۆکی یەکێتی هەر زۆر کەمە".

ئەو سەرچاوانەی کە قسەیان بۆ (ڕووداو) کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کوتلەی د.بەرهەم زۆر لاوازە، لە کاتێکدا یەکێک لە سەرچاوەکان ئەوەی خستەڕوو کە لاهوور شێخ جەنگی، بافڵ تاڵەبانی و ڕەفعەت عەبدوڵڵا و ڕزگار عەلی "خەتەکەیان نزیکە"، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بافڵ تاڵەبانی لەبری پۆستی جێگری سەرۆک/ سکرتێر هەوڵی بەدەسهێنانی پۆستی یەکەمی حیزب دەدات.

گوتەبێژی یەکێتی لەبارەی ئەگەری بوونی د.بەرهەم ساڵح بە سەرۆک/سکرتێری حیزبەکەی، گوتی: "دیاریکردنی سەرۆک و جێگرەکانی سپێردراوە بە ئەنجوومەنی

> هەتا ئێستا پەیڕەوی ناوخۆ هەر ڕەشنووسە و قابیلی گفتوگۆ و گۆڕینە
>
> جەعفەر شێخ مستەفا:

سەرکردایەتی گشتی، ئەوە لە دەسەڵاتی ئەواندایە، ئیدی نازانم کاک بەرهەم خۆی هەڵدەبژێرێ یان نا".

## کۆنگرە درێژە دەکێشێ

چاوەڕێ دەکرا کۆنگرەی یەکێتی هەتا درەنگانی ڕۆژی یەکشەممە کۆتایی بێ، بەڵام ماوەکەی بۆ ڕۆژێکی دیکەش درێژکرایەوە. لەتیف شێخ عومەر هۆکاری تەواونەبوونی کۆنگرە لە ڕۆژی یەکشەممە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "دەنگدانەکە لەسەر ئەساسی سەرکردایەتی شارەکان کاتێکی زیاتری دەوێ، پێموایە پرۆسەکە سبەی کۆتایی دێ".

یەکێک لە سەرچاوەکانی ناو کۆنگرە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەستەمە هەتا ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەش هیچ شتێک یەکلابێتەوە". بەدووریشی نەزانی کۆنگرە هەتا سێشەممەش درێژە بکێشێ.

هەڵۆ حەسەن ڕەخنەی لە ماوەی

> ڕەخنەکەی شاناز خان لە بەرهەم ساڵح لەجێی خۆیدا نەبوو
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:

کۆنگرەکە هەیە و دەڵێ: "من خۆم ئەندامی هەرسێ کۆنگرەی یەکێتی بووم، زۆر موناقەشە لەسەر یەک بە یەکی بڕگەکانی پەیڕەو دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو مەجالەیان نەهێشتووەتەوە و سپاردوویانە بەو ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەی هەڵدەبژێردرێ".

لە کۆنگرەی ئەمساڵی یەکێتی نیشتمانیدا تەنیا هەر تاڵەبانی غایب نەبوو، بەڵکو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوژینیشی نەهاتە هۆڵی کۆنگرە. گوتەبێژی یەکێتی لەوبارەوە گوتی "لەڕاستیدا نەمبینی بەشدار بێ، ڕەنگە هۆکارەکەی پەیوەندی بە بارودۆخی تەندروستییەوە هەبێ".

بەختیار تاڵەبانی لەبارەی هەمان بابەتەوە دەڵێ: "هێرۆ خان بەشداری کۆنگرەی نەکردووە و لە حاڵەتی ئەلزەهایمەردایە، شت لەبیر دەکات و دۆخی تەواو نییە، ئەو هەمان دۆخی مام جەلالی تووش بووە".

## دەرکردن لە کۆنگرە

مهاباد شێخ محەممەد ئەمین، ئەندامی کۆنگرەی یەکێتی و بەربژێر بۆ ئەنجوومەنی گشتی لە سنووری شارەزوور، ڕێگری لێکرا لە کۆنگرەی چوارمدا بەشداری بکات، هۆکارەکەشی بۆ هەڵوێستی سیاسیی د.فایەق گوڵپیی هاوژینی گەڕاندەوە، کە پێشتر یەکێتیی بووە، بەڵام وازی لەو حیزبە هێنا و ئێستا نزیکی پەکەکەیە.

مهاباد شێخ محەممەد کە بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنە لە مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕۆژێک پێش کۆنگرە بە فەرمی وەک یەکێک لە بەربژێرەکانی سنووری بازنەی شارەزوور بۆ ئەنجوومەنی گشتی دیاریکراوە و کۆدی ژمارە 17ی پێدراوە، بەڵام ڕۆژی شەممە بە فەرمانێک "مافی ئەندامێتی لە کۆنگرە"یان لێسەندووەتەوە.

پێشتر فایەق گوڵپی ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە مهاباد شێخ محەممەد لەسەر داوای تورکیا لە کۆنگرە لادراوە. لەتیف شێخ عەمەر، گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانی، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێموایە ئەم بابەتە پەیوەندی بە حزبەوە هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە"، جەختی لەوەش کردەوە کە "دەکرێ دواتر یەکێتی لە سکاڵاکەی بکۆڵێتەوە و هەقی خۆی بۆ بگەڕێندرێتەوە".

ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی یەکێتی دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە بەشداریی فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە کۆنگرەی یەکێتی ڕەتکراوەتەوە. بەڵام کاربەدەستەکەی پێشووی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە گوتی: "لە گوڵ کاڵتریان پێ نەگوتووم" جەختی لەوەش کردەوە کە "پێشتر بڕیارم وابوو بۆ چەند سەعاتێک بەشداری بکەم و بەشداری گفتوگۆکان نەکەم".

مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند:" هیچ کێشەیەک نەبووە، کاک فەرەیدوون خۆی گوتی من دوو سەعات دادەنیشم. دوو سەعاتەکە دانیشت و هەستا. کاک فەرەیدوون وەک وەفایەک بۆ یەکێتی هاتبووە کۆنگرەکەی و ڕۆیشت". گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانیش لەبارەی هەمان بابەت جەختی لەوە کردەوە کە ئەوەی لەبارەی بەشداریی فەرەیدوون عەبدولقادر لە کۆنگرە دەگوترێ "هیچ بنەمایەکی نییە".

## هەیکەلی داهاتووی یەکێتی

یەکێک لەو پرسیارانەی کە لە ڕۆژانی پێش بەستنی کۆنگرەدا دەکرا، پەیوەندی بە هەیکەلی نوێی یەکێتی نیشتمانی و دەسەڵاتداری هەرەباڵای حیزبەکەوە هەبوو دوای کۆنگرەی چوارەم. لە پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانیدا، کە بڕیارە دواتر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی هەمواری بکاتەوە، تەنانەت ناونیشانی کەسایەتی هەرەباڵای حیزبەکەش یەکلانەکراوەتەوە و بە هەردوو ناوی سەرۆک/سکرتێر ناوی دەهێنرێ.

لە کاتی نەخۆشییەکەی جەلال تاڵەبانی و دواتریش کۆچی دوایی، یەکێتی نیشتمانی تووشی دەستەگەرییەکی کوشندەی نێوخۆیی بوو، بە جۆرێک بەڕوونی دیار نەبوو کێ بڕیاردەرە. گوتەبێژی یەکێتی لەبارەی هاودەنگیی یەکێتی لەدوای کۆنگرە دەڵێت، دوای کۆنگرە "هەموو کەسێک دەزانێ بڕیار لەناو یەکێتیدا چۆن دەدرێ و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەزانن لەگەڵ کێ و چۆن مامەڵە بکەن".

بەڵام دۆخی پاش کۆنگرە زۆربەی جاران نارەزایەتی و دڵئێشانی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی کە لە کۆنگرەدا دەنگیان نەهێناوە، ئەوەش درزەکان گەورەتر دەکات. جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە سۆران لەوبارەوە دەڵێ: "ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان (بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتی) دەربکەوێ کە 400 کەس خۆیان بەبژێر کردووە، ئەوە لەو ژمارەیە 118 کەس دەردەچن، بۆیە نزیکەی 300 کەس دەمێنێتەوە کە گلەییان دەبێ".

لەتیف شێخ عومەر لەبارەی هەیکەلی نوێی حیزبەکەوە ڕایگەیاند: "لەم هەیکەلە نوێیەدا کە پەسەندکراوە، ناوێک و ئۆرگانێکمان نابێ ناوی مەکتەبی سیاسی بێ، بەڵکو سەرکردایەتی و دەستەی کارگێڕیی سەرکردایەتیمان هەیە، تاوەکو ئێستا هەر ئەوەمان هەیە و ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نامێنێ".

# مۆسکۆ بۆ قبوڵکردنی هەسەدە گوشار دەخاتە سەر دیمەشق

## ڕووسیا بە هاوکاریی هەسەدە هێزێکی سەربازی دروست دەکەن

سکرتێری پارتی چەپی کورد لە سووریا:

**ڕووداو- هەولێر**

ڕووسیا داوا لە سووریا دەکات هێزەکانی سووریای دیموکرات بە تایبەتمەندیی خۆیەوە قبوڵ بکات. بەرپرسێکی پەیەدەش دەڵێت ڕووسیا بێ گوێدانە هیچ لایەنێک ئەوەی بیەوێ دەیکات.

"ڕووسیا گوشار لە سووریا دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هەسەدە ڕێکبکەوێت" ئەمە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بابەتی گەرمی سۆشیاڵمیدیای کوردی بوو لە ڕۆژئاوای کوردستان. ماڵپەڕی کەناڵی (ئەلعەرەبیە) ڕۆژی 19ی کانوونی یەکەمی 2019 ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوە و لە زاری سەرچاوەیەکی کوردەوە بڵاوی کردەوە "حکومەتی دیمەشق ڕووبەڕووی گوشاری ڕووسیا بووەتەوە بۆ قبوڵکردنی هەسەدە لەناو سوپای سووریادا بە تایبەتمەندیی خۆیەوە".

بەگوێرەی ئەلعەرەبییە: "حکومەتی ئەسەد هەست بە ترسێکی گەورە دەکات، نیگەرانە لە هاوکاریی نێوان پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا و هەسەدە و دەخوازێت سوپای وڵاتەکەی جێی هەسەدە لە ڕۆژهەڵاتی فورات بگرێتەوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی گوت کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو شاندێکی ڕووسی و مەزڵوم عەبدی فەرماندەی گشتیی (هەسەدە) دوور لە چاوی کامێراکان کۆبوونەتەوە. ڕووسەکان لەو کۆبوونەوەیەدا نیگەرانیی خۆیان لە سەردانی عەلی مەملووک، بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی نیشتمانیی سووریا بۆ قامشلۆ و کۆبوونەوەی لەگەڵ هۆزە عەرەبییەکان بە فەرماندەکەی هەسەدە ڕاگەیاندووە و گوتوویانە: "مەملوک ناتوانێ بەم دانیشتنانە هاوسەنگی بگۆڕێت".

سەرچاوەکە دەشڵێت: "ڕووسیا هەسەدەی دڵنیا کردووەتەوە کە لەمەودوا ئەوان خۆیان بەشداری لە گفتوگۆی نێوان بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و دیمەشق دەکەن، بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی گوشار بۆ سەرخستنی گفتوگۆکان".

ڕووسەکان هەروەها بە هەسەدەیان گوتووە: "ڤلادیمیر پوتین هاتووەتە سەرخەت و داوای لە بەشار ئەسەد کردووە گفتوگۆ لەگەڵ کورد بەجدی بگرێت، پێویستە لە زووترین کاتدا مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی سووریادا چارەسەر بکرێت".

ئەو سەرچاوەیە لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: "ئێستا ڕووسیا بە هاوکاریی هەسەدە هێزێکی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی فورات و منبج دروست دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆلیسی سەربازیی ڕووسیا لە ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیادا بسووڕێنەوە".

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، هاوبەندی نیشتمانیی کورد لە سووریا (هاڤبەندی) کە لە پێنج حیزبی کوردی پێکهاتووە، دوای گەڕانەوەیان لە هەرێمی کوردستان، سەردانی مەزڵوم عەبدی فەرماندەی گشتیی هەسەدەیان کرد.

ساڵح گەدۆ، سکرتێری پارتی چەپی کورد لە سووریا کە یەکێکە لە سەرکردەکانی (هاڤبەندی)، دەنگۆی گوشاری ڕووسیای لەسەر سووریا پشتڕاستکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئاماژەکان و ئەو زانیاریانەی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دزە دەکەنە دەرەوە، ڕووسیا گوشار لە ڕژێم دەکات بۆئەوەی هەسەدە بە تایبەتمەندییەکانیەوە قەبوڵ بکات. ڕۆژی چوارشەممە شاندێکی ڕووسی لەگەڵ هەسەدە کۆبووەتەوە. ڕووسیا بە هاوکاریی هەسەدە لە ناوچەکەدا هێزێکی سەربازی دروست دەکەن".

گەدۆ لە درێژەی قسەکانیدا، هۆکاری ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستی ڕووسیا بۆ زیاتربوونی هەماهەنگیی نێوان ئەمریکا و هەسەدە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: "ئێستا سوپای ئەمریکا زیاتر لە جاران هەماهەنگی لەگەڵ هەسەدە دەکات. ڕووس دەخوازن کارتەکان لە دەستی ئەمریکا دەربێنن، هەروەها پێگەی ڕژێمیش لاوازە، ڕووسیا ناتوانێ پشتی پێ ببەستێ".

هەر لەوبارەوە نەسرەدین ئیبراهیم کە سەرکردەیەکی دیکەی (هاڤبەندی)یە، دەڵێت: "ڕووسیا هەوڵدەدات کێشەی کورد لە سووریا لە ڕێگای دانوستاندنی ڕاستەوخۆ و بە چاودێریی خۆی چارەسەر بکات، گوشار لە سووریا دەکات بۆ ئەوەی وەڵامی مافەکانی کورد لە ڕووی ئەتنیکی، کولتووری و ئیداری بداتەوە".

هەسەدە ڕێکخراوترین هێزی سووریایە، زۆربەی هێزەکە لەلایەن هاوپەیمانانەوە مەشقیان بینیوە، لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریشدا ئەزموونی زۆریان پەیدا کردووە.

غەریب حەسۆ، هاوسەرۆکی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی (تەڤدەم) دەڵێت: "هەرچەندە ڕووسیا بەرژەوەندی لەگەڵ ڕژێم هەیە، بەڵام کاتێک چارەسەرییەک لە نێوان ڕژێم و خۆسەری دیموکراتی بەدی نەیەت، ئەوکاتە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیاش جێبەجێ نابێت. بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، پێویستیان بە ڕێککەوتنی کورد و ڕژێمە".

حەسۆ گوتیشی: "بەر لە چەند ڕۆژێک ڕووسیا ڕایگەیاندووە، هەسەدە جێگرەوەی سوپای عەرەبیی سووریایە. توانای هەیە و هێزێکی ڕێکخراو و خاوەن ئەزموونە".

بە بڕوای یەکێک لە بەرپرسانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەمریکا پێویستی بە نەوتی سووریا و داهاتەکەی نییە "بەڵکو دەخوازێت داهاتەکەی لەدەست خۆی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی وەکو کارتێک وڵاتانی دیکە ملکەچی حیساباتی خۆی بکات. ئەمریکا بۆ گەرەنتیکردنی بەرژەوەندی ڕووسیا لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەڕووی سەربازییەوە پشتگیریی کورد دەکات. چونکە ئێران و تورکیا لەناوچەکەدا نیەتی بەرفراوانبوونیان هەیە. بەتایبەتی تورکیا دوای تێپەڕبوونی 100 ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی (سیڤەر) لە ساڵی 1923، دەخوازێت لەناو وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە تورکزمانن، پەرە بە هەژموونی خۆی بداتەوە. ڕووسیا ئەم مەترسییە دەبینێ، بۆیە لەلایەک لەگەڵ ئەمریکا چرای سەوزی بۆ هەڵدەکات تا بێتە باکووری سووریا و نەپەڕێتە سەر مەلەفەکانی دیکە، لەلایەکی دیکەوە دەخوازێت لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات چەند بنکەیەکی سەربازی دروست بکات تا ببێتە هەڕەشە لەسەر تورکیا. دەستبەسەرداگرتنی فڕۆکەخانەی قامیشلۆ لەلایەن ڕووسیاوە ئاماژەیە بۆ ئەم ڕاستییە".

ئەو سەرچاوەیە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێت: "ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری ناوچەکە بکەین، ڕێککەوتنی دیمەشق و هەسەدە دەبێتە بیانوو بۆ مانەوەی زیاتری ڕووسیا لەناوچەکەدا و تورکیاش هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ".

بەدران چیا، جێگری هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر بۆ باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئاماژە بە دونیابینییەکی جیاوازی ڕووسیا دەکات لەبارەی کێشە بنبەستبووەکانی سووریا: "بەتایبەتی لە یەکخستنی هەسەدە و سوپای سووریا، ڕووسیا خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەیە. ڕووسیا دەخوازێت هەسەدە لەناو سوپای سووریادا خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بێت. بۆ ئەمەش هەوڵدەدات دیمەشق ڕازی بکات".

چیا، پێیوایە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی هەسەدە هێزێکی گەورە بە سووریا دەبەخشێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و داگیرکاری: "ڕووسیا سووریایەکی لاوازی ناوێ، سووریایەکی دەوێت هەژموونی بەسەر هەموو جوگرافیای وڵاتەکەیدا هەبێت. هەروەها دەیەوێ دامەزراوەی سەربازی بەشێوەیەک ڕێکبخاتەوە کە لەژێر دەستی خۆیدا بێت و لە ئاستێکدا بێ بتوانێ بەرەنگاری هێزە ڕادیکاڵەکان ببێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە هێزی دەرەکی بێت".

ڕووسیا بەرژەوەندیی گەورە و ئاڵۆزی لەگەڵ تورکیا هەیە، بەتایبەتی لە مەسەلەی فرۆشتنی سیستەمی مووشەکی ئێس 400 و دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی بۆ ئەورووپا لە ڕێگای تورکیاوە. ئاخۆ ڕووسیا هەنگاوێک دەنێ کە زیان لە پێگەی تورکیا لە باکووری سووریا بدات؟

ساڵح موسلیم، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەیەدە بە (ڕووداو)ی گوت: "وەکو پەیەدە ئاگادار نین ڕووسیا گوشاری لە ڕژێم کردبێت. ڕووسیا خۆی وەکو هێزێکی گەرەنتیدەر ناساندووە، بۆ ئەمە پێویستە گوشار لە ڕژێم بکات. ڕووسیا وڵاتێکی گەورە و خاوەن هێزە، ئەگەر شتێک بخوازێ، تورکیا ناچارە گوێی لێبگرێ و ملکەچی بێت".



ڕووسیا دەخوازێت هەسەدە لەناو سوپای سووریادا خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بێت

# داودئۆغڵو چی بۆ کورد پێیە؟

## لەگەڵ کورد دادەنیشین و ڕێکدەکەوین

ئەندامێکی کوردی پارتەکەی داودئۆغڵو:

## کە باسی داودئۆغڵو دەکرێت، کورد شەڕی خەندەقی نێو شارەکانی بەبیردێتەوە

نووسەرێکی کورد:



(فۆتۆ: AFP)

ئەحمەد داودئۆغڵو لەکاتی ڕاگەیاندنی پارتە نوێیەکەیدا

**ڕووداو- هەولێر**

خوێندنەوەی جیاواز بۆ مەسەلەی (پەروەردە بە زمانی دایک) دەکرێت کە ئەحمەد داودئۆغڵو لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی پارتە نوێیەکەی خۆیدا باسی کرد. هەندێک وەک "هەنگاوێکی بوێر" لێی دەڕوانن و هەندێکی دیکە پێیانوایە دەچێتە "چوارچێوەی تاکتیکی سیاسی".

ڕۆژی 13ی ئەم مانگە ئەحمەد داودئۆغڵو، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا، کۆتایی بە مشتومڕێکی درێژ هێنا لەناو ڕای گشتیی تورکیادا سەبارەت بە جدیبوونی جیابوونەوەی لە ئاکەپە و دامەزراندنی پارتێکی نوێ. داودئۆغڵو بە ئامادەبوونی 154 ئەندامی دامەزرێنەر لە هۆتێلی (بیلکەند) لە ئەنقەرە، دامەزراندنی (Gelecek Parti- پارتی دواڕۆژ)ی لە مەراسیمێکدا ڕاگەیاند.

داودئۆغڵو لە قسەکانیدا داوای گەڕانەوە بۆ دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی، ڕێزگرتن، ئەخلاقی سیاسی، ئازادیی ڕاگەیاندن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کرد کە ئەمانە چاوەڕوانکراو بوون. بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو، قسەکانی بوو دەربارەی پەروەردە بە زمانی دایک کە گوتی: "پێویستە لە مەسەلەی پەروەردە بە زمانی دایک، ناسنامە و باوەڕ، بەرەنگاربوونەوەی دژایەتی مەزهەبی، دەوڵەت وەکو یەک نزیکی هەمووان بێت. بەکارهێنانی زمانی دایک لە شوێنە گشتییەکاندا پەیوەستبوونی هاووڵاتی بەهێزتر دەکات".

### کورد گومانی لە داودئۆغڵو هەیە!

داودئۆغڵو لە ساڵانی 2003 — 2009 گەورە ڕاوێژکاری هەردوو سەرۆکوەزیرانی تورکیا (عەبدوڵڵا گویل و تەیب ئەردۆغان) بوو. لە ساڵانی 2009 — 2014 وەزیری دەرەوە بوو. لە ئەیلولی 2014 تاوەکو ئایاری 2016 سەرۆکوەزیرانی تورکیا بوو. داودئۆغڵو بە ئەندازیاری سیاسەتی وڵاتەکەی لە هەمبەر قەیرانی سووریا دادەنرێ، لە ماوەی سەرۆکوەزیرانیی ئەودا، شەڕی نێو شار لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا هەڵگیرسا کە بە (شەڕی خەندەق) ناسراوە، بەو هۆیەوە چەندین شار و شارۆچکەی کوردی وێران بوون. هەربۆیە بەشێکی زۆری کورد بە گومانەوە گوێ لە قسەکانی دەگرن.

نەسرین ناس، ئەکادیمی و سیاسەتوانی پێشووی تورکیا لەبارەی دروشم و بەڵێنەکانی داودئۆغڵو بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای هەڵبژاردنی حوزەیرانی 2015، کاتێک ئۆپەراسیۆنی وێرانکردنی شارە کوردییەکان دەستیپێکرد، داودئۆغڵو سەرۆکوەزیران بوو. کورد قەدەغەکردنی هاتوچۆ، کوشتن و بەربەریەتی ئەو کاتەی لەبیر نەکردووە. لەهەمانکاتدا بۆ ئەوانەی چوونەتە ناو داعش، گوتی ئەوانە مێشکیان ئاڵۆز بووە، بۆ ئەوەی داعش لە کۆمەڵکوژیی سوروج و ئەنقەرە بە بەرپرسیار لە قەڵەم نەدرێت، دەستەواژەی (کۆکتێل تیرۆر)ی بەکارهێنا. هەر داودئۆغڵو ئەندازیاری سیاسەتی ئەمڕۆی تورکیایە لە سووریا. کورد بە ئاسانی ئەمە لەبیر ناکات".

"خوێندن بە زمانی دایک" لە دیارترین ئەو بەڵێنانەن کە داودئۆغڵو داویەتی، بەڵام شارەزایان پێیانوایە ئەمە تینوێتیی کورد ناشکێنێ.

جەعفەر سۆڵگون، نووسەری کوردی دێرسیمی دەڵێت: "کاتێک باسی داودئۆغڵو دەکەن، کورد ئۆپەراسیۆنی خەندەقی بەبیر دێتەوە، سیاسەتی سووریای بیردێتەوە. لەبەر ئەوە ئاساییە ئەگەر کورد زۆر گرنگی بە قسەکانی خۆی و پارتەکەی نەدات".

سەبارەت بە گرتنەدەستی دەسەڵات، سۆڵگون دەڵێت: "لەوانەیە بتوانێ ئاکەپە لە دەسەڵات دووربخاتەوە، بتوانێ ئەردۆغان لەسەر کورسیەکەی دەربکات، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست".

لەناو لیستی ئەندامانی دامەزرێنەری پارتەکەی داودئۆغڵودا، چەند کەسایەتییەکی کورد هەن کە پێشتر لە نێو ئاکەپە پۆستیان هەبووە. یەکێک لەوانە بایرام زیلان، پەرلەمانتاری پێشووی ئاکەپە و خەڵکی ئامەدە. زیلان لەبارەی هەڵوێستی پارتەکەی لە چارەسەری کێشەی کورد بە (ڕووداو)ی گوت: "سیاسەتی ئاکەپە ئەزموونێکە، ڕێزدار داودئۆغڵو سوودی لێدەبینێ. دەبێت لە مەسەلەی چارەسەریدا خۆی بەدوور بگرێت لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی سەردەمی ئاکەپە. ئێمە دەخوازین ئەم مەسەلەیە بەتەواوەتی لە ڕۆژڤی تورکیادا دەرخەین و چارەسەری بکەین".

هەروەها دەڵێت: "لەگەڵ کورد دادەنیشین و ڕێکدەکەوین. پێشتر تەنیا لەگەڵ پەکەکە گفتوگۆ کراوە، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، خەڵک لەمە نیگەران بوون".

لەبارەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی داودئۆغڵو دەکرێن لەو ڕووداوانەی کە ئەوکات ئەو سەرۆکوەزیران بووە، زیلان دەڵێت: "لەکاتی شەڕی خەندەقدا زۆر هەوڵی دا زیان بە سڤیل نەگات. هەندێک دەخوازن حوکمی ناڕاست لەبارەی ڕێزدار داودئۆغڵو بدەن. لەو ڕووداوانەدا وەکو ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان عەقڵی کۆنی دەوڵەت باڵادەست بوو".

زیلان متمانەی بە داودئۆغڵو هەیە پرسی کورد چارەسەر بکات و دەڵێت: "ئەم پرسە وەکو ڕابردوو بە هەڵخەڵەتاندن و بەکارهێنانی زمانی برایەتی چارەسەر ناکرێ. پێموایە ڕێزدار داودئۆغڵو دەتوانێ لەم چوارچێوەیەدا هەموو لایەنەکان ڕازی بکات و مەسەلەکە بگەیەنێتە کەناری چارەسەری".

قسەکانی داودئۆغڵو لەبارەی پەروەردە بە زمانی دایک لەم ساتەوەختەدا کە دیموکراسی و ئازادی لە تورکیا تەواو پاشەکشەی کردووە، بایەخی خۆی هەیە و دوور نییە بۆ شکاندنی ئەو ترسەی دەسەڵاتی ئاکەپە دروستی کردووە، ببێتە سەرەتایەک. هەروەها جگە لە هەدەپە پارتەکەی داودئۆغڵو لە مێژووی کۆماری تورکیادا دەبێتە یەکەمین پارتی سیاسی کە بە ئاشکرا پشتگیری لە مافی پەروەردە بە زمانی دایک دەکات.

یڵدرای ئۆغور، نووسەری تورک پێیوایە لەو سەردەمەی داودئۆغڵو سەرۆک وەزیر بووە، کاری گرنگی بۆ چارەسەری کێشەی کورد کردووە: "بەرگری لە پرۆسەی چارەسەری کرد، لە نەرمکردنەوەی بارودۆخەکە لەدوای ڕووداوەکانی کۆبانێ و ڕێککەوتنی دۆڵمەباخچە ڕۆڵی کارای بینیوە. بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی چارەسەری چەندین کۆبوونەوەی کرد".

هەروەها دەڵێت: "لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی پارتەکەیدا دەربارەی کێشەی کورد باسی شتی گرنگی کرد کە ئەوە یەکەمین جارە پارتێکی تورکیا باسی دەکات. لە تورکیا قسەکردن لەبارەی کێشەی کورد ئاسان نییە. لە پرۆگرامی پارتەکەیدا ناوی کێشەی کورد دێنێت و بەشێکی تایبەت هەیە کە باسی وردەکارییەکانی ئەم کێشەیە دەکات. بەڵێنی (هاووڵاتیی دیموکراتیانە) دەدات. پێیوایە کێشەی کورد کێشەیەکی مێژووییە و کێشەی تیرۆر نییە کە ئەمەش بۆ تورکیا لێکدانەوەیەکی بەنرخە".

ئەو نووسەرە پێیوایە داودئۆغڵو لەگەڵ عەلی باباجان دەتوانن هاوسەنگیی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بگۆڕن "بەتایبەتی موحافەزەکارانی کورد کە هێشتا دەنگ بە ئاکەپە دەدەن، بە وردی چاودێری داودئۆغڵو دەکەن".

نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی کورد (ئیلهامی ئیشق) پێیوایە هەر پارتێکی نوێی سیاسی دروست ببێ، ناتوانێ پەیوەست بە کورد ڕۆڵێکی نەرێنی بگێڕێت. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "دامەزراندنی ئەم پارتە بۆ کورد دەبێتە سەرەتایەک بۆ کەمکردنەوەی ئەو زوڵم و نادادییەی لە بەرامبەر کورد هەیە".

هەروەها دەڵێت: "وەکو هەنگاوی دەستپێک شتێکی باشە، پارتێکی موحافەزەکار بەرگری لە مافی خوێندن بە زمانی دایک دەکات، لەناو ئاکپارتیدا بەرگری لە زمانی دایک نەکراوە. ئەمە جیاوازییەکی گەورە و گرنگە. سیاسەتی کوردی لە تورکیا لە هەموو شتێک زیاتر چاوی لەسەر زمانی دایکە".

# سندووقی ژینگە 11 ساڵە دانراوە و بە سێ جۆر داهاتەوە بەتاڵە

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

"سندووقی ژینگە" نزیکەی 11 ساڵە دانراوە و چەند وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی پاراستنی ژینگەوە پارە لە خەڵک وەردەگرن، بەڵام پارەکە ناچێتە ناو سندووقەکەی ژینگە و بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە خەرج ناکرێتەوە. ئەم فەرمانگەیە چیرۆکی شکستێکە، هەروەها دەرخەری ئەو واقیعەشە کە پرسی ژینگە لە سیاسەتی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هیچ کاتێک پرسێکی گرنگ نەبووە لە کاتێکدا ئەم پرسە لە دنیادا خەریکە دەبێتە پرسی یەکەم.

## "نازانین داهاتمان چەندە و چۆن خەرج دەکرێ"

هەندرێن شێخ راغب، گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەڵێت بێجگە لەو سزایانەی دەستەکەیان لەکاتی سەرپێچییە ژینگەییەکانی کارگە، پاڵاوگە و نەخۆشخانەکان وەریدەگرن، چەند وەزارەتێکیش بەناوی ژینگەوە پارە وەردەگرن، لەوانە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، شارەوانییەکان، گومرگ و خاڵە سنوورییەکان، هەموو پارەکەش دەچێتە خەزێنەی حکومەت.

دەستەی ژینگە نازانن داهاتەکان چەندن و چۆن خەرج دەکرێن، خۆشیان بە بەرپرسیار نازانن لێی.

هەندرێن شێخ راغب دەڵێ: "وەزارەتی دارایی داهاتەکان بۆ خۆی دەبات، یەک دینار بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە خەرج ناکرێ، بۆیە نازانین داهاتەکانی ژینگە چەندن؟ چۆن خەرج دەکرێن؟ خۆشمان لە بەرامبەر خەرجکردنی پارەکان بە بەرپرسیار نازانین".

> **نازانین داهاتمان چەندە و لە خەرجکردنیشی بەرپرسیار نین**
> گوتەبێژی دەستەکە:

بەپێی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2008 سندووقێک بۆ کۆکردنەوەی داهاتە ژینگەییەکان دانراوە، بەڵام سندووقەکە یەک دیناری تێدا نییە.

عەبدولڕەزاق خەیلانی، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کاروباری هونەری لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سندووقی پاراستن و چاککردنی ژینگە بەپێی ماددەی 10ی یاساکە دروستکراوە، بەڵام 11 ساڵە یەک دیناریش لەو سندووقە دانەنراوە".

لەبارەی داهاتەکانی سندووقەکەش دەڵێ: "سندووقەکە سێ جۆر داهاتی هەیە، یەکەم: ئەو پارەیەی لە بودجە بۆی دابین دەکرێ. دووەم: هاوکاریی دەوڵەتان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کە پێشکەش دەکرێن، لەو دوو داهاتە تا ئێستا یەک دیناریش بۆ سندووقەکە دانەنراوە. داهاتی سێیەمیش ئەو پێبژاردنە ژینگەییانەیە کە بەپێی یاسا لە کارگە، پاڵاوگە و شوێنەکانی دیکە وەردەگیرێن، بەڵام هەموو ئەو داهاتانەش دەگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی و هیچی بۆ ئێمە نییە".



بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، شارەوانییەکان، گومرگ و خاڵە سنوورییەکان، بەناوی ژینگەوە پارە وەردەگرن

هەیکەلی ئەم دەستەیە لە فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی و یاسایی، فەرمانگەی کاروباری هونەری، فەرمانگەی هۆشیاری و ڕاگەیاندن و پێنج بەڕێوەبەرایەتی لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین پێکهاتووە. بەڕێوەبەری فەرمانگەی هونەریی دەستەکە دەڵێت: "نەسریەکەمان تەنیا 9 ملیۆن دینارە کە هەر بەشی خەرجیی مانگانەی گاز و بەنزین و هاتوچۆ دەکات".

گوتەبێژی دەستەکەش دەڵێ: "بێجگە لەو نەسریە کەمە، پارەمان نییە بیدەین بە چاپچییەکیش، بۆ سیمینار و وۆرکشۆپێکیش دەبێت نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی بکەین، ئەویش ئەگەر بۆمان خەرج بکەن".

ژمارەی فەرمانبەرانی دەستەکە نزیکەی 110 کەسە، بە پێنج بەڕێوەبەرایەتییەکەشەوە نزیکەی 500 فەرمانبەری هەن، عەبدولڕەزاق خەیلانی پێیوایە هێشتا ژمارەی فەرمانبەرانیان کەمە و دەبوو دوو ئەوەندە بێت. یەکێ لە کێشە گەورەکانی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە کەمتر لە 4%ی کارمەندەکانی پسپۆڕییان لە بواری ژینگە هەیە، ئەوان دەڵێن چەندین جار داوایان کردووە فەرمانبەری پسپۆڕیان بۆ دابمەزرێنن.

ساڵانە حکومەت سەدان ملیۆن دینار بۆ کرێی باڵەخانەکانی دەستەی ژینگە خەرج دەکات.

وەک بەڕێوەبەری فەرمانگەی هونەریی دەستەکە دەڵێت: "ساڵی 2013 دەست بە دروستکردنی باڵەخانەیەکی نوێ بۆ دەستەکە کرا و 50%ی کارەکانی تەواو بوو، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە ڕاگیرا، ئێستا دەستەکە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر، گەرمیان، ڕاپەڕین لە باڵەخانەی کرێدان و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە ملیاران دینارمان داوە بە کرێ کە دەکرا بیناکەی خۆمانی پێ تەواو بکەین".

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە تەنانەت باڵەخانەکانی خۆیشی مەرجی ژینگەییان تێدا نییە.

هەندرێن شێخ راغب دەڵێ: "باڵەخانەی دەستە لە هۆتێلێکدایە کە هیچ تایبەتمەندییەکی ژینگەیی نییە و شوێنەکەشی نەگونجاوە، ئێستا دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە خۆی پیسکەری ژینگەیە".

لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی ژینگە هەڵوەشێنرایەوە و کرا بە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، بۆیە دەسەڵاتەکانیشیان کەمکرانەوە، لە چوار کابینەی ڕابردووشدا سەرۆکی دەستە بەشداریی هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی نەکردووە.

عەبدولڕەزاق خەیلانی دەڵێ: "بەهۆی هەڵوەشاندەوەی وەزارەت و کردنی بە دەستە، دەسەڵاتەکانمان کەمبوونەوە، سەرۆکی دەستە ناتوانێت بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، تاوەکو لەوێ کێشەکانی تایبەت بە ژینگە گەنگەشە بکرێن".

بەگوتەی بەڕێوەبەری کاروباری هونەریی دەستەکە، دەرنەکردنی ڕێنماییش یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانیان: "ئەنجوومەنی وەزیران ڕێگە نادەن ڕێنمایی دەربکەین، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە تەنیا دوو ڕێنمایی هەیە، ئەوانیش ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2013 و ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2015ن، ساڵی 2017 چوار ڕێنماییمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی، کەچی دوو ساڵە وەڵامیان نەداوینەتەوە، ئێستاش هەشت ڕەشنووسی ڕێنماییمان ئامادەیە، یەکێکیانمان ناردووە بۆیان کە تایبەتە بە چۆنیەتی وەرگرتن و خەرجکردنی داهاتی سندووقی ژینگە، بەڵام وەڵامی ئەویشیان نەداوەتەوە".

## حکومەت و پەرلەمان ئاگادارن

# نەخۆشخانە حکومییەکان مووچەی کارگوزارەکان دەخۆن

شکار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

لە نەخۆشخانە حکومییەکانی سلێمانی بەشێک لە مووچەی ئەو کارگوزارانە دەخورێت کە نەخۆشخانەکان پاک دەکەنەوە. کارگوزارێک دەڵێ چەندین جار سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

کارمەندێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کە نزیکەی پێنج ساڵە لەو نەخۆشخانەیە کاردەکات و لە ترسی لەدەستدانی کارەکەی نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە چەند کارمەندێکین کە ماوەی چەند ساڵێکە لەو نەخۆشخانەیە وەکو کارگوزار کار دەکەین. لە ساڵی 2018ـەوە چەند کارگوزارێکی عەرەبیان هێناوە بە مووچەیەکی کەمتر لەوەی پێشتر وەرماندەگرت کاریان پێدەکەن، ئێستا کارگوزارە کوردەکانیشیان ناچار کردووە بەهەمان پارە کاربکەن و واژۆش لەسەر مووچەکەی پێشوویان بکەن".

لەبارەی ئەو بڕە پارەیەش کە لە کارگوزارەکانی دەبڕن، دەڵێت: "ئەوانەی یەک شیفت کار دەکەن مووچەکەیان 294 هەزار دینارە، ئەوانەشی دوو شیفت کار دەکەن مووچەکەیان 590 هەزار دینارە، بەڵام 400 هەزار دیناریان دەدرێتێ، لە کاتێکدا واژۆی وەرگرتنی 590 هەزار دیناریان پێدەکرێ".

بەگوتەی ئەو کارگوزارە، لە هەموو نەخۆشخانە حکومییەکان ئەم جۆرە مامەڵەیە هەیە "زۆربەی کارگوزارەکان ئەو کێشانەیان هەیە، بەڵام لە ترسی لەدەستدانی کارەکانیان قبوڵی دەکەن.



چەندینجار ئەم سکاڵایەمان گەیاندووە بە پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، بەڵام هیچ بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەک نەکراوە".

لەبارەی ماوەی کارکردن و مامەڵەی بەرپرسەکانیان، ئەو کارگوزارە دەڵێ: "ڕۆژانە 16 سەعات کارمان پێدەکەن، مامەڵەی خراپیشمان بەرامبەر دەکرێت".

ئەندامێکی لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە ئەم حاڵەتە تەنیا لە سلێمانی نییە. شادی نەوزاد لەوبارەوە دەڵێت: "ئەم حاڵەتە لە هەولێر، سلێمانی و دهۆکیش هەیە، کارگوزار و کرێکاری نێو نەخۆشخانەکان لەلایەن بەرپرسەکانیانەوە خراپ بەکاردەهێنرێن، کاری زۆریان پێدەکرێت و مووچەی کەمتر لە مافی خۆیان پێدەدرێت".

گوتیشی: "کێشەی پێنەدانی مووچەی تەواو بە کارگوزار و کرێکاران تەنیا لە نەخۆشخانەکاندا نییە، بەڵکو لە سلێمانی کارگە هەیە زیاتر لە 3 ساڵە بیمەی کۆمەڵایەتی لە کرێکارەکانی دەبڕێت، یەک دیناریشی نەداوە بە حکومەت، کرێکارەکانیش ئەمە نازانن و وادەزانن بیمەیان بۆ کراوە لە حکومەت، ئەم کەیسە و کەیسی دیکەشمان لەبەردەستدایە و کاریان لەسەر دەکەین، هەروەها کرێکاری نەخۆشخانە حکومییەکان هەن کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و هەیانە زیاتر لە 16 سەعات کاری پێدەکرێت".

ئەو پەرلەمانتارە لەڕێگەی (ڕووداو)ـەوە داوا لە هەموو ئەو کارگوزار و کرێکارانەی دامودەزگا حکومی و ئەهلییەکان دەکات سکاڵاکانیان بگەیەننە ئەوان. شادی نەوزاد دەڵێ: "ئەمە ژمارە مۆبایلەکەمە 07708101795 هەر کارگوزار و کرێکارێکی دامودەزگا حکومی و ئەهلییەکان کێشەی هەیە، دەتوانێ پەیوەندیم پێوە بکات یان سکاڵاکانیان بگەیەننە لیژنەکەمان لە پەرلەمان، بەدواداچوونی تەواو بۆ کێشەکانیان دەکەین و مافەکانیان بۆ وەردەگرینەوە".

> **400 هەزار دینارمان دەدەنێ و واژۆی 590 هەزار دینارمان پێدەکەن**
> کارگوزارێک

> **ئەوانەی کێشەیان هەیە با پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن**
> پەرلەمان و بەرپرسانی وەزارەتی کار

بەشێک لەو کۆمپانیایانەی تەندەری پاککردنەوەی نەخۆشخانەکانیان وەرگرتووە و گرێبەستیان لەگەڵ حکومەت کردووە، مانگانە مووچەی کارمەندەکان نادەن. چۆمان فالح، سەرۆکی سەندیکای خزمەتگوزاری لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆمپانیا هەیە تەندەری لە نەخۆشخانە حکومییەکان وەرگرتووە، نزیکەی دوو مانگە مووچەی کارگوزار و کرێکارەکانی نەداوە، بۆیە کێشە و گرفتێکی زۆریان هەیە، ئۆباڵی هەموو کێشەکانیش لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی سلێمانییە".

لەبارەی ئەم کێشەیە، (ڕووداو) چەندینجار پەیوەندی بە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی و بەرپرسانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانییەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانیان نەدایەوە.

بەرپرسێکی سەندیکای کرێکارانی کوردستان پێیوایە حاڵەتەکانی نەدانی مووچەی تەواو کرێکارانیشی گرتووەتەوە.

عوسمان زیندانی، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا کۆیلایەتییەکی نوێ دروستبووە، کرێکار هەیە نیوەی مووچەکەی پێدەدرێت، کار بە خەڵکی خوار تەمەنی 18 ساڵ دەکرێ، بەتایبەت لە کەرتی تایبەتدا، کەرتی تایبەت بەبەرچاوی حکومەتەوە کرێکار دەهاڕێ".

بەرپرسانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێن بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو کرێکارانە دەکەن. عەبدولمەجید فەرەج، بەڕێوەبەری کار و نوێنەری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو دۆسیانە دەکەین کە کێشەیان هەیە، هەر کارگوزار و کارمەندێک کێشەی هەبوو، دەتوانێت بە ژمارە تەلەفۆنی (5500) کە ژمارەی هێڵی گەرمی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە، پەیوەندیمان پێوە بکەن".

عەبدولمەجید فەرەج گوتیشی: "ئێمە 21 لیژنەی پشکنینمان هەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی لیژنەکان فریای هەموو شوێنێک ناکەوین، ئەو کەیسانەش زۆرن کە دوای تۆمارکردنی سکاڵا دۆسیەکانمان ڕەوانەی دادگای کار کردووە و کێشەکانیان چارەسەر کراوە، قەرەبووش کراونەتەوە، خەڵک هەبووە هەمان کێشەی ئەو کارگوزارانەی هەبووە، پارەی کەمتر لە مووچەکەی خۆی پێدراوە، دوای ئەوەی سکاڵای لەلای ئێمە تۆمار کردووە، لەڕێگەی دادگای کارەوە زیاتر لە 20 هەزار دۆلاری بۆ گەڕاوەتەوە".

## هەندێکیان پتر لە دوو ساڵ بەسەر ماوەی یاساییاندا تێپەڕیوە

# دەستە و کۆمیسیۆنەکانی کوردستان بۆ گۆڕینی سەرۆکەکانیان چاوەڕێی پەرلەمانن

زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر

ماوەی یاسایی کارکردنی زۆربەی سەرۆکی دەستەکان لە هەرێمی کوردستان تەواو بووە، سەرۆکی هەندێک لەو دەستانە دەڵێن سەرووی خۆیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام وەڵام نەدراونەتەوە. بە گوتەی پەرلەمانتارێکیش بێت، دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی، قسە لەسەر بابەتی دەستەکان دەکرێت.

لە پێکهاتەی حکومەتدا جگە لە وەزارەتەکان، چەند فەرمانگە و دەستەیەکی نەبەستراو بە وەزارەتەکانەوە هەن، لەوانە دەستەی مافی مرۆڤ، دەستەی دەستپاکی، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، دیوانی چاودێریی دارایی، ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئەکادیمیای کوردی، دەستەی مین، دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و.. هتد.

ئەو دەستە و فەرمانگانە یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە و سەرۆکی دەستەکانیش لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێدەدرێ، ماوەی سەرۆکایەتی دەستەکان لە یاساکانیاندا دیاری کراوە، بەڵام هەندێک لەو سەرۆکی دەستانە پتر لە دوو ساڵ بەسەر ماوەی سەرۆکایەتییاندا تێپەڕیوە و لە پۆستەکانیان بەردەوامن.

دەستەی مافی مرۆڤ یەکێکە لەو دەستانەی کە سەرۆکەکەی، ماوە یاساییەکەی بەسەرچووە. زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەرچەندە ئێمە لەبارەی تەواوبوونی ماوەی یاسایی دەستەکەمان نووسراومان ئاراستەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، بەڵام هێشتا وەڵامیان نەداوینەوە، چاوەڕێش دەبین بزانین چ میکانیزمێکی نوێ لە پەرلەمانەوە بۆ ئەم بابەتە دەردەچێ".

زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 2013/1/24 لە بەردەم سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستاندا سوێندی یاسایی خواردووە. بە گوێرەی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە ساڵی 2010 دەرچووە، ماوەی سەرۆکایەتیی دەستەکە بۆ چوار ساڵە و یەکجار بۆی تازە دەکرێتەوە. بەوپێیەش بێ سەرۆکی دەستەکە لە 2017/1/24 ماوەی سەرۆکایەتییەکەی تەواو بووە.

بەگوێرەی بەدواداچوونی (ڕووداو)، ماوەی سەرۆکایەتی هەر یەک لە دەستەکانی (مافی مرۆڤ، دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی) تەواو بووە. هەروەها سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی ئەمڕۆ 2019/12/23 ماوەی کارکردنیان تەواو بوو.

محەممەد سەعدەدین، بڕیاردەری لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەستەی مافی مرۆڤ و دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی ماوەی سەرۆکایەتییان تەواو بووە و پێویستە لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێنەوە، ئەمەش پێویستی بە تەوافوقی سیاسی نێوان لایەنەکان لە دەرەوەی پەرلەمان هەیە، دواتر لەناو پەرلەمان دەنگیان پێدەدرێ".

محەممەد سەعدەدین پێیوایە پەرلەمان کاری گرنگتر لە گۆڕینی سەرۆکی دەستەکانی لەپێشە، لەوانەش پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی کە هەفتەی ڕابردوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. سەعدەدین گوتی: "گۆڕینی سەرۆکی دەستەکان دەکەوێتە دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی".

بەپێی بڕگەی سێیەم لە مادەی حەوتەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2011 دەرچووە، ماوەی خزمەتی سەرۆک چوار ساڵە و بۆ یەک جار قابیلی تازەکردنەوەیە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان دەڵێ، لە مانگی حوزەیرانی 2017 کۆتایی بە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی هاتووە، دەبوو پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ماوەی یاسایی سەرۆکی دەستەکانیشی درێژ کردبایەوە، بەڵام دیارە تەوافوقی لەسەر نەبووە و پەرلەمان نەیتوانیوە ئەمە یەکلایی بکاتەوە.

هێڤیدار ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووریی پەرلەمان دەڵێت: "سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی ماوەی یاساییان تەواو بووە، ماوەکەش ڕۆژ و هەفتە و مانگ نییە، بەڵکوو بە ساڵ تێپەڕیوە، هەرچەندە ئەمانە خۆیان نووسراویان کردووە و داوایان لە پەرلەمان کردووە بیانگۆڕن، بەڵام نەیانگۆڕیون و ماوەکەشیان بۆ درێژ نەکراوەتەوە. ئێستا ئەو سەرۆکانە نایاسایین، ئیدی نازانم هۆکاری چییە، ئایا خەمساردیی پەرلەمان بووە، یان ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر نەکراوە".

بەپێی گوتەی هێڤیدار ئەحمەد پلان هەیە لە زووترین کاتدا بابەتی گۆڕینی سەرۆکی دەستەکان چارەسەر بکرێ.

یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2014ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، لە مادەی (5)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ماوەی کارکردنی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران 5 ساڵە و دەکرێ بۆ جارێکیش نوێ بکرێتەوە.

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەی کارکردنمان لە 23\12\2019 تەواو دەبێ. ئێمە لە 5\8\2019 نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، داوای گرتنەبەری ڕێکاری یاساییمان بۆ ئەو پرسە کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە".



## خۆپێشاندانەکانی عێراق کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەناردەی ئێران نەکردوە

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێرانی- عێراقی هاوبەش رایگەیاند، هەناردەکردنی کاڵاکان بۆ بازاڕەکانی عێراق بەردەوامە و خۆپێشاندان و هەڵمەتەکانی هاندانیش بۆ بەرهەمی نیشتمانی لە عێراق کاریگەری لەسەر نەکردووە. یەحیا ئال ئیسحاق، سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێرانی- عێراقی هاوبەش گوتی "سەرەڕای ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی عێراق، پەیوەندیە بازرگانییەکان لە گەشەسەندندان." گوتیشی: "پرۆسەی هەناردەی کاڵای ئێرانی لەو رەوشەی ئێستا عێراق بەخۆیەوە دەیبینێ بەشێوەیەکی بەرچاو دانەبەزیوە، پرۆسەی هەناردە و هاوردەش لە نێوان هەردوو وڵات بەردەوامە". ساڵی رابردوو هەناردەی کاڵای ئێرانی بۆ عێراق بایی 13 ملیار دۆلاربووە، هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ زیادکردنی قەبارەی بازرگانی بۆ 20 ملیار دۆلار.

حەوتیان بیانین

# هەرێمی کوردستان 100 کۆمپانیا دەخاتە لیستی رەشەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بە تۆمەتی کەمتەرخەمی و پابەندنەبوون بە رێنماییەکان و گەندەڵی و ساختەکاری لە بەڵگەنامەکاندا، وەزارەتی پلاندانان 90 کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی خستووەتە لیستی رەشەوە کە حەوت کۆمپانیایان بیانین.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان، تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلولی ئەمساڵ، ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 30 هەزار و 99 کۆمپانیا (26،777 کۆمپانیای خۆماڵی و 3،322 کۆمپانیای بیانی). لەو ژمارەیەش 3،260 کۆمپانیایان کاری بەڵێندەرایەتی دەکەن کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە پۆلێن کراون ء پلەیان پێدراوە.

عومەر عارەب بلباس، بەڕێوەبەری گرێبەستە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان کە سەرپەرشتی دۆسیەی لیستی رەشی کۆمپانیاکان دەکات، بە (رووداو)ی گوت، ئامانجی وەزارەتی پلاندانان لە دانانی لیستی رەش ئەوەیە رێگری لە بەفیڕۆدانی سامانی وڵات بکات و سزای ئەو کۆمپانیایانە بدات کە گەندەڵی دەکەن "چونکە کەمتەرخەمی ء گەندەڵیی هەندێ کۆمپانیا زیانی گەورەیان بە هەندێ پرۆژەی ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیاندووە".

لیستی رەش، لیستێکی تایبەت بەناوی ئەو کۆمپانیا بەڵێندەرانەیە کە گەندەڵی، کەمتەرخەمی و سەرپێچی لە مەرجەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حکومەتدا دەکەن، دوای ئاشکرابوونیان لەلایەن وەزارەت و پارێزگاکان و ئیدارەی ناوچەکانەوە دۆسیەکانیان ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان دەکرێت. دوای لێکۆڵینەوە دەخرێنە لیستی رەشەوە.

بەپێی ئەو پەیڕەو و رێنماییانەی وەزارەتی پلاندانان بۆ خستنە لیستی رەش کاری پێدەکات، تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیری پلاندانانە کۆمپانیا بەڵێندەرەکان بخاتە لیستی رەشەوە. ئەویش دوای ئەوەی لەلایەن وەزارەتەکانەوە، بە نووسراوی فەرمی بەڵگەنامە و دۆسیەی کەمتەرخەمی و ساختەکاریی کۆمپانیاکان بە واژۆی وەزیر یان جێگری وەزیر یان پارێزگار یان سەرۆکی دەستەکان بۆ وەزارەتی پلاندانان دەخرێنەڕوو.

دواتر دۆسیەکە ئاراستەی لێژنەی باڵای پۆلێنکردنی کۆمپانیان دەکرێت کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی دیوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانی تێدایە. دوای لێکۆڵینەوە، بەگوێرەی قەبارەی سەرپێچییەکە، بە واژۆی وەزیری پلاندانان کۆمپانیاکە دەخرێتە لیستی رەشەوە بۆ ماوەیەک کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

هەر بە گوێرەی رێنماییەکان، وەزیری پلاندانان نووسراوێک ئاراستەی گشت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکات هەتا ماوەکە تەواو نەبێ، هیچ پرۆژەیەک نەدەنە ئەو کۆمپانیایە. لە رۆژی دەرچوونی لە لیستی رەشیش، پلەیەک لە پلەی پۆلێنی کۆمپانیاکە بۆ ماوەی 2 ساڵ دادەبەزێنرێ. هەر کۆمپانیایەکیش بۆ جاری دووەم بەردەوام بێت لە کەمتەرخەمی، وەزیر بۆی هەیە پێناسی رێگەپێدانی بەڵێندەرایەتی لێوەربگرێتەوە.

ئەو حاڵەتانەی کۆمپانیاکانی پێ دەخرێتە نێو لیستی رەشەوە بریتین لە کارکردن لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کە لە کوردستان رێگەی کارکردنی پێ نەدرابێ، بەرتیلدان بە فەرمانبەری دەوڵەت، ساختەکردنی بەڵگەنامە، بەخشینی زانیاریی نادروست، سەرپێچی لە مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی، پابەندنەبوون بە ئادابی پیشە، پەیڕەوکردنی رکابەریی نادروست، خۆدزینەوە و پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی گرێبەست، گرێبەستکردن لەگەڵ بەڵێندەری لاوەکی بێ رەزامەندی.

عومەر عارەب، دەڵێت: "تا ئێستا 90 کۆمپانیامان خستووەتە لیستی رەشەوە، بەهۆی تەواوبوونی ماوەی سزاکانیان و بە فەرمانی لایەنی پەیوەندیدار 30 کۆمپانیا لە لیستەکە دەرهێنراون، ئێستا 60 کۆمپانیا لە لیستی رەشدان".

عومەر عارەب ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەهۆی تەواوبوونی ماوەی سزاکان، یان زیادکردنی کۆمپانیای دیکە بۆ لیستی رەش، بەردەوام ژمارەی کۆمپانیان لە لیستی رەشدا لە گۆڕاندایە، بەڵام هەر کۆمپانیایەک بخرێتە لیستی رەشەوە ناوی لە لیستەکەدا هەر دەمێنێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەگەر دووبارە سەرپێچی کردەوە بە یەکجاری لەکاری بەڵێندەرایەتی دووربخرێتەوە.

بەپێی داتاکانی لیستی رەشی وەزارەتی پلاندانان، بە بەراورد بە سێ ساڵی رابردوو ئەمساڵ زۆرترین کۆمپانیا خراونەتە لیستی رەشەوە کە ژمارەیان حەوت کۆمپانیایە.

عومەر عارەب دەڵێت: "جگە لەو 7 کۆمپانیایە، دۆسیەی 4- 5 کۆمپانیای دیکەمان لەبەردەستە، هەندێکیان لێکۆڵینەوەیان تەواو بووە، بەڵام بەهۆی ئەو زیانە ئابوورییەی کۆمپانیاکان بەلایەنە پەیوەندیدارەکانیان گەیاندووە، دۆسیەی هەندێکیان لە دادگایە، هەندێ لە کۆمپانیاکانیش تۆمەتەکان رەتدەکەنەوە، بۆیە بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانیان پەنا دەبەینە بەر دادگا، ئەگەر دۆسیەکە لە بەرژەوەندی حکومەت تەواو بوو، کۆمپانیاکە دەخەینە لیستی رەشەوە".

جگە لە وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی کاریش بە هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ لە کۆی 174 کۆمپانیای تایبەت بە هێنانی کرێکاری بیانی، ئەمساڵ بەهۆی پابەندنەبوون بە رێنماییەکان و فرۆشتنەوەی کرێکاران بە کۆمپانیای عێراقی و هەندێ هۆکاری دیکە، 10 کۆمپانیای خستووەتە لیستی رەشەوە.

دیدار محەممەد قادر، بەرپرسی بەکارخستن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: "بۆ خستنە لیستی رەشی کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی، دوو لێژنەمان هەیە. لێژنەیەکی باڵا کە نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانی تێدایە. لێژنەی دووەمیش لەسەر ئاستی پارێزگاکان کە بەڕێوەبەری کاری پارێزگاکان تێیدا ئەندامن لەگەڵ لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ".

دیدار محەممەد گوتیشی: "ئەم لێژنانە هەماهەنگیی تەواویان لەگەڵ یەکدی هەیە. هەر کۆمپانیایەکی تایبەت بە هێنانی کرێکاری بیانی بازرگانی بە کرێکاری بیانی بکات و کرێکار رەوانەی شارەکانی عێراق بکات، یان دەستدرێژی و توندوتیژی دژ بە کرێکارەکانی بەکاربهێنێ. ئەوە بەپێی یاسا و رێنماییەکان رووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە و کۆمپانیاکەشی دەخرێتە لیستی رەشەوە".

دیدار محەممەد ئاماژەی بەوەدا هەر کۆمپانیایەکی تایبەت بە هاوردنی کرێکاری بیانی بخرێتە لیستی رەشەوە، لە لیستەکە دەرناهێنرێت تا ئەو گرفتە چارەسەر نەکات کە بە هۆیەوە خراوەتە لیستی رەشەوە، تەنانەت ئەگەر ماوەی یاسایی خۆیشی تەواو کردبێت.

وەزارەتی پلاندانان — لیستی رەش — هەرێمی کوردستان – ئەنجومەنی وەزیران

تا رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١

| ژمارە | ناوی کۆمپانیا | بەرواری دانان | ماوە | لایەنی داواکار | هۆکاری خستنە لیستی رەش | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | نووسینگەی زیاد | 2007/5/31 | (6) مانگ | لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران خراوەتە لیستی رەش | جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەکانیان | |
| .2 | کۆمپانیای معطاء | 2007/5/31 | (1) ساڵ | لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە خراوەتە لیستی رەش | جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەکانیان | |
| .3 | کۆمپانیای شۆرش | 2007/5/31 | (1) ساڵ | لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە خراوەتە لیستی رەش | جێ بە جێ نەکردنی پرۆژەکانیان | |
| .4 | کۆمپانیای رۆزا/ تورکی | 2007/5/31 | (1) ساڵ | لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە خراوەتە لیستی رەش | جێ بە جێ نەکردنی پرۆژەکانیان | |
| .5 | کۆمپانیای دۆسکۆ | 2007/5/31 | (1) ساڵ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆکایەتی دیوان/فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان | سەرپێچی کردن لە جێ بە جێ کردنی پرۆژە لە سنوری پارێزگای دهۆك | لە لیستی رەش دەرهێنرا بە نوسراوی 10303 لە 2007/9/9 |
| .6 | کۆمپانیای سوار | 2007/5/31 | (1) ساڵ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆکایەتی دیوان/فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان | سەرپێچی کردن لە جێ بە جێ کردنی پرۆژە لە سنوری پارێزگای دهۆك | لە لیستی دەرهێنراوە لە ساڵی 2007 |
| .7 | کۆمپانیای نیگل گروپ | 2008/11/10 | (1) ساڵ | و.کارەبا بە نووسراویان 3924 لە 2008/5/20 و پاڵپشت بە نووسراوی س. ئە. وەزیران 7103 لە 2008/6/30 | جێبەجێ نەکردنی تەواوی گرێبەستی ژمارە 2048 لە 2005/4/25 | |
| .8 | کۆمپانیای ئیسپانی (bscp/iraq) | 2008/11/10 | (1) ساڵ | و.ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن 6423 لە 2008/8/13 | پابەندنەبوون بە مەرجەکانی گرێبەست | |
| .9 | کۆمپانیای ئەبابیل | 2008/11/10 | (1) ساڵ | و.شارەوانی و گەشت و گوزار 7861 لە 2008/6/8 | پابەندنەبوون بە مەرجەکانی گرێبەست | |
| .10 | کۆمپانیای نیشن گروپ/تورکی | 2008/11/10 | (2) ساڵ | وەزارەتی پەروەردە 11459 لە 2008/7/16 | کێشانەوەی کار | |
| .11 | کۆمپانیای مەصیف | 2008/11/10 | (1) ساڵ | و.شارەوانی و گەشت و گوزار 14391 لە 2008/9/29 | پابەند نەبوون بە مەرجەکانی گرێ بەست | |
| .12 | کۆمپانیای ئاکۆ سلێمانی | 2008/11/10 | (1) ساڵ | و.شارەوانی و گەشت و گوزار 9368 لە 2008/7/2 | جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەی تەواوکاری سەرقەڵا | |
| .13 | کۆمپانیای معروف شاکر وەهاب | 2008/11/10 | (1) ساڵ | و.شارەوانی و گەشت و گوزار 9368 لە 2008/7/2 | جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەکانی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی کەلار و پرۆژەی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی چوارتا | |

### سزاکانی لیستی رەش چین؟

- وەزیر بۆی هەیە لە 6 مانگ تا 2 ساڵ کۆمپانیاکە بخاتە لیستی رەشەوە.
- ئەو کۆمپانیایەی دەخرێتە لیستی رەش، پلەیەکی لێ دادەبەزێنرێ، تا دوو ساڵ بۆی نییە داوای بکاتەوە.
- بە دووبارەبوونەوەی ئەو هۆکارەی کۆمپانیاکەی پێ خراوەتە لیستی رەشەوە، مۆڵەتی کارکردن لە کۆمپانیاکە وەردەگیرێتەوە.
- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی خراونەتە لیستی رەشەوە، پارەی خیتاب زەمانی پرۆژەکانیان بۆ ناگەڕێنرێتەوە.

33 ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە

# کارکردن لە 11 بەنداوی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی تەرخانکردنی 33 ملیار دینار، کارکردن لە 11 بەنداو دەستپێکردووەتەوە، بەڵام لەدوای قەیرانی داراییەوە کارکردن لە 6 بەنداوی ستراتیژی وەستاوە کە پێویستیان بە 500 ملیار دینارە.

بەپێی ستانداردی جیهانی، بەنداوەکان بەسەر بچووک و مامناوەند و گەورەدا دابەشکراون، ئەوانەی بەرزییان لە 15 مەتر زیاترە و توانای گلدانەوەی سەرووی ملیۆنێک مەتر سێجا ئاویان هەیە، بە بەنداوی ستراتیژی هەژمار دەکرێن.

هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند زێ و رووبارێکە، بەو رووبارانەشی لە وڵاتانی دراوسێوە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان، داهاتی ساڵانەی ئاو دەگاتە نزیکەی 50 ملیار مەتر سێجا، بەڵام بەگوتەی پسپۆڕانی ئاو بەهۆی کەمیی بەنداو و بەربەست زیاتر لە 85%ی ئاوەکە بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێوەربگیرێت.

ئەندازیار ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان 17 بەنداو و نزیکەی 100 پۆندمان بۆ گلدانەوەی ئاو هەیە کە توانای گلدانەوەی 10 ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە لە ساڵێکدا".

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەنداوەکان لە ساڵی 2007 دروستکراوە، بە گوتەی بەڕێوەبەرەکەی تاوەکو ئێستا 12 بەنداویان دروستکردووە کە بریتین لە (جەلی، دێگەڵە، حەمامۆک، کۆدەڵە، شیوەسوور، هەشەزینی، چەمی سمۆر، بێدۆهی، باوەشاسوار، حەسەن کەنۆش، قادر کەرەم، ئاوەسپی) و سەرجەمیان توانای گلدانەوەی زیاتر لە 72.5 ملیۆن مەتر سێجا ئاو و بەراوکردنی نزیکەی 16 هەزار و 290 دۆنم زەوییان هەیە.



تێچووی دروستکردنیشیان نزیکەی 96.5 ملیار دینار بووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو، ئێستا پرۆژەی دروستکردنی 17 بەنداوی دیکە هەیە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ماوەی چەند ساڵێکە کارکردن لە زۆربەیان وەستاوە.

بۆ دووبارە دەستبەکارکردنەوە لەم پرۆژانە، ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە 9392 لە 2019/11/6 وەزارەتی دارایی و ئابووری راسپاردووە بڕی 33 ملیار و 322 ملیۆن دینار بۆ تەواوکردنی 11 بەنداو تەرخان بکات.

بەنداوەکانیش بریتین لە بەنداوی (چەمەرگە، ئاقوبان، شەوگێڕ، بانووی تاڵەبان و نازەنین لە سنووری پارێزگای هەولێر. خنس، سبنە 2 و گەلی بەنداوە لە پارێزگای دهۆک. هەروەها دێوانە، تورەجار، خۆرنەوازان لە پارێزگای سلێمانی).

ئەندازیار ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت: "ئەو 11 بەنداوەی پارەیان بۆ تەرخانکراوە لە قۆناغی جیاجیای جێبەجێکردندان. هەندێکیان 20%ی کارەکانیان تەواو کراوە و هەندێکیان 90%".

ئەکرەم ئەحمەد پێیوایە بە تەواوبوونی ئەم بەنداوانە هەرێمی کوردستان لە رووی کۆگاکردنی ئاو قۆناغێکی دیکە دەچێتە پێشەوە، چونکە دەتوانرێت مەترسیی لافاو لەو ناوچانە کەمبکرێتەوە و 59 ملیۆن مەتر سێجای دیکە ئاو گل بدرێتەوە و رووبەری 27 هەزار و 300 دۆنم زەوی بەراو بکرێ".

پرۆژەی دروستکردنی 200 بەنداومان هەیە
بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکان:

%85ی رووبارەکانی هەرێمی کوردستان سوودیان لێ نابینرێت
پسپۆڕێکی بواری ئاو:

گوتیشی: "کاریگەریی قەیرانی دارایی هێشتا بەسەر بەنداوەکانەوە کۆتایی نەهاتووە، چونکە هێشتا کارکردن لە پرۆژەی دروستکردنی بەنداوەکانی وەک باسەرە، باوەنوور، سورقاشان، چەقچەق و زەلان دەستی پێنەکردووەتەوە، کە پێویستیان بە نزیکەی 500 ملیار دینار هەیە".

بەگوتەی پسپۆڕانی بواری ئاو، ئەو بەنداوانەی لە هەرێمی کوردستان دروستکراون، پرۆژەی بچووکن و سوودێکی ئەوتۆی ئابوورییان نییە.

پ.د.ئازاد جەلال شەریف، پسپۆڕی بواری ئاو لە بەشی جوگرافیای کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت: "تورکیا و ئێران خەریکی دورستکردنی بەنداون لەسەر ئەو ئاوانەی دەڕژێنە هەرێمی کوردستانەوە، بۆیە ئەگەر کوردستان هەنگاوی خێرا بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە و ستراتیژی بۆ گلدانەوەی ئاوی زێ و رووبارەکان نەنێ، لەوانەیە لە ئەگەری هەر وشکەساڵییەکدا ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە".

بە گوتەی ئەو پسپۆڕەی بواری ئاو "بەهۆی نەبوونی پلان و ستراتیژێکی روون بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی، 85%ی ئاوی رووبارەکان کە بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبن، بەفیڕۆ دەڕوات".

لە هەرێمی کوردستان تەنیا سێ بەنداوی گەورە و ستراتیژی هەن، ئەوانیش بەنداوەکانی (دوکان، دەربەندیخان و دهۆک)ن کە دوویان لەسەر ئاوی رووبارە هەمیشەییەکانن و توانای گلدانەوەی زیاتر لە 10 ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە.

بەنداوی بێخمە یەکێکی دیکەیە لەو بەنداوە ستراتیژیانە کە لە ساڵی 1932 دیزاین کراوە و هەندێک کاریشی تێدا کرا، بەڵام لە پاش راپەڕینی ساڵی 1991ی خەڵکی کوردستان کارکردن تێیدا بە یەکجاری وەستا.

دیزاینی پرۆژەکە بەچەند ئاستێکی بەرزی داڕێژراوە کە بریتین لە (604 مەتر، 550 مەتر و 517 مەتر). ئەگەر پرۆژەکە بە ئاستی یەکەم جێبەجێ کرابووایە، توانای گلدانەوەی 17 ملیار مەتر سێجا ئاوی دەبوو.

بەپێی خەمڵاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەنداوەکان، تەواوکردنی ئەو بەنداوە پێویستی بە نزیکەی 10 ملیار دۆلارە.

ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت: "بەپێی دەستووری عێراق ئاو بابەتێکی سیادییە، بۆیە ئەرکی دروستکردنی بەنداوە ستراتیژییەکان کە سوودی گشتی هەیە، لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە، بەڵام جگە لە دوو بەنداوی بچووک، حکومەتی عێراق پارەی بۆ دروستکردنی هیچ بەنداوێک لە هەرێمی کوردستان تەرخان نەکردووە".

ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت تەواوکردنی بەنداوی بێخمە لە بەرنامەی کاری ئەواندا نییە، بەڵام پلانی دروستکردنی 200 بەنداویان هەیە کە دیزاینی هەندێکیان تەواو بووە و پارە نییە دروستیان بکەن.

لەو 11 بەنداوەی پارەیان بۆ تەرخانکراوە، 5 بەنداویان دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێر و نزیکەی 11 ملیار و 591 ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە. یەکێک لەو بەنداوانە بەنداوی ئاقوبانە کە دەکەوێتە سنووری قەزای شەقڵاوە. ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە دوو ساڵ بوو، بەڵام چوار ساڵە کاری تێدا وەستاوە، ئێستاش ملیارێک و 520 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، پرۆژەکە توانای گلدانەوەی 2.6 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە، 83%ی تەواو بووە و کۆمپانیای ئارارات لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەکەیە.

توانا ئیسماعیل قادر، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە (رووداو)ی گوت: "لە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕگەیەک لە تەرخانکردنی پارەکە هەیە کە دەڵێت پارەکە بە وەجبە و بەپێی هەبوونی نەختینە دەدرێت، ئەم بڕگەیە جۆرێک لە دڵەڕاوکێی لەلای بەڵێندەران دروستکردووە، چونکە دەترسن دووبارە پارە لە بەنداوەکان خەرج بکەن و پارەکەیان لای حکومەت ببێتە قەرز، دواتریش بانکەکان بڵێن پارەی نەختینەمان نییە".

## بەرهەمی نەوتی کوردستان دەگاتە سەرووی 500 هەزار بەرمیل

# عێراق نایەوێ نەوتی هەرێمی کوردستان لە 450 هەزار بەرمیل تێپەڕێ

**مەحموود بابان**
**رووداو- هەولێر**

بەرهەمی رۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بڕی 40 هەزار بەرمیل لە چاو ئەمساڵ بەرز دەبێتەوە و بۆ یەکەمجار لە دوای 16 ی ئۆکتۆبەری 2017، دەگاتە سەرووی 500 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، بەڵام حکومەتی عێراق پێیوایە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی دابەشکردنی داهاتی نەوتدا، کوردستان نابێ بەرهەمی رۆژانەی لە 450 هەزار بەرمیل زیاتر بێ.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی (میس) بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی وزەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2019 توانیویەتی بەرهەمی رۆژانەی نەوت بە بڕی 75 هەزار بەرمیل لە چاو ساڵی پێشتر بەرز بکاتەوە و لە ساڵی داهاتووشدا ئەگەری ئەوە هەیە 40 هەزار بەرمیلی دیکە زیاد بکاتە سەر بەرهەمی رۆژانەی.

رۆژی 10ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، کۆمپانیای گاڵف کیستۆن کە بنکە سەرەکییەکەی لە لەندەنە و لە کێڵگەی شێخان کار دەکات، رایگەیاند تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی لە ساڵی 2019دا 32.1 هەزار بەرمیل بووە، لە کاتێکدا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی مانگی تشرینی دووەمی زیاتر لە 40 هەزار بەرمیل بووە. لە رۆژی بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوەکەدا بەرهەمی کێڵگەی شێخان 42 هەزار بەرمیل بووە.

کۆمپانیاکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە دوایین بیریان بە ناوی (SH_12) لە کێڵگەکانی شێخان لە رۆژی 13ی تشرینی دووەم کەوتووەتە کار و رۆژانە نزیکەی 4600 بەرمیل نەوتی لێ بەرهەم دێ، لە کاتێکدا کارکردن لە بەشی دووەمی کێڵگەکە ئاستی بەرهەمی ئەو کێڵگەیە لە چارەکی سێیەمی 2020 دەگەیەنێتە 55 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (میس)، کۆمپانیای شێڤرۆنی ئەمریکیش کە لە کێڵگەی سەرتا کاردەکات، دەشێ ئاستی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە. ئەو کۆمپانیایە بە هاوبەشی لەگەڵ گەنەڵ ئێنێرجی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کێڵگەیە کار دەکات و پلانیان ئەوەیە

> وەزیری نەوتی عێراق، هەرێمی کوردستان بە هۆکار دەزانێ لە پابەندنەبوونی بەغدا بە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکەوە

هەتا ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو، توانای کارکردنی کێڵگەکە بە بڕی 20 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکەنەوە. ئێستا هەردوو بیری سەرتای 2 و سەرتای 3 دەتوانن 7500 بەرمیل لە رۆژێکدا نەوت بەرهەم بهێنن و چاوەڕێ دەکرێ ساڵی داهاتوو ئەو بڕە بۆ 15 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکەنەوە.

کۆمپانیایەکی دیکەش کە دەتوانێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی نەوتی کوردستاندا رۆڵی هەبێ، کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکییە کە لە کێڵگەی سەرسەنگ کاردەکات. بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی 2019 ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو کێڵگەیەی بە بڕی نزیکەی 10 هەزار بەرمیل بەرزکردووەتەوە و گەیاندوویەتیە 27 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. ئەو کێڵگەیە لە ساڵی 2016 دا تەنیا 5000 بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا.

کۆمپانیا ئەمریکییەکە بە نیازە لە ساڵی داهاتوودا، 25 هەزار بەرمیل نەوتی دیکە زیاد بکاتە سەر کێڵگەکە و بەو پێیەش توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەی سەرسەنگ بۆ نزیکەی 53 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکاتەوە، هەرچەند مەرج نییە ئەو کۆمپانیایە بە هەموو توانای خۆی لەو کێڵگەیە نەوت بەرهەم بهێنێ، چونکە بەپێی خەمڵاندنەکانی بۆ 2020، تێکڕای بەرهەمی کۆمپانیاکە لە 2020 نزیکەی 33 هەزار بەرمیل دەبێ لە رۆژێکدا.

جیا لەمە کۆمپانیای رۆسنێفتی رووسیاش دەتوانێ لە ساڵی داهاتوودا لە کێڵگەی بیجیل دەست بە بەرهەمهێنان بکات. کۆمپانیا رووسییەکە



ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە زیاتر لە 490 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ (فۆتۆ: رووداو)

پێنج کێڵگەی بەدەستەوەیە کە بە لایەنی کەمەوە یەکێکیان لە ساڵی داهاتوودا دەست بە بەرهەمهێنان دەکات.

بەڵام ئەم بەرزکردنەوەیەی ئاستی بەرهەم لەکاتێکدایە کە سەرەتای ئەم مانگە، ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئەوە رێککەوتن 500 هەزار بەرمیلی دیکە لە تێکڕای بەرهەمی رۆژانەیان کەمبکەنەوە. لە رێککەوتنەکەی پێشتردا عێراق دەبووایە 141 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی رۆژانەی کەمبکاتەوە، بەپێی رێککەوتنە نوێیەکە عێراق دەبێ 50 هەزار بەرمیلی دیکەش دابەزێنێ.

عێراق پێش رێککەوتنەکەی ئەمجارەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانیشی نەیتوانیبوو پابەندی بەڵێنەکانی بێ لە چوارچێوەی رێککەوتنەکەدا، بە جۆرێک دەبووایە ئاستی بەرهەمی رۆژانەی بۆ 4.5 ملیۆن بەرمیل دابەزێنێ، لە کاتێکدا لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ حکومەتی عێراق لە رۆژێکدا 4.63 ملیۆن بەرمیلی بەرهەمهێنابوو.

عێراق لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانیدا بەڵێنی داوە پابەندی رێککەوتنەکە بێ، لە کاتێکدا سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق لۆمەی هەرێمی کوردستانی کردووە و بە هۆکاری پابەندنەبوونی عێراقی دەزانێ بە رێککەوتنەکەی ئۆپێکەوە. ناوەندی (میس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە غەزبان ئەوەی لەبەر چاو نییە وەزارەتی نەوتی عێراق نەیتوانیوە رێ لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە عێراق بگرێ، ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز نەکەنەوە.

حاڵی حازر حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە زیاتر لە 490 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێ، بەڵام غەزبان پێیوایە بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان دەبێ لە 450 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بوەستێ. بەگوێرەی راپۆرتەکەی میس، ئەو 450 هەزارەی کە غەزبان باسی دەکات پەیوەستە بە رێککەوتنەکەی نێوان بەغدا و هەولێر کە تێیدا هەولێر بەڵێنی داوە 250 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی نەوتی خۆی رادەستی بەغدا بکات و حکومەتی فیدراڵیش لە بەرامبەردا بەشە بودجەی کوردستان بنێرێ.

لێدوانەکانی غەزبان لە کاتێکدایە کە کۆمپانیاکانی گاڵف کیستۆن، گەنەل و شاماران رایانگەیاندووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری کردوونەتەوە هەقدەستی مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ئەمساڵ بۆ مانگی یەکی ساڵی داهاتوو دوادەخرێ، واتە بۆ ئەو کاتەی کە رەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی خۆی لە بودجەی فیدراڵی 2020 وەرگرێ.

## دەتوانێ ئەو کارتە لە دژی دیمەشق بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بەکاربێنێ

# نەوتی سووریا وەک چەکێکی سیاسی لە دەستی هەسەدە



وجوودی هێزەکانی ئەمریکا دەستی هێزەکانی ئەسەد و رووسیای لە کێڵگە نەوتییەکانی سووریا کورت کردووەتەوە

**رووداو- هەولێر**

سەردەمانێک کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای دێرەزوور لە رۆژهەڵاتی سووریا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی رادەکێشا. ئەوکات ئەکرەم حەسەن، ئەندازیاری کوردی خەڵکی قامیشلو لەو کێڵگانە کاری دەکرد و دەیبینی چۆن هەموو داهاتەکە بۆ گەنجینەکانی حکومەت دەگوازرانەوە.

ئێستا ئەو نەوتە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکراتدایە و ئەمریکا بە 600 سەرباز و راوێژکار دەیانپارێزێ.

ئەکرەم بە تەلەڤزیۆنی (CNBC)ی ئەمریکی دەڵێ: "خەڵکی سووریا هیچ قازانجێکیان لەم نەوتە پێنەدەگەیشت، هەموو پارەکە دەچووە گیرفانی رژێمەوە". لە کاتێکدا فەرمانبەرە پلەباڵاکانی کێڵگەکە خەڵکی لازقیە بوون، واتە شوێنی لەدایکبوون و ناوچەی سەرەکیی نفووزی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا. فەرمانبەرەکان بە نوکتە بە ئەکرەمیان دەگوت "نەوتی عەرەب بۆ عەرەبە". ئەکرەم لەو نوکتەیەدا راستییەکی بەدی دەکرد.

راپەڕینی خەڵکی سووریا و شەڕی نێوخۆی ئەو وڵاتە جوگرافیای هێزی لەو ناوچەیە گۆڕی و کێڵگەکانی رۆژهەڵات بوون بە بەشێک لە ئابووریی

> داهاتی نەوتی سووریا ناتوانێ رۆڵێکی ئەوتۆ لە ئاوەدانکردنەوەی سووریادا بگێڕێ
> **توێژەرێکی سووری:**

شەڕ و پێکدادان. کێڵگەکانی نەوت بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ سەرچاوەی داهاتی داعش بوون. بەگوێرەی راپۆرتی تەلەڤزیۆنە ئەمریکییەکە، داعش رۆژانە 30 بۆ 40 هەزار بەرمیل نەوتی لەو ناوچانە دەردەهێنا و 2 بۆ 3 ملیۆن دۆلار داهاتی دەناردە ناو گەنجینەی داعشەوە.

هەشت ساڵ شەڕ و پێکدادان ئابووریی سووریای دارماندووە، لە کاتێکدا ئەستەمە زلهێزە ئابوورییەکانی ناوچەکە و جیهان کارێکی ئەوتۆ بکەن بۆ هەڵساندنەوەی ئابووریی ئەو وڵاتە. بەگوێرەی فەکتبووکی سی ئای ئەیی ئەمریکی، بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆیی سووریا لە هەشت ساڵی رابردوودا بە رێژەی ٪70 دابەزیوە و رێژەی بێکاریی لەو وڵاتە نزیکی ٪50 بووەتەوە، بودجەی ساڵانەی حکومەت لە 2017 نزیکەی 1.16 ملیار دۆلار بووە کە لەچاو 2010 بە بڕی زیاتر لە 15 ملیار دۆلار دابەزینی بەخۆوە بینیوە.

ئێستا ئەو کێڵگانە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) دان و داهاتەکەشی بۆ ئیدارەی خۆسەری دەچێ کە هەتا پێش هێرشەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، ٪30ی خاکی سووریایان بەدەستەوە بوو. هەسەدە، کە لە ساڵی 2015 دامەزراوە، لە ساڵی 2017 کێڵگەکانی رۆژهەڵاتی سووریای لەدەست داعش دەرهێنا. لەو کاتەوە نەوتی ئەو ناوچەیە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئیدارەی خۆسەرییە و خەرجییەکانی شەڕ، خزمەتگوزارییەکان و بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی رۆژئاوای کوردستان دابین دەکات.

کەرەم شەعار، شارەزای ئابووریی سووریا، لەبارەی بایەخی نەوتی ئەو ناوچەیەوە بە (CNBC) دەڵێ: "راستە ئەگەر بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان سەیری بکەین، نەوتی سووریا کەمە، بەڵام ئەگەر دۆخی ئابووریی سووریا لەبەرچاو بگرین، ئەوە دەبینین ئەو نەوتە کەمەش بایەخی خۆی هەیە".

پێش دەستپێکردنی قەیرانی سووریا، کێڵگەکانی رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە رۆژانە نزیکەی 375 هەزار بەرمیل نەوتی خاویان تێدا بەرهەم دەهات. ئێستا بەرهەمی رۆژانەی ئەو ناوچەیە 10 هێندە کەمی کردووە.

بەگوتەی شەعار کە خۆی خەڵکی حەلەبە، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد رۆژانە 60 هەزار بەرمیل نەوت بەکاردەهێنن کە پێشتر ٪95ی لە ئێرانەوە هاوردە دەکرا. سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ئێران وایکردووە تاران نەتوانێ وەک جاران سووریای دۆست و هاوپەیمانی خۆی تێر نەوت بکات. لێکۆڵەرە سوورییەکە بە دووری دەزانێ داهاتی نەوتی سووریا بتوانێ رۆڵێکی ئەوتۆ لە ئاوەدانکردنەوەی سووریادا بگێڕێ، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی کێڵگەکان پێویستی بە ساڵانێکی زۆر پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوە هەیە.

شەڕی نێوخۆی سووریا ژێرخانی بەرهەمهێنانی نەوتی سووریای وێران کردووە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش دەرفەت و سەرمایەی پێویستیان لەبەر دەست نەبووە بۆ ئەوەی هەڵیبستێننەوە. جیا لەمە، قەیرانی سووریا بە کردەوە ئەو وڵاتەی کردووە بە چەندین زۆنی دەسەڵات کە هەرکامیان سەنتەرێکی ئابووریی نیمچە سەربەخۆن، ئەوەش وایکردووە کێشەی گەورە بۆ گواستنەوەی نەوتی بەرهەمهاتوو بۆ ناوچەکانی دیکەی سووریا دروست ببێ.

یوجینیۆ داکریما، شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ئیتاڵیا، بە (CNBC) دەڵێ: "نەوتی بەدەستەوە بێ یان نا، رژێمی سووریا هیچکات ناتوانێ لە ناوخۆی وڵات سەرچاوەی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوە دابین بکات. بەڵام دەتوانێ بۆ راگرتنی دامەزراوەکانی دەوڵەت سوود لە داهاتی نەوت وەربگرێ، دەبێ پارەی ئەوانەش بدات کە شانبەشانی رژێم شەڕیان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو هێزانە لە داهاتوودا لێی هەڵنەگەڕێنەوە".

وجوودی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە دەستی هێزەکانی ئەسەد و رووسیای لە کێڵگە نەوتییەکان کورت کردووەتەوە، بەڵام کۆشکی سپی لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا دوو جار بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە داوە. هەرچەند هەردوو جارەکە ئەمریکا بە هەندێک گۆڕانکارییەوە لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوە، بەڵام بڕیارە لەناکاوەکان نادڵنیاییەکی قووڵیان لای هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان و ئەوروپییەکان دروستکردووە.

کاتێک لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، پێنتاگۆن بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دەرکرد، بەرپرسانی هەسەدە داوایان لە ئەمریکییەکان کرد بەشی ئەوەندە کاتیان بدەنێ هەتا لەگەڵ رژێم و رووسەکان بە رێککەوتنێک دەگەن. مایکڵ ئۆهانلن، لێکۆڵەر لە پەیمانگەی بروکینگزی ئەمریکی پێیوایە "بەشێوەیەکی گشتی ئەمریکا تەنیا لە بوارە ئابوورییەکەدا دەسەڵاتی بەسەر ئەسەدەوە ماوە". بەو پێیەش هەسەدە بە حوکمی نەوتەکەی ژێر دەستی وەرەقەیەکی دانوستاندنی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دابەشکردنی داهاتی نەوتدا رێژەیەک لە ئۆتۆنۆمی لە حکومەتی سووریا وەربگرێ.



## کچە کوردێک یەکەمی جیهانە

**رووداو- هەولێر**

کچە کوردێکی دانیشتووی ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پاڵەوانیەتییەکی شیکاری هاوکێشەی بیرکاریدا، توانی لەسەر ئاستی جیهان پلەی یەکەم بێنێ. ئاگرین عەبدوڵڵا، کچێکی 10 ساڵانە و پۆلی چواری سەرەتاییە. شیرین یوسف، دایکی ئاگرین دەڵێ: "لە پێشبڕکێیەکی هزریدا بیرکاری بەناوی (ucmas) لە کەمبۆدیا کچەکەم لەنێو زیاتر لە 4000 بەشداربوو توانی پلەی یەکەم بەدەستبێنێ، بە لەماوەی کەمتر لە چوار چرکە وەڵامی پرسیارێکی قورسی بیرکاری دایەوە و ریکۆردێکی تازەی شکاند". دایکی ئاگرین گوتیشی: "کچەکەم دووەمجارە یەکەمی سەر ئاستی جیهان دەبێت، ساڵی رابردووش لە مالیزیا لە پێشبڕکێیەکدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو، پێشتریش لەسەر ئاستی ئێران چەندینجار پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و خەڵاتکراوە".

## جیهانی تەمومژاویی باندە تاوانکارەکانی کوردستان

# نوورا... لە مۆدێلینگەوە بۆ نێو تەڵەی باندەکانی بازرگانیی سێکس لە هەرێمی کوردستان



قاچاخچییەکان بە بەکارهێنانی هەڕەشەی ئابڕووبردن ئافرەتان ناچار دەکەن بێنە ناو باندەکانی لەشفرۆشییەوە.

**نوورا:**

**کچی سەرۆکی باندەکەم رفاند. تاوەکو پاسپۆرتەکەی خۆم دەستکەوتەوە**

**پیاوەکان پارەیان بەسەر لەشی رووتی ئافرەتەکاندا هەڵدەڕشت**

**وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا:**

- **ئافرەتانی بیانی و هاوڕەگەزخوازان لە کوردستانی عێراق مەترسییان لەسەرە**
- **ساڵی رابردوو زیاتر لە 2000 ئافرەتی ئێرانی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان کە زۆربەیان قوربانیی باندەکانن**

**مانا لینچ**
**رووداو- هەولێر**

نوورا بە گوڕوتینێکی زۆرەوە خۆی بۆ یەکەم کار ئامادە دەکرد کە بە خەیاڵی خۆی کیبڕکێیەکی نێودەوڵەتیی مۆدێلینگ بوو لە تشرینی یەکەمی 2018، بۆ ئەو بۆنەیەش جلێکی پرۆفیشناڵی لەبەر کردبوو، واتە بلوزێک و تەنوورەیەک، بەڵام عەبدوڵڵا کە کوردێکی سووریی نیشتەجێی هەولێرە، بە نوورای گوتبوو دەبێ جلی سێکسیتر لەبەر بکات، واتە تەنوورەی کورتتر و هەندێک لە درزی سینەی دەربخات و لەشی زیاتر بە دەرەوە بێ. نوورا تووشی شۆک بوو، نەیدەزانی ئەوە جارێ سەرەتایە.

هەمان رۆژ پیاوە سوورییەکە نوورا و چوار ئافرەتی دیکەی بردە ژوورێکی گەورەی بۆنەکان لە هۆتێلێکی هەولێر کە کۆمەڵێک پاسەوانی دەمامکداری پڕچەک پاسەوانییان دەکرد. ژوورەکە پڕبوو لە "ئافرەتی نیمچە رووت و تەواو رووت"

نوورا کە خەڵکی سووریایە، لەو دیمەنە شۆک بوو، پرسی: "ئەمە چییە؟". عەبدوڵڵا لە وەڵامدا گوتبووی "ئەمە کۆمەڵگای ئێرەیە، دەبێ خۆتی لەگەڵ بگونجێنی".

ئەوە یەکەمجار نەبوو نوورا لە بواری مۆدێلینگدا کار بکات، ماوەی چەند ساڵێک بوو لە دیمەشق لەو بوارەدا کاری دەکرد و تەنانەت خەڵاتێکی نێوخۆییشی بردبووەوە. بەڵام لە 2018، راهێنەرەکەی هاتبووە لای و باسی دەرفەتێکی سەرنجڕاکێشی بۆ کردبوو. راهێنەرەکە پێشنیازی پێکردبوو بچێتە هەولێر و مانگێک لەوێ بمێنێتەوە و لەگەڵ کچە مۆدێلەکانی هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێبڕکێ بکات. گوتبووی ئەوە هەلی گرێبەستی گەورەی بۆ دەڕەخسێنێ.

ئەو کات نوورا مانگانە 150 دۆلاری لە نمایشکردنی جلوبەرگ، مەیکئەپ و خشڵ دەستدەکەوت، ئەم پارەیە لە وڵاتێکی وەک سووریا کە ئابوورییەکەی داتەپیوە، پارەیەکی باش بوو، بەڵام ئەستەم بوو بتوانێ لە بەرامبەر مووچەیەکی 5000 دۆلاریدا خۆی رابگرێ. نوورا بە (رووداو)ی گوت: "ئەو کات وەهام بیر دەکردەوە بەو پارەیە دەتوانم داهاتوویەک بۆ خۆم دروست بکەم".

لە یەکەم شەوی مانەوەی لە هەولێر، ئافرەتە تەمەن 19 ساڵانەکە هەستی بە تەنیایی و غەریبییەکی زۆر کرد. پیاوەکان هاواریان دەکرد، ئافرەتەکان سەمای کەمەریان بۆ پیاوەکان دەکرد و پیاوەکانیش پارەیان بەسەر لەشی رووتی ئافرەتەکاندا هەڵدەڕشت. نوورا لەلایەن تۆڕێکی بازرگانییەوە هێنرابووە عێراق.

لە کۆمەڵگایەکی کۆنزەرڤاتیڤی وەک کۆمەڵگای کوردستاندا ژوانی نێوان کوڕ و کچ شتێکی باو نییە و رێسای توند بۆ پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو دانراوە. لەو کۆمەڵگایەدا سێکس مەسەلەیەکی زۆر داخراو و پەردەپۆشکراوە و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دەهێڵرێتەوە، بۆیەش دەستدرێژی و سووکایەتی تێدەپەڕن بێ ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ بکرێ. هەر ئەوەش رێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی قاچاخچییەکان بە بەکارهێنانی هەڕەشەی ئابڕووبردن و زەبروزەنگ ئافرەت و پیاو و منداڵان بەکاربهێنن و ناچاریان بکەن بێنە ناو باندی لەشفرۆشییەوە.

دزێوترین نموونەی ئەو بازرگانییە لە بازاڕەکانی داعشدا بوو، کاتێک چەکدارانی داعش کچ و ژنانی ئێزدییان ریز دەکرد و هەر کەسێک پارەی زیاتری دابا ئافرەتەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد و پاش ماوەیەکیش هەمان چەکدار ئافرەتەکەی بە چەکدارێکی دیکە دەفرۆشت، بەڵام ئێستا هەمان دیاردە لە ئاستێکی بچووکتردا بە شێوەی رۆژانە روودەدات.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوایین راپۆرتیدا لەبارەی قاچاخی مرۆڤ لە جیهان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ژنان و کچانی عێراقی، ئێرانی و سووری و هەروەها کەسانی هاوڕەگەزخواز لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی، مەترسیی ئەوەیان لەسەرە تووشی قاچاخی سێکس ببن".

خەڵکانی هاوڕەگەزخواز ناوێرن لە کوردستان بە ئاشکرا وەک هاوڕەگەزخواز بژین، ئەو کەسانە مەترسییەکی زۆریان لەسەرە لەبەر ئەوەی زۆربەیان لەلایەن خێزانەکانیشیانەوە پشتگوێ خراون، بۆیە نێچیرێکی ئاسانن بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ دەستدرێژییان بکەنەسەر.

### ئاگادارین کۆمەڵێک ئافرەت بە بەغدا و کەرکووک فرۆشراون یان دیارنەماون

**شێری گراهام، سەرۆکی دامەزراوەی seed:**

شارەزایەکی ئەو بوارە کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکەوە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بە (رووداو)ی گوت "ئەوان زۆر جار هەڕەشەیان لێدەکرێ کە ئەگەر پارەیان نەدەنێ ئەوە ئاشکرایان دەکەن. نە کۆمەڵگا و نە خێزان ئەو کەسانە قەبووڵ ناکەن، ئەوەش دەرفەتی سووکایەتی و دەستدرێژی بۆ سەر ئەو کەسانە زیاتر کردووە".

گروپێکی دیکە لەو خەڵکەی کاری قاچاخیان پێوە دەکرێ ئاوارەکانی نیشتەجێی کەمپەکانن. ئەندامانی رێکخراوە مرۆییەکان کە رۆژانە لە کەمپەکانن، دەڵێن هەندێک حاڵەتیان بەر گوێ کەوتووە کە تێیدا ئافرەتانی کەمپەکە بۆ سێکس بە پیاوانی دەرەوەی کەمپەکان فرۆشراون.

گوشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، بووەتە هۆی ئەوەی بازرگانیی سێکس لەو وڵاتە پەرەبستێنێ. لە تشرینی دووەمی ئەمساڵدا (رووداو) لە بەدواداچوونێکدا ئاشکرای کرد کە پیاوانی هەرێمی کوردستان بۆ کڕینی سێکس ئاودیوی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبن.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پشتبەستن بە راپۆرتە میدیاییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە دوای دارمانی ئابووری ئێران و شکانی بەرچاوی بەهای دراوی ئێرانی، لە 2018 دا زیاتر لە 2000 ئافرەتی ئێرانی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیەکی زۆریان قوربانیی قاچاخی مرۆڤن و لە هۆتێل، کافێ و سەنتەرەکانی مەساج کاردەکەن.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەپێی راپۆرتی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان ئەوەش دەخاتەڕوو کە شوفێری تەکسییەکانی کوردستان بە ناوی گەشتیارەوە ئافرەتە ئێرانییەکان دەهێننە هەرێمی کوردستان.

شێری گراهام، سەرۆکی دامەزراوەی (SEED) بۆ گەشەی مرۆیی و بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی مرۆڤ، لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت: "ئاگامان لە هەندێک کەیس هەیە کە تێیاندا کۆمەڵێک ئافرەت بردراونەتە کەرکووک و فرۆشراون، یانیش لە بەغدا فرۆشراون و دیار نەماون. ئەمانە کۆمەڵێک ئافرەتی بەستەزمانی سەر بە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگان، کۆمەڵێک ئافرەتی گەنج کە (لەلایەن کەسانی هەلپەرستەوە) بەکارهێنراون".

گراهام بەشێک لە هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ "کولتووری ئابڕوو" دەگەڕێنێتەوە کە تێیدا ئەگەر ئافرەتێک شەرەفی لەدەست بدات، ئەوە لە خێزان و لە کۆمەڵگا وەدەردەنرێ و تەنانەت رووبەڕووی مەرگیش دەکرێتەوە.

بۆ رۆژی دواتر، نوورا بە عەبدوڵڵای گوت کە ئەو نەهاتووەتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی وەک ئەوەی شەوی پێشتردا بەشداری بکات، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی لە کوردستان کار بکات و لە بواری مۆدێلینگدا پەرە بە خۆی بدات.

هەندێک لە ئافرەتەکانی دیکە کە لەگەڵ نوورا لە ماڵەکەدا بوون، لەوە دەچوون لەشفرۆشی بەئەزموون بن، لەوانەش دوو خوشک کە لە سووریاوە هاتبوون. ئەو ئافرەتانە سەمایان دەکرد بۆ ئەوەی مشتەری بۆ لای خۆیان رابکێشن. تەنانەت ئەو ئافرەتانەش لە عەبدوڵڵا دەترسان. نوورا چەندین جار بۆ پاراستنی خۆی بەرەنگاری عەبدوڵڵا ببووەوە و ئاسەواری ئەوەش بەجەستەیەوە دیار بوو.

عەبدوڵڵا هەر لە سەرەتای گەیشتنی نوورا هەوڵی دابوو دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیدا بگرێ، بەڵێنیشی پێدابوو دەرگای کاری مۆدێلینگی بۆ بکاتەوە و بیبات بۆ کۆمەڵێک بۆنە کە تێیدا چاوی بە بزنسمان و کەسە سیاسییە بەهێزەکان بکەوێ و کێبڕکێکانی مۆدێلینگ بە جۆرێک رێکبخات کە تێیاندا نوورا براوە بێ.

نوورا پارەی گەڕانەوە بۆ سووریای نەبوو، هەر بۆیە ناچار بوو بمێنێتەوە. پاش ماوەیەک بەهۆی بەهرەی گۆرانیگوتنەوە، لە ئاهەنگێکدا ژەنیارێکی پیانۆی ناسی و بوون بە هاوڕێ. نوورا دەیویست ژەنیارەکە رێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە کە بتوانێ بێ ئەوەی پێویستی بە عەبدوڵڵا بێ پارەیەکی دەستبکەوێ.

ئەو پەیوەندییە عەبدوڵڵای تووڕە کرد، چونکە ئەو دەیویست کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر نوورا و ئافرەتەکانی دیکەدا هەبێ، بۆیە هەمان شەو کاتێک گەڕانەوە شوێنی مانەوەیان لە گوندێکی هەولێر، عەبدوڵڵا لە نوورای دا، ئێسکی چەڵەمە و پەراسوویەکی نوورای شکاند. نوورا کە هەندێک شارەزایی لە کیکبۆکسینگدا هەبوو، دەستی کردەوە، توانی خۆی لە دەستی رزگار بکات، پاسپۆرت و مۆبایلەکەی دەست دایە و رایکردە دەرەوە، بەڵام جانتاکەی لە خانووەکەدا مایەوە.

راهێنەری مۆدێلینگەکە بە شوێنیدا رایکرد و بۆ ئەوەی ئەگەر بە زۆریش بێ نوورا ناچار بکات بگەڕێتەوە، قیژە و هەرای نوورا خەڵک و هێزەکانی سێکیوریتی لێ کۆکردەوە، ئەوان تەلەفۆنیان بۆ ئاسایش کردبوو. نوورا زامەکانی پیشانی ئاسایش دابوو، گوتبووی کە رفێنراوە.

ئاسایش چووبووە ئەو خانووەی ئافرەتەکانی تێدا دەژیان و دەستی بەسەر پاسپۆرتەکانیاندا گرت و داوای لە هەموویان کرد رۆژی دواتر سەردانی بنکەی پۆلیس بکەن، عەبدوڵڵا پێشتر بۆی دەرچووبوو.

لە بنکەی پۆلیس، هێزە ئەمنییەکان هەڕەشەیان لە ئافرەتەکان کردبوو کە مۆری سووری "لەشفرۆش" لە پاسپۆرتەکەیان دەدەن و دیپۆرتیان دەکەنەوە. ئافرەتەکان لەوە دەترسان ئەو ناوەیان بەسەردا بسەپێ و رووبەڕووی سزای کوشتن ببنەوە، بۆیە لەبەر نوورا پاڕانەوە واز لە سکاڵاکەی لە دژی عەبدوڵڵا بهێنێ. نوورا بە داواکەیان رازی بوو.

ئاسایش رێگەی بە هەموو ئافرەتەکان دا بڕۆن، بەڵام پاسپۆرتەکانیانی لای خۆی راگرت. عەبدوڵڵا دەستوپەیوەندەکانی خۆی بەکارهێنا و هەموو پاسپۆرتەکانی وەرگرتەوە و دەستی بەسەردا گرتن، دواتریش هەموو ئافرەتەکانی بۆ دهۆک گواستەوە. نوورا هەموو رۆژێک داوای پاسپۆرتەکەی دەکردەوە، بەڵام عەبدوڵڵا بە درۆوە پێیدەگوت کە پاسپۆرتەکان لای پۆلیسی هەولێرن و ئەو هیچی لەدەست نایەت. نوورا باوەڕی بە قسەکانی نەدەهات، بەڵام دەسەڵاتی هیچیشی نەبوو.

بەهۆی چۆنێتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەیسەکانی لەشفرۆشی، پۆلیسی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی رەخنە بووەتەوە. پارساڵ ڤیدیۆی کۆمەڵێک ئافرەتیان بڵاوکردەوە کە تۆمەتبار بوون بەوەی لە مەلهایەک کار دەکەن، لە نێوان ئافرەتەکاندا کچێکی منداڵکاریش هەبوو.

**هەندێک ئافرەتی ئاوارە بۆ سێکس براونەتە دەرەوەی کەمپەکان**

چالاکڤانانی مافەکانی ئافرەتان داوایان کرد ئەو پۆلیسانە سەرکۆنە بکرێن و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتان لەو جۆرە دۆخانەدا راهێنانیان پێبکرێ.

10 رۆژ دوای شەڕەکەی لەگەڵ عەبدوڵڵا، نوورا توانی لە دهۆک سەردانی نەخۆشخانە بکات و لەوێ بە پزیشکەکانی گوت کە لە پلیکانە کەوتووەتە خوارەوە. هەتا ئێستاش ئاسەواری چەڵەمە شکاوەکەی بە لەشە لاوازەکەیەوە دیارە.

لە دهۆک، عەبدوڵڵا و ئافرەتەکان لە خانوویەکی دوو نهۆمیدا دەژیان. لە نهۆمی سەرەوە ئافرەتەکان بوون و لە نهۆمی خوارەوەش عەبدوڵڵا و خێزانەکەی دەژیان. مانگی دوای گواستنەوەیان بۆ دهۆک، رۆژێک کچە تەمەن نۆ ساڵانەکەی عەبدوڵڵا هاتبووە نهۆمی سەرەوە و بە دوای باوکیدا گەڕابوو. نوورا هەستی کرد ئەوە دەرفەتێکی باشە و بە ناوی یارمەتیدانی کچەکەوە لێی نزیک بووەوە.

نوورا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو هەرگیز بەنیازی ئەوە نەبووە ئازار بە کچەکە بگەیەنێ، بەڵام دۆخی سەختی ژیانی ناچاری کرد منداڵەکەی عەبدوڵڵا بەکاربهێنێ. نوورا دەستی کچەکەی گرت و پێکەوە لە خانووەکە دەرچوونە ناو شار، دواتر تەلەفۆنی بۆ عەبدوڵڵا کرد و پێیگوت لە بەرامبەر پاسپۆرتەکەیدا ئامادەیە کچەکەی بداتەوە.

نوورا دەڵێ: "بەڕاستی بەداخ بووم بۆ ئەو کچە، بەڵام هەستم کرد هیچ رێگایەکی دیکەم بۆ نەماوە، باوکی ئەو تووشی ئەو دۆخەی کردبووین". عەبدوڵڵا دوای هەشت سەعات کۆڵی دا و پاسپۆرت و چەند سەد دۆلارێکی پێدا و نوورا هەمان رۆژ دهۆکی بەرەو هەولێر جێهێشت، بەبێ ئەوەی هیچ بەرچاوڕوونییەکی لەبارەی هەولێرەوە هەبێ.

ئافرەتە سوورییەکە دەڵێ: "دەترسام، نەمدەزانی چی بکەم. هاتمە هەولێر، بێ ئەوەی کەس بناسم و بزانم روو لە کوێ بکەم. لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان دەخەوتم. زۆر سارد بوو، باسی ناوەڕاستی تشرینی دووەم دەکەم کە تێیدا شەوان زۆر ساردە".

دوای دوو شەو، نوورا پەیوەندی بە ناسیاوێکی سووریی خۆیەوە کرد لە هەولێر، ئەویش داوای لێکرد لە ماڵەکەی ئەوان بمێنێتەوە، پیجامەی زستانەی بۆ هێنا و پێیگوت هەتا ئەو کاتەی دەیەوێ دەتوانێ لە ماڵەکەیان بمێنێتەوە و هەرکات سەرچاوەیەکی داهاتی هەبوو لە کرێی خانووەکەدا یارمەتی بدات.

پێنج مانگ تێپەڕی و ئافرەتە سوورییەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەندۆمی دەژیا. کێشی زۆر دابەزیبوو، بەڵام بەرەبەرە هێز بۆ پێیەکانی گەڕابوونەوە. نوورا لە رێستورانتەکانی هەولێر کاری دۆزیبووەوە و بەشی ئەوەی پارە دەستکەوتبوو خەرجیی گەڕانەوە بۆ سووریای پێ دابین بکات، بەڵام ماوەی ڤیزاکەی زۆر بەسەر چووبوو، دەبووایە غەرامە بە فەرمانگەی کۆچبەران بدات، لە کاتێکدا ئەوەشی بە گوێ گەیشتبووەوە کە راهێنەرەکەی لە سووریا سکاڵایەکی لەسەر نوورا تۆمار کردووە و بەوە تۆمەتباری کردووە کە دەستی هەیە لە قاچاخی مرۆڤدا.

نوورا لەسەر مۆبایلەکەی سەیری ئینستاگرامەکەی دەکات. تێیدا وێنەی کچێکی هەرزەکار دەبینرێ کە لە سووریا سەعات و جانتای دەست نمایش دەکات. ئەو کات هەموو هیوای نوورا ئەوە بوو وێنەی جوان بگرێ و ژیانێکی خۆش بژی. کەچی ئێستا لە نێوان دوو بژاردەدا گیری خواردووە "گەڕانەوە بۆ سووریا و چوونە بەندیخانە یان مانەوە لە هەولێر".

نوورا بۆ ئەوەی نێوان پەنجەکانی بەتاڵ نەبن، جگەرەیەکی دیکەش دادەگیرسێنێ و لەبارەی هەولێرەوە دەڵێ: "قینم لێی دەبێتەوە، بەڵام ئێستا هەولێر باشترین شوێنی جیهانە بۆ من، چونکە خەڵکێکی زۆر دەناسم". ئێستا هەموو هەوڵی نوورا بۆ ئەوەیە پارە کۆبکاتەوە و خەرجییەکانی دۆسییەکەی لە سووریا پێ بدات، چونکە خەونی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی خەیاڵی بەرنادات.

*** ناوەکانی ناو ئەم راپۆرتەکە خوازراون.**



## لە هەولێر کەسێک براکەی خۆی کوشت

**ڕووداو- هەولێر**

لە کۆمەڵگەی شاویسی سەر بە هەولێر بەهۆی دەمەقاڵێی نێوانیان، برایەک براکەی خۆی دەکوژێت و هەڵدێت. رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێوارەی ڕۆژی 2019/12/21 شەڕ و دەمەقاڵێ لەنێوان دوو برا ڕوویداوە، دواتر یەکێکیان بە چەکی کلاشینکۆف ئەوەی دیکەی کوشتووە". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی: "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە، دوای ئەوەی (ش) دەستڕێژی گوللەی لە (س)ی تەمەن 28 ساڵ کردووە، هەڵاتووە، (س) بە برینداری گەیەنراوەتە نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە. هێزە ئەمنییەکان بۆ دەستگیرکردنی بکوژەکە دەکەن و پەراوی لێکۆڵینەوەش بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە".

# دوای کوشتنی ژنەکەی و خەسووەکەی، خۆیشی دەکوژێ



حەیدەر ئەسعەد

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد و هاوژینە دووگیانەکەی دەچنە بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەر مێردی پێشووی ژنەکە تۆمار بکەن، تاوەکو منداڵەکانی لێوەربگرنەوە، بەڵام لە بنکەی پۆلیس محەممەد و برایەکی دەبێتە دەمەقاڵێیان، براکەی هەر لەوێ محەممەد و ژنەکەی دەکوژێت.

محەممەد خەلیل، تەمەن 27 ساڵ کە ئەفسەری پۆلیسە، ڕۆژی 2019/12/9 لەگەڵ ژنەکەی بە ناوی ئەحلام سەکران تەمەن 24 ساڵ، لەلایەن (ه.خەلیل)ـەوە لەناو بنکەی پۆلیسی کفری کوژران. بکوژەکە کە برای محەممەد بوو، هەر لەوێ دەستگیر کرا.

موقەدەم عەلی جەمال قەدووری، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند: "ئەو ڕووداوە لەناو بنکەی پۆلیسی کفری ڕوویداوە، کاتێک محەممەد لەگەڵ ژنەکەی دەچن لەو بنکەیە سکاڵا تۆمار بکەن. محەممەد لەوێ لەگەڵ براکەی کە ئەویش ئەفسەرە، دەبێتە دەمەقاڵێیان، (ه) تەقە لە هەردووکیان دەکات و دەیانکوژێت".

(ه.خەلیل) بەپێی مادە 406 لە یاسای سزاکانی عێراق کە تایبەتە بە "تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست" دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، موقەدەم عەلی قەدووری گوتی: "دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە، ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان خۆیان بووە، پێشتر ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە، بەڵام دیارە دووبارە سەری هەڵداوەتەوە".

ئەحلام پێشتر خاڵۆژنی محەممەد بووە، دوای ئەوەی لە مێردەکەی جیابووەتەوە، شووی بە محەممەد کردووە. ئەوکاتەی کە کوژرا دووگیان بووە.

برایەکی محەممەد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵێک بەر لە ئێستا خاڵم ئەحلامی تەڵاقدا، بەهۆی ئەوەی ئەحلام بە دڵی خۆی لە هەموو شوێنێک بە قەرز کەلوپەلی دەکڕی. خاڵم کە سێ منداڵیشی لە ئەحلام هەبوو، گوتی ئەو ئافرەتە بە کەڵکی من نایەت و تەڵاقی دا".

دوای ئەوەی (ک) ئەحلام تەڵاق دەدات، ڕۆژێک ئەحلام لەگەڵ محەممەد دەبینێ، ئیدی وا دەزانێت ژنەکەی پەیوەندی لەگەڵ خوشکەزاکەیدا هەبووە، بۆیە لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان سکاڵا لەسەر محەممەد و ئەحلام تۆمار دەکات، بە تۆمەتی ئەوەی بەر لەوەی تەڵاقی بدات، ئەحلام خیانەتی لێکردووە، ئەحلام و محەممەد دەچنە پێش دادوەر بۆ ئەوەی ئیفادە بدەن، محەممەد دەڵێت ڕاستە ئێمە یەکدیمان خۆشدەوێت، بەڵام ئەوە دوای جیابوونەوەی ئەحلام بووە.

براکەی محەممەد دەڵێت: "دادوەر بە محەممەدی گوتبوو ڕازیت ئەو ژنە مارە بکەیت؟ ئەویش گوتبووی: بەڵێ ڕازیم، بەڵام ئێمە دژی ئەوە بووین، بۆیە پەیوەندیمان لەگەڵ محەممەد و ئەحلام پچڕاند".

ئەحلام کە پێشتریش شوویەکی دیکەی کردووە، تورکمانی داقوق بوو، ساڵێک و نۆ مانگ لەمەوبەر لە خاڵی محەممەد جیابووەوە، دوای نۆ مانگ شووی بە محەممەد کردەوە، بەڵام کەسوکاری محەممەد دژی ئەو هاوسەرگیرییە بوون، بۆیە ئەوانیش بڕیاریان دا کفری جێبهێڵن و لە سلێمانی نیشتەجێ ببن.

ئەو ڕۆژەی محەممەد و ئەحلام کوژران، چووبوون بۆ بنکەی پۆلیسی کفری بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەر (ک)ی مێردی ئەحلام تۆمار بکەن، تا ئەحلام سێ منداڵەکەی وەربگرێتەوە. (ک)یشیان ئاگادار کردبووەوە بۆ ئەوەی بچێتە بنکە.

براکەی محەممەد دەڵێت: "ئێمە زۆرمان پێناخۆش بوو کە ئەحلام و محەممەد هاتوون سکاڵا لەسەر خاڵم تۆمار بکەن. برا گەورەکەم کە لە بنکەی پۆلیسی کفری ئەفسەرە، بە محەممەدی گوتبوو سکاڵا تۆمار مەکە، ئەو خاڵی ئێمەیە. ئەوەی لەگەڵ ژنەکەت کردتان بەسە و لەوە زیاتر کێشە دروست مەکەن، ژنەکەت دووگیانە، منداڵەکانی بۆ چییە، با منداڵەکان لای باوکیان بن. لەو کاتەدا ئەحلام گوتبووی ئەگەر ئەویش سکاڵا تۆمار نەکات، من هەر سکاڵا تۆمار دەکەم و منداڵەکانی خۆم دەوێتەوە".

دوای ئەوەی ئەحلام ئەو قسەیە دەکات، (ه) تووڕە دەبێت، دەمانچەکەی دەردەهێنێت و تەقەیان لێدەکات و هەردووکیان دەکوژێت. (ه) هەر لەوێ دەستگیر دەکرێت، بەڵام پۆلیس (ک) و ئامۆزایەکی محەممەدیش دەستگیر دەکات.

محەممەد بۆ گەیشتن بە دڵخوازەکەی قسەی خێزانەکەی بە هەند وەرنەگرت. ئەوانیش هێندە لێی داخبار بوون، تەنانەت دوای مردنیشی ئامادە نەبوون بۆ یەک سەعاتیش پرسەی بۆ دابنێن. براکەی دەڵێت: "چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەمابوو، بۆیە پرسەمان بۆ دانەنا".

گوتیشی: "ئامادەنین سکاڵا لەسەر (ه) تۆمار بکەین".

# گەنجێک لە گۆڕستان خۆی دەکوژێت



**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – گەرمیان**

حوسێن هەر کاتێک بێتاقەت بووایە دەچووە گۆڕستانێکی نزیک ماڵی خۆیان، دواجار هەر لەنێو گۆڕستانەکە بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بەڵام نهێنی خۆکوشتنەکەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گۆڕ.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/12/17 گەنجێکی تەمەن 31 ساڵ بەناوی حوسێن عاسی نامق، دانیشتووی گەڕەکی شەهیدان لە قەزای کەلار، لەنێو گۆڕستانی کەلاری کۆن خۆی کوشت.

موقەدەم عەلی جەمال قەدوری، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە ڕووداوێکی خۆکوشتن ئاگادار کراینەوە پۆلیس تەرمەکەی بۆ پشکنین ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی کرد".

پۆلیس قسەی لەگەڵ کەسوکاری گەنجەکە کردووە، بەڵام هیچیان لەبارەی هۆکاری خۆکوشتنی دەستنەکەوتووە. قەدوری دەڵێت پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوامە تاوەکو هۆکاری خۆکوشتنی ئەو گەنجە ئاشکرا بکات.

حوسێن لەگەڵ دایک و باوکی دەژیا، ژنی نەهێنابوو، تانکەرێکی ئاوی هەبوو، بە کرێ ئاوی بۆ ماڵان و کۆمپانیاکان دەهێنا. ڕەعد عاسی کە برای حوسێنە، دەڵێت: "حوسێن هەموو نیوەڕۆیەک بۆ نانخواردن دەگەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە بە دایکی گوتبوو نانی خۆیان بخۆن و چاوەڕێی ئەو نەکەن، چونکە کاری هەیە".

وەک ڕەعد باسی کرد، ئەو ڕۆژە وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە حوسێن نانی بەیانی لەگەڵ دایک و باوکی خواردووە و چووەتە سەر کارەکەی، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی هەبووبێ. ڕەعد دەڵێت: "دوای نیوەڕۆ دایکم چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ کردبوو، حوسێن وەڵامی تەلەفۆنەکەی نەدابووەوە".

دوای ئەوەی حوسێن وەڵام ناداتەوە، دایکی پەیوەندی بە ڕەعدەوە دەکات و دەڵێت حوسێن لەبەیانییەوە دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە، تانکەرەکەشی لەبەر دەرگایە و وەڵامی تەلەفۆنیش ناداتەوە.

ڕەعد گوتی: "پەیوەندیم بە برا گەورەکەمەوە کرد، دوای ماوەیەک ئەویش هات و زۆر شوێن بەدوایدا گەڕاین. ڕۆیشتین بۆ لای چەند هاوڕێیەکیشی بۆ ئەوەی بزانین لای ئەوانە یان نا، بەڵام لای هیچ یەکێک لە هاوڕێکانی نەبوو".

ڕەعد و براکەی زۆر شوێن بەدوای حوسێندا دەگەڕێن و سوودی نابێ، دواجار دەچن گۆڕستانەکە دەگەڕێن . ڕەعد دەڵێت: "حوسێنی برام کاتێک بێتاقەت دەبوو، دەچوو بۆ گۆڕستانی کەلاری کۆن. خۆی چەند جارێک بۆی باسکردووم کە بێتاقەت دەبێت دەچێتە ئەو شوێنە. لەگەڵ براکەم چووین بۆ گۆڕستان، کەمێک بەنێو گۆڕستانەکەدا گەڕاین، لە ناکاو حوسێنم دۆزییەوە لەسەر زەوی لەنێو خوێن کەوتبوو، تەرمەکەمان هەڵگرتەوە و بردمان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار".

بە گوتەی ڕەعد، حوسێن بە کلاشینکۆفەکەی گوللەیەکی لە قوڕگی خۆی دابوو، هەر لەوێ گیانی دەرچووبوو.

ڕەعد هیچ هۆکارێک شک نابات بۆ خۆکوشتنی براکەی و دەڵێت: "براکەم کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، جگە لەوەش نەخۆشیی دەروونی نەبووە تا بڵێین بەو هۆیەوە خۆی کوشتبێ".

بەڵام ڕەعد نایشارێتەوە براکەی زوو زوو بێتاقەت دەبوو: "حوسێن کاتێک بێتاقەت دەبوو قسەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەدەکرد، دەچوو بۆ گۆڕستانی کەلاری کۆن، زۆرم لێدەپرسی هۆکار چییە دەچیتە ئەو گۆڕستانە؟ چونکە هیچ کەسێکی ئێمە لەو گۆڕستانە بە خاک نەسپێردراوە، بەڵام ئەو هەمیشە دەیگوت هەر کاتێک بێتاقەت دەبم و دڵم توند دەبێ، دەچمە ئەوێ".

ئەوەی بووەتە گرێ لەسەر دڵی کەسوکاری حوسێن، ئەوەیە کە نازانن بۆچی خۆی کوشتووە. ڕەعد دەڵێت: "هەر هاوڕێیەکی براکەم هاتبێت بۆ پرسە، بڕوای نەکردووە حوسێن خۆی کوشتووە. هەمووومان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین کە بۆچی خۆی کوشت، بۆچی لە گۆڕستان خۆی کوشت؟".

# تووشبوویەکی شێرپەنجە خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی دوو ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووبوو، خێزانەکەی چەند جارێک بردیانە دەرەوە بۆ چارەسەر، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو چیدی بیبەنە دەرەوە و دواجار بە پەت خۆی خنکاند، کەسوکارەکەی دەڵێن بەرگەی نەخۆشییەکەی نەگرت، بۆیە خۆی خنکاند.

ڕۆژی 2019/12/9 گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ، بەناوی (میللەت مەناف) کە دانیشتووی گوندی بێسرێی سەر بە پارێزگای دهۆک بوو، لەنێو گەوڕی مەڕ و ماڵاتەکەی خۆیاندا، بە پەت خۆی خنکاند.

(ڕووداو) پەیوەندی بە موقەدەم هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆکەوە کرد، بەڵام ئەو گوتی هەتا لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەبارەی ڕووداوەکە تەواو نەبێت، هیچ قسەیەک ناکەن.

جەمیل مەناف کە برای میللەتە، دەڵێت براکەی دوو ساڵ لەمەوبەر گرێیەک لە قاچی هاتبوو، بەهۆی ئەوەی ئازاری زۆر بوو بردبوویان بۆ لای پزیشک، دوای ئەوەی پزیشک پشکنینی بۆ کرد، دەرکەوت تووشی شێرپەنجە بووە.

میللەت دەستی بە وەرگرتنی چارەسەر کردبوو، سەرەتا لە کوردستان چارەسەری وەردەگرت، بەڵام دواتر کەسوکارەکەی بردیان بۆ تورکیا و لەوێ نزیکەی مانگێک لە ژێر چاودێریی پزیشکدا مابووەوە. براکەی دەڵێت کە لە تورکیا گەڕایەوە، چارەسەری کیمیایی بەکاردەهێنا، بەڵام وەرگرتنی چارەسەرەکە زۆر بێتاقەتی کردبوو، بە تایبەتی کە هەستی بەوە کردبوو چارەسەرەکان ڕەنگی ڕوخساریان گۆڕیوە، زۆر بەوە بێتاقەت بوو.

وەک جەمیل باسی دەکات، براکەی بەهۆی شێرپەنجەوە نەیدەتوانی بە قاچەکانی بڕوات، جار جار بە گۆچان لە ماڵەوە هاتوچۆی دەکرد.

جەمیل دەڵێت: "براکەم ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی خراپتر دەبوو، بۆیە باوکم بڕیاری دا بۆ چارەسەر بیبات بۆ هیندوستان، لەوێ نزیکەی مانگێک چارەسەری وەرگرت، پزیشکەکانی ئەوێ پێیانگوتبوو کە نەخۆشییەکەی کۆنترۆڵ کراوە، ئیدی گەڕانەوە کوردستان".

بەڵام شێرپەنجە بەرۆکی میللەت بەرنادات و دوای چەند مانگێک دووبارە دەکەوێتەوە نەخۆشخانە. جەمیل دەڵێت: "براکەم تەندروستی باش بوو، بە قاچەکانی خۆی دەڕۆیشت، بەڵام دووبارە ناچار بوو چارەسەری کیمیایی بەکاربێنێ. کاتێک کاریگەرییەکانی دەرزییەکەی بەسەر جەستەیەوە دەبینی، لەوانەش هەڵوەرینی قژ و گۆڕانی ڕوخساری، زۆر پێی بێتاقەت دەبوو، دەیگوت من قەت چاک نابمەوە. هەمیشە دڵمان دەدایەوە و پێماندەگوت چاک دەبیتەوە، بەڵام سوودی نەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر باری دەروونی تێکدەچوو، بەردەوام بیری لە نەخۆشییەکەی دەکردەوە".

باوکی زۆر هەوڵدەدات دووبارە کوڕەکەی بباتەوە دەرەوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر، بەڵام کوڕەکەی ڕازی نابێ و دەڵێت هەر لێرە چارەسەر وەردەگرم و پێویست بە دەرەوە ناکات.

جەمیل باسی خۆخنکاندنی براکەی کرد و گوتی: "میللەت نانی نیوەڕۆی خواردبوو، نزیکەی سەعات سێ بە دایکمی گوتبوو دەچمە دەرەوە، هەتا سەعات چوار و نیو هیچ هەواڵێکی نەبوو. بۆیە دایکم پەیوەندی پێوەکردم.

جەمیل لە هەموو شوێنێکی گوندەکە بەدوای براکەیدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە، لەو کاتەدا یەکێک لە دراوسێکانی پەیوەندی پێوە دەکات و دەڵێت براکەت لە گەوڕی ئاژەڵەکاندا خۆی خنکاندووە.

دراوسێیەکی ماڵی میللەت پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە. ئەوانیش تەرمی میللەت دەگوازنەوە بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی دهۆک. بەگوێرەی ئەو پشکنینانەی بۆ تەرمەکە کراون، میللەت لە نێوان سەعات سێ و نیو بۆ چوار، خۆی خنکاندووە.

جەلال ئەحمەد کە دراوسێی ماڵی میللەتە و ئەو بە خنکاوی دۆزیبوویەوە، گوتی: "هەندێک خواردن مابووەوە ژنەکەم گوتی بۆ ئاژەڵەکانی ئەوانی ببە، کە چوومە نێو گەوڕەکە، میللەتم بینی خۆی هەڵواسیبوو، یەکسەر پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کرد.

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی میللەت، جەمیل گوتی: "شێرپەنجە وای لە براکەم کرد لە ژیانی خۆی بێزار بێت. هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی خۆی بخنکێنێ".



میللەت دوو ساڵ بوو بەدەست ئازاری شێرپەنجەوە دەیناڵاند

## تۆماس کاپلان، ملیاردێری جووی ئەمریکی بۆ (ڕووداو):

# ئەوەی ئەمریکا لەگەڵ کوردی سووریا کردی درێژەپێدانی خیانەت بوو


(فۆتۆ: ڕووداو)

تۆماس کاپلان، ملیاردێری جووی ئەمریکی، بەهۆی پێشبینییەکانی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەناوبانگە. ساڵ و نیوێک پێشتر پێشبینی کردبوو سەددام پەلاماری کوێت بدات. دواتر پێشبینی کرد ئاکامی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، کشانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ. هەردوو پێشبینییەکەی ڕاست دەرچوون. دوایین پێشبینیی کاپلان کە ڕاست دەرچووبێ لەبارەی هێرشی ئێران بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە بوو.

کاپلان، تەمەن 57 ساڵ و لەدایکبووی نیویۆرک. لە کاتی نووسینی دکتۆراکەی ئاشنای دۆزی کورد بووە و ئێستا خۆی بە "دۆستی کورد" دەزانێ. تۆماس کاپلان بە هاوبەشی لەگەڵ بێرنارد هێنری لیڤی ڕێکخراوی "دادپەروەری بۆ کورد"یان دامەزراندووە کە بنکە سەرەکییەکەی لە نیویۆرکە و ئامانج لێی دروستکردنی هۆشیاری و جووڵاندنی ڕای گشتییە بەرامبەر دۆزی کورد.

**هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین گلی**
**ڕووداو- نیویۆرک**

**ڕووداو: دەمەوێ لە پێشبینییە بەناوبانگەکانتەوە دەستپێبکەین، تۆ پێشبینیت کردبوو سەدام حوسێن هێرش دەکاتە سەر کوەیت، ڕاستیش دەرچوو، ئەوە لە هەشتاکان بوو. وابزانم چەند ساڵێکی کەم پێش هێرشەکە پێشبینیت کردبوو؟**

**تۆماس کاپلان:** بەڵێ 18 مانگ.

**ڕووداو: هەروەها پێشبینیت کردبوو دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەمریکا دەست بە کشانەوە لە ناوچەکە دەکات، نازانم ئەوەشیان ڕاستە یان نا؟**

**تۆماس کاپلان:** بەڵێ.

**ڕووداو: بەڵام دوایین پێشبینیت لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر بوو کە لەبارەی هێرشی سەر ئارامکۆ بوو. تۆ پێشبینیت کردبوو ئەو هێرشە پێش هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل دەبێ و ڕێک دوای سەعات سێی بەرەبەیان دەبێ. هێرشەکەش ڕوویدا. پێشبینی داهاتووت چییە؟**

**تۆماس کاپلان:** ناوچەکە لە شەڕدایە، یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد ئەو پێشبینییانە باس بکەم کە وابزانم لەگەڵ هاوڕێکانم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە دانیشتنی تایبەتیدا بوو، ئەوە بوو کە بە بڕوای من ئەمە بۆ خەڵکی ئەمریکا و ئەورووپاش گرنگە تێبگەین لەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر ئێستا لە شەڕێکی ناوچەییدا تێوەگلاوە. ئەوەی هانیدام ئەمە باس بکەم هێرشەکانی 14ی ئەیلوول نەبوو، بەڵکو هێرشی چەند ڕۆژ دواتری ئەمریکییەکان بوو بۆ سەر کوردی سووریا. من ئەوەش ناودەنێم هێرش، چونکە ئەو هەنگاوە وەک ئەوە بوو هێرشێکی ئاسمانی بکەینە سەر پێگەکانی خۆمان، بەڵام ئەوەیان خیانەتێکی ئارەزوومەندانە بوو، ئەمە وەک داوای هێرشی ئاسمانی بوو بۆ سەر دۆستەکان و هاوسەنگەرەکانی خۆت.

**ڕووداو: مەبەستت ڕێگەدان بوو بە تورکیا بۆ ئەوەی بێتە ناوەوە؟**

**تۆماس کاپلان:** بەڵێ، بە پشتکردنە کوردی سووریا و هێزەکانی هەسەدە. ئێمە خەڵکانێکمان پشتگوێ دەخست کە پێکەوە و لە مەیدانی شەڕ و پێکدادان شەڕمان کردبوو، هاوژین و منداڵەکانیانمان ڕادەستی تورکەکان دەکرد.

**ڕووداو: ململانێ و شەڕێکی ناڕاستەوخۆی ناوچەیی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا هەیە، ئایا پێشبینی جەنگێکی ڕاستەوخۆ دەکەیت؟ پێتوایە لە یەک ساڵی داهاتوودا ئەمە ئەگەرێک بێ؟**

**تۆماس کاپلان:** پێموایە ئەمە ئەگەرێکە دەکرێ بەیانی ڕووبدات. لە نزیک ساڵێک لەمەوبەرەوە تێڕوانینێکی ڕەشبینانەم هەیە سەبارەت بەوەی ناوچەکە بەرەو کوێ دەچێ. من ئەمە بە هاوڕێکانم لە پایتەختی وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیلیش گوتووە. بێگومان من ئیعتیبارم هەیە و کاتێک دەڵێم شتانێک دەبینم کە دەکرێ ڕووبدەن، قسەکانم بە جدی وەردەگیرێن. کاتی ڕووداوەکان شتێک بوو کە

> سعودیەی محەممەد بن سەلمان باشترە لە سعودیەیەکی وەهابی

نەمدەتوانی مەزندەی بکەم، لە دەوروبەری بەهار، یان با بڵێم لە ئادار یان نیسان، بۆم ڕوون بووەوە کە گرژیی نێوان ئیسرائیلییەکان و ئێرانییەکان دۆخێک دەهێنێتە ئاراوە، وەک بە هاوڕێکانم لە کەنداو گوت، دەکرێ لە هەرکاتێکدا خاوەنشکۆی کەنداو تەلەفۆنێکی بۆ بێ و پێیبڵێ لە سەعات سێی بەرەبەیان هێرشمان کراوەتەسەر، هێرشێکی گەورە، مەبەستیشم لە هێرشی گەورە شتێکی وەک دامەزراوە نەوتییەکان، یان با بڵێم شتێک کە ئامانجی ئەوەیە گەورە بێ و ئازاریان پێبگەیەنێ. ئێستا با بزانین ئەوەی لە ناوچەکە ڕوودەدات چییە. شەڕەکە هەر ئێستاش شەڕێکی ناوچەییە. دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، واتە ئەو ڕێککەوتنەی بە پلانی هەمەلایەنەی کاری هاوبەش ناسراوە، ئێرانییەکان دەستیان بە هەوڵێک کرد کە لەڕووی سەرکێشییەوە یەکجار سەرسوڕهێنەر بوو. من ستایشی دەکەم. بەو مانایەی کە کاتێک دوژمنێک هەیە ستراتیژێکی زۆر بەباشی جێبەجێ دەکات، تۆ ستایشیان دەکەیت. هەر دەبێ واش بێ، واتە لەلایەکەوە بەجدی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت و دەزانیت کە ئەوان لە یاساکانی یارییەکە تێدەگەن. دوای واژۆکردنی پلانی هەمەلایەنەی کاری هاوبەش، یەکەم هەنگاوی ئێرانییەکان ئەوە نەبوو پێشوازی لەو دەستی دۆستایەتییە بکەن کە سەرۆک ئۆباما بۆ لای ئەوانی درێژکردبوو، بەڵکو پشتگوێیان خست و قاسم سولەیمانییان نارده مۆسکۆ، تاوەکو ڕێگە خۆش بکەن بۆ ئەوەی ڕووسیا بێتە ناو سووریا و پشتگیری هێزی ئاسمانی دابین بکات بۆ ئێرانییەکان و حیزبوڵڵا و ئەو هێزە چەکدارانەی لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاستەوە هێنرابوونە سووریا. ئەمە هەنگاوێکی زۆر نایاب بوو. ستراتیژی ئێرانییەکان ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نفووزی خۆیان لەسەر ئەرزی واقیع فراوان بکەن، واتە لە ئێرانەوە بەناو عێراق و سووریادا هەتا دەگاتە سەر دەریای نێوەڕاست. ئاشکرایە کە حیزبوڵڵا هێزی باڵادەستە لە لوبنان. لە سووریاش بە ڕزگارکردنی ئەسەد لە کەوتن و ڕێگەدان بە عەلەوییەکان بۆ ئەوەی حوکمی

> بێرنارد هێنری لیڤی یەکێک لە دایانمیکترین و کاریزمیترین مرۆڤەکانی جیهانە

وڵات بکەن، ئێرانییەکان لوبنان و سووریایان پێکەوە بەستووەتەوە، بەشە سوننەکانی عێراق کە جێی بایەخی خۆیانە، بەشە شیعەکەی عێراقیش کە هیچ گومانی تێدا نییە. ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە. ئەمە جۆرێکە لە ئۆپەراسیۆن کە ئیمپراتۆریەتی ساسانی یان ئیمپراتۆریەتە فارسییەکانی پێشترمان بیردەخاتەوە. ئەو ئۆپەراسیۆنە سەرکێشانە و مەزنەیان بۆ چووە سەر، بەڵام ئەوەی ئێرانییەکان حیسابیان بۆ نەکردبوو دوو شت بوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە سەرۆک ترەمپ هەڵدەبژێردرێ و سزاکان بەسەر ئێراندا دەسەپێنێتەوە. ئەوان پێیانوابوو ئەوەیان بۆ دەچێتە سەر کە سیاسەتێکی دەرەوەی ئیمپراتۆریانەیان هەبێ و لە هەمانکاتدا سەرمایە و وەبەرهێنانی دەرەکیش بێتە ناو وڵاتەکەیانەوە و لە باشترین ڕەوشدا بن. وەهاش دیار بوو کە دۆخەکە بەڕاستی وایە.

**ڕووداو: ئەوە شتێک بوو کە ڕوویدەدا...**

**تۆماس کاپلان:** ئەوە شتێک بوو کە ڕوویدەدا. ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد. بڕوام وایە ئەوان چاوەڕێی ئەوەشیان نەدەکرد کە ئیسرائیلییەکان ئەوەندە بێنە پێشەوە لە هێرشکردنە سەر ئێرانییەکان، بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرن بنکەی هەمیشەییان لە سووریا هەبێ وەک ئێستا دەیبینین لە دژی کەتایبی

> ئێرانییەکان لەبارەی ترەمپەوە دەڵێن "ئەو شێر نییە، کەروێشکە"

حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی لە عێراقیش هەمان شتە. تەنانەت هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بەیروتیش هەبوو. کەواتە ئیسرائیلییەکان دەستدەکەنەوە و ئەمریکییەکان ئەوەی لە دەستیان بێ دەیکەن بۆ ئەوەی بیانبەستنەوە. ئێرانییەکان دەزانن ئیسرائیل توانای ئەوەی هەیە زۆر بە توندی لێیان بدات. ئینجا پێموایە ئەوەشیان لێکدابووەوە کە ئیسرائیل، هەڵبەت نەک هەموو ئیسرائیل، بەڵام بەشێک لە دامەزراوەی سیاسیی ئیسرائیل پێیان ناخۆش نابێ ئەگەر پێش هەڵبژاردنەکان جەنگێک ڕووبدات. ئێرانییەکان مشتومڕیان نەدەویست، بەڵام دەیانویست وەڵامی هێرش بدەنەوە. ئەوان تەکنەلۆژیای ئەوەشیان هەبوو کە بەشێوەیەکی زۆر شارەزایانە ئەو کارە بکەن. ئەوەش هێرشەکەی سەر بەقیق بوو. ئەو شتەی کە من لە مانگی تەمووز لێی تێگەیشتم، ئەوە بوو کە ڕەنگە کاتی هێرشەکان پێش هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل بێ.

**ڕووداو: زۆر کەس لە ناوچەکە چاوەڕێ دەکەن ئەو شەڕە ناڕاستەوخۆیە هەر بە ناڕاستەوخۆیی بمێنێتەوە، چونکە خەرج و باجی جەنگێکی ڕاستەوخۆ زۆر دەبێ، بەتایبەتی بۆ ئێرانییەکان. عەقڵانی نییە بچنە ناو جەنگێکی ڕاستەقینەوە لەگەڵ ئیسرائیل. پێتوانییە ئەمە ئەگەری جەنگێکی ڕاستەوخۆ زۆر کەم دەکاتەوە؟**

**تۆماس کاپلان:** ئیسرائیلییەکان زۆر بە ڕوونی باسی ئەوەیان کردووە کە دنەدانی زیاتری ئێران و کردنەوەی بەرەی نوێ قەبوڵ ناکەن. هەفتەی ڕابردوو، بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، ئێرانییەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە مووشەک لە یەمەن دادەنێن، تاوەکو لەوێوە ئیسرائیل بکەنە ئامانج. ئەگەر گوێ بۆ ئەو لێدوانانەش بگری کە لە ئێرانەوە دێن، پێدەچێ ئەوانیش ئەوە پشتڕاست بکەنەوە کە ئامانجەکەیان بەڕاستی گەمارۆدانە، بەڵام با هەندێک زیاتر لەوە تێبگەین. ئەمە جموجۆڵێک نییە تەنیا ئیسرائیل و ئێرانی تێدا بێ. ئەجێندای یەکەم و سەرەکیی ئێران ئەوەیە عێراق هەڵمژێ. ئەمە ئەجێندای ئەوانە. عێراق خەڵاتەکەیە، یان بەشێکە لەو خەڵاتەی کە دەیانەوێ.

**ڕووداو: بۆچی عێراق؟ هەڵبەت منیش دەزانم عێراق گرنگە بۆ ئەوان.**

**تۆماس کاپلان:** مەسەلەکە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە، جیا لەمە عێراق وڵاتێکی زۆرینە شیعەیە. ئێرانییەکان بڕوایان وایە کە دەتوانن عێراق بگۆڕن بۆ شتێکی زیاتر لە وڵاتێکی ژێردەستە، واتە بیکەن بە شتێک کە نزیکە لە پارێزگایەکی خۆیان. ئەمە ئەجێنداکە بوو. ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بۆ ئەوە بوو سەرچاوە و کاتیان بداتێ بۆ تەواوکردنی ئەو ئەجێندایە.

**ڕووداو: لە کۆتاییدا هەر چەکی ئەتۆمی بەدەستدێنن؟**

**تۆماس کاپلان:** ئەوە گومانی تێدا نییە، هەر بۆیە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵەیەک بوو، چونکە ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران نەدەهێنا، بەڵکو بەو وادەیەی کە بۆ جێبەجێکردنەکەیان دانا، بەرنامەکەی دواخست، بەم مانایەش ڕێککەوتنەکە تۆوی ململانێی ئەتۆمی لە ناوچەی کەنداو چاند، ئەگەر من ڕاوێژم پێشکەش بە سعودیە کردبا، ئەوە پێیانم دەگوت کە دەبێ ئەوانیش ببنە وڵاتێکی ئەتۆمی.

**ڕووداو: بەڵێ، وەک ئەوەی ڕوویدا..**

**تۆماس کاپلان:** ئەمە شتێکی باش نییە بۆ ناوچەکە کە ململانێیەکی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست ببێ. وەک ئاشکرایە سعودیەی ئەمڕۆ کە لە ژێر دەسەڵاتی محەممەد بن سەلمانە باشترە لە سعودیەیەکی وەهابی، بەڵام بەو حاڵەشەوە هیچکەسێک نایەوێ سعودیەیەکی ئەتۆمی ببینێ، وەک چۆن کەس نایەوێ ئیمارات یان قەتەرێکی ئەتۆمی ببینێ، یان با بڵێین تورکیایەکی ئەتۆمی. هەفتەی ڕابردوو ئەردۆغان گوتی بۆچی ئێمەش نابێ چەکی ئەتۆمیمان هەبێ، بۆچی لە شتێک بێبەشکراوین کە وڵاتانی دیکە هەیانە؟ بۆیە دەڵێم ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران تەنیا شتێکی دواخستووە، بەڵام ململانێیەکی لەسەر چەک لە ناوچەکەدا دروستکردووە. فۆکەسی ستراتیژی ئێرانییەکان لەسەر عێراق و دواتر لەسەر سووریا بوو، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی بەهێزتر گەمارۆی عێراق بدەن. ئەو ستراتیژە پەیوەندی بە دروستکردنی ئەو کاناڵە ئیمپراتۆرییەوە هەیە کە بەرەو دەریای نێوەڕاست دەچێ. ئێران شەڕی یەمەنی دروستکرد، ئەوە ئێران بوو کە حووسییەکانی هاندا سەنعا بگرن، بۆ ئەوەی سەرنجی سعودیە و ئیمارات بەرنە دووری ناوچەکە و

> ڕێگەدان بە قاسم سلێمانی بۆ گرتنەوەی کەرکووک سکاندڵ و تاوان بوو

لە سەنتەرە ڕاستەقینەکەی ڕووداو و چالاکییەکانی دووربخەنەوە کە لە دیوی باکووری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. کاتێک سعودییەکان و ئیماراتییەکان لە یەمەن شەڕی ئێرانیان دەکرد، ئیسرائیلییەکان لە باکووری ناوچەکە ئەرکە قورسەکەیان هەڵگرتبوو.

**ڕووداو: بەپێی ئەوەی لە یەک مانگی ڕابردوودا بینیمان و ئەوەی ئێستا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕوودەدات، بەشێوەیەکی گشتی داهاتووی کورد چۆن دەبینی؟**

**تۆماس کاپلان:** حەزم دەکرد شتی لەوە دڵخۆشکەرتر بڵێم، بەڵام باشترین شت کە دەتوانم بۆ کورد بیڵێم ئەوەیە دەبێ ئەوان هەر ئەوە بکەن کە هەمیشە کردوویانە، واتە هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژن و بڵێن ئەمەش تێدەپەڕێ و ئەوەش تەواو دەکەین. ئەو تەحەدا ناخۆشەی کە لە مێژوودا و بەم دواییەش بە ترسناکترین شێوە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە، خیانەتە. خیانەت شتێکی باوە لە مێژووی کورددا. ئەمە لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی مێژووی جوولەکانە، بەو مانایەی خەڵک حەز دەکەن شینیان بۆ بکەن، دەستی خۆیان لە تاوانەکان بشۆنەوە، نەک هاوکارییان بکەن. کاتێک دوو ساڵ لەمەوبەر گرووپی دادپەروەری بۆ کوردمان دامەزراند، ئامانجمان ئەوە بوو هاوسۆزیی خۆمان لەگەڵ کوردی عێراق دەربڕین، واتە دوای گشتپرسی و دوای ئەوەی خیانەتیان لێکرا. ئەوکاتەش گوتمان ئەگەر کورد بەرژەوەندیخوازتر بوونایە، ئەوە کاتێک حکومەتی عێراق پێویستییەکی

> شەڕی ڕاستەوخۆی و ئێران و ئیسرائیل ئەگەرێکە دەکرێ بەیانی ڕووبدات

تەواوی بە کورد هەبوو، دەیانتوانی ئەو ساتەوەختە بەکاربهێنن و هەر هیچ نەبێ کۆمەڵێک بەڵێن وەربگرن، ئەو بەڵێنە دەیتوانی هیوایەک بە کورد بدات کە دوای تەواوبوونی شەڕەکە، دەکرێ دەستکەوتی سیاسییان هەبێ. کورد بە متمانەوە مامەڵەی کرد، ئەمە یەکێکە لە شتە ئەفسووناوی و جوانەکانی کورد. زیانی ئەو جۆرە مامەڵەیەش ئەوە بوو کە کورد جارێکی دیکە خیانەتی لێکرایەوە، بە شێوازێکی زۆر ناخۆشیش خیانەتیان لێکرا. ئەوەی ئەمریکا بەمدواییە لەگەڵ کوردی سووریای کرد، درێژەپێدانی ئەو خیانەتەیە، بەڵام لە شێوە زۆر خۆپەرستانەکەیدا، چونکە هەڵخەڵەتاندن و درۆی زۆری تێدا بوو کە خەڵک دەیبینی و ئێمەش دەمانبینی، چونکە کاتێک ئێمە لە گرووپی دادپەروەری بۆ کورد داوای هاوکاریمان لە خەڵک دەکرد، لیبراڵەکان، کۆنزەرڤاتیڤەکان، دیموکراتەکان و کۆمارییەکان بە ژن و پیاویانەوە و خەڵکانی سەر بە هەموو بۆچوونەکان هەستیان دەکرد ئەو خیانەتەی لە کورد کراوە ئاسایی نییە. ڕاستییەکەی ئەوە تاکە پرسە کە ئێستا ببینم هەردوو حزبەکە نیگەرانن لێی.

**ڕووداو: گرنگیی ئەم پشتگیرییە جەماوەرییە چی بوو، یان هەر ئەو کارەی کە گرووپەکەی ئێوە دەیکات. هەست دەکەی ئەم کاردانەوەیە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەهەمبەر کورد دەبێ؟**

**تۆماس کاپلان:** بەڵێ بڕوام وایە. هەڵبەت مەرج نییە هۆکاری ئەم بۆچوونەم بۆ گەشبینییەکەم بگەڕێتەوە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە ئێمە بەتایبەتی هەست بەوە دەکەین کە ئەم خیانەتەیان چ کاریگەرییەکی ڕوحی داناوە، ئەو خیانەتە دۆخێکی دروستکردووە کە زوو تەشەنە دەکات. بۆچی هەندێک خیانەت ئاوها دەنگدانەوەی بەهێزی هەیە. بەبۆچوونی من هەندێک هۆکار بۆ ئەم دەنگدانەوەیە هەن، پێش هەموو شتێک هیچ هۆکارێک نەبوو بۆئەوەی ئەمریکا بارگەی تێکبنێ و هاوپەیمانەکانی بکاتە قوربانی. هیچ هۆکارێکی ڕوون نەبوو. هاوپەیمانێکت هەیە 11 هەزار کوژراوی هەیە، 23 هەزار بریندارى هەیە. 30%ی سووریایان گرتووە، ڕەققەیان گرتووە. ئیدارەی یەکێک لە ئازادترین شوێنەکانی هەموو ناوچەکەیان کردووە. ئەوان توانیویانە لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوتوو بن، بێ ئەوەی سازش لەسەر بنەما بنەڕەتییەکانیان و بەها مرۆییەکانیان بکەن. ناکرێ داوای هاوپەیمانێکی لەوە باشتر بکەی، من بە ڕاستی بڕوام وایە نزیکەی هەموو بڕیاردەرانی ئەمریکا دژی پشتگوێخستنی کوردی سووریا بوون. ئەو بڕیارە بڕیارێکی زۆر شەخسی بوو کە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا دەریکرد.

ئەوەی دۆناڵد ترەمپ دەبووایە بیڵێ ئەوە بوو کە بە ئەردۆغان بڵێ هەر بیریش لەوە مەکەوە بچیتە ناو خاکی باکووری سووریا. تەنانەت بیریشی لێمەکەوە، ئەگەر یەک ئەمریکیش بکوژیت، ئێمە لێتان دەدەینەوە و لە ناتۆ دەرتدەکەین. بۆچی ترەمپ ئەوەی نەکرد؟ ئەوە شتێکە مێژوو بۆ ماوەیەکی درێژ باسی دەکات. من خۆم وەڵامێکم نییە بۆ ئەو پرسیارە، بەڵام هەندێک خەڵک هەن دەڵێن ترەمپ پیاوێکە دەکرێ زۆر بە ئاسانی خۆتی بەسەردا فەرز بکەیت. وەک ئێرانییەکان لەبارەی ترەمپەوە دەڵێن "ئەو شێر نییە، بەڵکو کەروێشکە". خۆت دەزانی هەندێکجار ئاسانترین ڕوونکردنەوە ڕاستترین ڕوونکردنەوەیە. ڕەنگە هۆکارەکە شتێکی دیکە بووبێ، من نازانم، بەڵام هیچ هۆکارێکی لۆژیکی نییە بۆ ئەو شتەی کردمان. ئینجا ئەم هەنگاوە سووکایەتییەکی زۆری بۆ ئەمریکا پێوە دیاربوو، سوپای ئەمریکا هەستیان بە شکانی شەرەفیان کرد، بڕوا ناکەم هیچ کەسێک لە وەزارەتی دەرەوە پێیوابووبێ کە ئەوە شتێکی باشە تورکیا بێتە ناو باکووری سووریاوە. ئینجا لە دۆسیەکەی 2017 لە عێراق، ئەوەی ئێمە کردمان بۆ ئەوەی قاسم سولەیمانی بتوانێ سەرپەرشتی گرتنەوەی کەرکووک بکات، ئەوە سکانداڵ و تاوانێکە تا سەردەمانێک دەمێنێتەوە لەگەڵمان.

**ڕووداو: تۆ زۆر بە ئاشکرا پشتگیری لە کورد دەکەی، ئەم ڕێکخراوەت لەگەڵ بێرنارد هێنری لیڤی دامەزراندووە. دەزانم تۆ پشتگیریی زۆر دۆز دەکەیت، بەڵام بۆچی فۆکەست لەسەر کوردە؟**

**تۆماس کاپلان:** وابزانم تێکەڵاویی من لەگەڵ ئەو بابەتە بۆ سەرەتای تێگەیشتنم لە مێژووی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها خوێندنەوەم لەبارەی تراومای 1975ی کورد. من وەک بەشێک لە دکتۆراکەم لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، توێژینەوەم لەسەر بزووتنەوەکەی بارزانی کرد. توێژینەوەی دکتۆراکەم لەسەر بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشە چەکدارییەکان بوو، واتە شەڕی پارتیزانی. بۆ کارەکەی خۆم هەوڵم دا ئەوەندەی بۆم بکرێ لەبارەی زۆرترین ژمارەی شۆڕشە چەکدارییەکانەوە توێژینەوە بکەم. یەکێک لە کەسایەتییە کلاسیکییەکانی ئەو بوارەش مستەفا بارزانی بوو. پاش ئەوە لە بابەتەکە شارەزا بووم و زانیم 1975 چیمان پێشاندەدات و ئاکامی ئەمە بۆ سیاسەتی ئەمریکا چی بوو، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیسرائیلییەکان دەبێ کە چووبوونە ناو کوردەکانەوە. هەروەها زانیم کە ئیسرائیلییەکان چەندە ویستوویانە وەک هاوسۆزێک لەگەڵ کورد بمێننەوە و کاتێک زانیویانە هەر دەبێ بڕۆن، هەستیان بە چ شەرمەزارییەک کردووە. چونکە بێ پشتگیریی سی ئای ئەی و ساواکی ئێرانی، ئەوانیش نەیاندەتوانی لە عێراق بمێننەوە. ئەمە ئەو شتە بوو کە وایکرد زیاتر لە مێژووی کورد تێبگەم. هەڵبەت من لە هێرشی سەر هەڵەبجە و هەڵمەتی ئەنفالیش و هەتا مێژووی ئێستای کورد هەر لەگەڵ مێژووەکەیدا هاتووم. من زیاتر لەوەی وەک بابەتێکی فیکری بایەخ بەوە بدەم، وەک هەست و سۆز بایەخم پێداوە. بەڵام ئەوەی دەرفەتی پێدام و هەنگاوەکەی خۆمی بۆم ڕوونکردەوە، دیدارم بوو لەگەڵ بێرنارد هێنری لیڤی. ئەو یەکێک لە دایانمیکترین و کاریزمیترین مرۆڤەکانی جیهانە، من خۆم زۆر بە شەرەفمەند دەزانم کە بە هاوڕێ و برا و هاوەڕامی خۆم لەو دۆزەدا ناوی بەرم. بەڵێ ئەوەی ئێمەی پێکەوە بەستەوە چیرۆکی کورد بوو.

> پشتگوێخستنی کوردی سووریا بڕیارێکی زۆر شەخسی ترەمپ بوو

> ئەوەی بێرنارد لیڤی و منی پێکەوە بەستەوە چیرۆکی کورد بوو

> خیانەت شتێکی باوە لە مێژووی کورددا

> ئێرانییەکان حیسابیان بۆ ئەوە نەکردبوو کە ترەمپ دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا

> ئەجێندای یەکەم و سەرەکیی ئێران ئەوەیە عێراق هەڵمژێ

# ساڵانە جگەرە 7 ملیۆن کەس دەکوژێت



ڕووداو- ڤێری وێڵ مایند

جگەرەکێشان گرفتێکی گەورەی جیهانییە، زیانەکانی جگەرەکێشانیش زۆر دەمێکە بەشێوەی زانستی سەلمێنراون، سەرەڕای ئەو زیان و گۆڕانکارییانەی بەسەر جەستەی جگەرەکێشەکاندا دێ، دووکەڵی جگەرە زیانی بۆ ئەو کەسانەش هەیە کە جگەرە ناکێشن، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت ئەگەر ڕێگە لەم گرفتە نەگرن و چارەسەری نەکەن، ساڵانە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بەهۆی کاریگەرییەکانی جگەرەوە دەمرن، ئەمانە چەند ڕاستییەکن لەبارەی جگەرەکێشان:

- بەگوێرەی ئامارەکانی تەندروستی جیهانی، ئێستا لە جیهاندا 1.1 ملیار جگەرەکێش هەن. پێشبینی دەکرێت تاوەکو ساڵی 2025 ژمارەکە بەرز ببێتەوە بۆ 1.6 ملیار کەس.
- ساڵانە حەوت ملیۆن کەس بەهۆی جگەرەوە دەمرن، بەو پێیەی تەندروستیی جیهانی دەڵێت لە هەر پێنج چرکەیەکدا کەسێک بەهۆی کاریگەرییەکانی جگەرەوە دەمرێت.
- ئەو کەسانەی جگەرەدەکێشن، تێکڕایی تەمەنیان 13 ساڵ کەمتر دەبێتەوە بەراورد بە کەسێک کە جگەرە ناکێشێت.
- جگە لە شێرپەنجەی سییەکان، جگەرەکێشان هۆکاری هەریەکە لە شێرپەنجەکانی میزڵدان، خوێن، ملی منداڵدان، کۆڵۆن، سورێنچک، گورچیلە، قورگ، جگەر و گەدەیە.
- زۆربەی جگەرەکێشەکان لە وڵاتە هەژار و داهات مامناوەندەکاندان.
- لە جیهاندا لە هەر خولەکێکدا 10 ملیۆن جگەرە دەکرێت.
- زیاتر لە 4000 ماددەی کیمیایی لەنێو جگەرەدا هەن، 250یان زیانبەخشن و 50یان تووشکەری شێرپەنجەن.
- ساڵانە لە جیهاندا 890 هەزار کەس بەهۆی دووکەڵی جگەرەوە دەمرن.
- جگەرەکێشان یەکێکە لە هۆکارە دیارەکانی لاوازبوونی توانای سێکسی لە پیاواندا.
- نزیکەی 69%ی جگەرەکێشەکان دەیانەوێت واز لە جگەرەکێشان بهێنن.
- نزیکەی سێیەکی جگەرەکێشەکانی جیهان چینییەکانن.

# جگەرەی ئەلیکترۆنی و جەڵتە

ڕووداو- ئیندیپێندنت

توێژینەوەیەکی نوێی پزیشکانی ئەڵمانی پەیوەندی دۆزیوەتەوە لەنێوان کێشانی جگەرەی ئەلیکترۆنی و زیانگەیشتن بە لوولەکانی خوێن و سەرەنجام تووشبوون بە جەڵتەی دڵ.

پزیشکانی ئەڵمانی لە سەنتەری پزیشکیی مەینز لە ئەڵمانیا لە توێژینەوەیەکی نوێیاندا لە کاریگەرییەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنییان لەسەر لوولەکانی خوێن و دڵ کۆڵیوەتەوە و ئەنجامی توێژینەوەکەشیان لە جۆرناڵی پزیشکی (European Heart Journal) بڵاوکردووەتەوە.

دکتۆر تۆماس مونزێل، پرۆفیسۆری نەخۆشییەکانی دڵ و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە لە سەنتەری پزیشکیی مەینز لە ئەڵمانیا دەڵێت: جگەرە ئەلیکترۆنییەکان ئێجگار مەترسیدارن، بەتایبەت بۆ گەنجان، چونکە نیکۆتینیان تێدایە و دەبنە هۆی ئاڵوودە بوون، دەبێت فرۆشتنی ئەو جگەرانە قەدەغە بکرێت.

دکتۆر تۆماس ڕوونیدەکاتەوە، جگەرەی ئەلیکترۆنی نزیکەی هەمان مەترسی جگەرەی ئاسایی هەیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ، کێشانی جگەرەی ئەلیکترۆنی ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ، خەمۆکی، نەخۆشییەکانی سییەکان و شێرپەنجە زیاد دەکات.

لە توێژینەوەکەی پزیشکە ئەڵمانییەکاندا هاتووە، کێشانی جگەرەی ئەلیکترۆنی دەبێتە هۆی زیادبوونی لێدانەکانی دڵ و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، هەروەها نێوپۆشی لوولەکانیش زیانی پێدەگات و بەمەش فرمانیان تێکدەچێت.

ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی جگەرەی ئەلیکترۆنی دراوە، لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا بەرپرسانی تەندروستی لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی وڵاتەکە، داوایان کرد فرۆشتنی جگەرە ئەلیکترۆنییەکان لەو وڵاتە رابگیرێت، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیەکی زیاتری گەنجان بەهۆیەوە نەخۆش دەکەون.



# کەمخەویی پاش وازهێنان لە جگەرەکێشان



ڕووداو- ڤێری وێڵ مایند

کەمخەوی یەکێکە لەو گرفتانەی زۆربەی جگەرەکێشەکان دوای وازهێنان ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەندێک کەسیش بەپێچەوانەوە لەوانەیە زیاتر لەوەی کە پێویستە بخەون، بەڵام هەردوو بارەکە مەترسیدارن هەم کەمخەوی و هەمیش زۆر خەوتن. هەموو ئەو گۆڕانکارییانەشی دوای وازهێنان لە جگەرەکێشان ڕوودەدەن، کاردانەوەی جەستەیە لەهەمبەر نەمانی نیکۆتین، بۆیە لەوانەیە کەسەکە هەست بە بێهێزی بکات. ئەمانە چەند ڕێگەیەکن بۆ ڕێکخستنەوەی خەو دوای وازهێنان لە جگەرەکێشان:

## - کافاین مەخۆرەوە:

کافاین ماددەیەکی وروژێنەرە، هەرچەندە بەشێکی زۆری خەڵکی دەزانن کافاین دەبێتە هۆی کەمخەوی، بەڵام ئەم ماددەیە لە جەستەی جگەرەکێشەکاندا زیاتر و زووتر کاریگەرییەکانی خۆی نیشاندەدات، بۆیە خواردنەوەی کافاین کەمخەوییەکەت زیاتر دەکات، هەوڵبدە بەدرێژایی ڕۆژ ڕێژەیەکی زۆر کەم لە کافاین بخۆیتەوە.

## - خۆشووشتن:

گوشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ دوو هۆکارن بۆ کەمخەوی لە دوای وازهێنان لە جگەرە، بۆیە بەر لە خەوتن خۆشووشتن بە ئاوی گەرم یارمەتیدەر دەبێت لە ئارامکردنەوەی دەروون و سەرەنجام کواڵیتی خەوێکی باش.

## - گوێگرتن لە میوزیک:

بەر لە خەوتن گوێگرتن لە میوزیکێکی ئارام ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ باشترکردنی کواڵیتی خەو، بۆیە هەوڵبدە گوێ لە میوزکێکی ئارام و نزم بگریت بۆ ئەوەی گرفتی کەمخەوییەکەت چارەسەر ببێت.

## - وەرزشکردن:

ڕۆژانە چالاکی جەستەیی ئێجگار گرنگە، تەنانەت ڕۆژانە 15 خولەک بەپێ ڕۆیشتن، بە ئەرێنی کار دەکاتە سەر کات و کواڵیتی خەوەکەت، بەڵام باشتر وایە چەند کاژێرێک بەر لە خەوتن هیچ چالاکییەکی جەستەییت نەبێ.

## - شیر بخۆرەوە:

ئامادەکردنی پەرداخێک شیری گەرم و تێکەڵکردنی لەگەڵ هەنگوین و دارچینی یەکێکە لەو خواردنەوانەی یارمەتیت دەدات باش بخەویت، ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندییان بە ماددەی (تریپتۆفان).

# کلینیکی وازهێنان لە جگەرە لە هەولێر دەکرێتەوە

ڕووداو- هەولێر

بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق، لە شاری هەولێر کلینیکی ئەنتیتۆباکۆ بۆ وازهێنان لە جگەرە و نێرگەلەکێشان کرایەوە. کردنەوەی ئەم کلینیکە بەشێکە لە کەمپەینی ئەنتیتۆباکۆی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان.

بۆ ساڵی سێیەم دێسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداو کەمپەینی ئەنتیتۆباکۆ ڕادەگەیێنێت کە ئامانج لێی دوورخستنەوەی هاووڵاتییانە لە جگەرە و نێرگەلە و دروستکردنی ژینگەیەکی بێ دووکەڵە، سەرەتای بیرۆکەی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2017 کە زیاتر لە 3500 کەس بەشداریی پرۆژەکەیان کرد و وازیان لە جگەرەکێشان هێنا، لە ساڵی دووەمی پرۆژەکە 9500 کەس لە هەر چوار پارچەی کوردستان و تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوەش بەشدارییان کرد و کەسێکیش لە کۆتاییدا ئۆتۆمبێلێکی وەک خەڵات وەرگرت.

جیاوازیی پرۆژەی ئەمساڵی ئەنتیتۆباکۆ بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کردنەوەی سەنتەرێکی پزیشکیی تایبەتە بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی دەیانەوێت واز لە جگەرە و نێرگەلە بهێنن. لە سەنتەرەکەدا پشکنین بۆ جگەرەکێشەکان دەکرێت و دواتر لەژێر سەرپەرشتی تیمێکی پزیشکیی پسپۆڕی ڕاهێنراو لە بواری پرۆگرامی وازهێنان لە جگەرەکێشان، سەرپەرشتی دەکرێن. تێیدا هەم لەڕووی جەستەییەوە و هەمیش لەڕووی دەروونییەوە چارەسەر پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێت. فۆرمی بەشداری لە پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان تاوەکو مانگی ئاداری 2020 کراوە دەبێت و ئەوانەی جگەرەکێشن دەتوانن لە ڕێگەی پۆرتاڵی ڕووداو ناوی خۆیان تۆمار بکەن.




# ئایا نێرگەلە دەبێتە جێگرەوەی جگەرە؟

ڕووداو- ئەمێریکەن لانگ ئەسۆسیەیشن

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆی بڵاویکردووەتەوە ساڵانە حەوت ملیۆن کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەمرن، بەشێکی زۆری جگەرەکێشەکانیش وەک جێگرەوەیەک بۆ وازهێنان لە جگەرەی ئاسایی، ڕوودەکەنە کێشانی نێرگەلە و جگەرەی ئەلیکترۆنی، بەڵام پزیشکان بەهەموو شێوەیەک ئەم ڕێگەیە ڕەتدەکەنەوە.

بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر نێرگەلە کراون، دەرکەوتووە لەنێو نێرگەلەدا 82 ماددەی کیمیایی ژەهراویی تووشکەری شێرپەنجە هەن، هەروەها دەرکەوتووە ئەوانەی جگەرە ناکێشن، بەڵام نێرگەلە دەکێشن، ئەگەری ئەوەی لە داهاتوودا ڕووبکەنە کێشانی جگەرە، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە. سەبارەت بە زیانەکانیشی، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی نێرگەلە دەکێشن مەترسیی تووشبوونیان بە شێرپەنجەی سییەکان، میزڵدان و دەم زیاترە، هەروەها لە داهاتووشدا ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی دڵ، بەرزەپەستانی خوێن و گرفتەکانی سییەکان زیاتر دەبێت، بۆیە نێرگەلە بەهیچ جۆرێک نابێتە جێگرەوەیەکی دروست بۆ جگەرەکێشان.

ئێستا کێشانی جگەرەی ئەلیکترۆنیش لەنێو گەنجاندا لە سەرانسەری جیهاندا بووەتە شتێکی بەربڵاو، بەشێکی ئەوانەی کە هەرگیز جگەرەیان نەکێشاوە، خۆیان فێری جگەرەی ئەلیکترۆنی کردووە، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ توێژینەوەی زیاتر لەبارەی کاریگەرییە خراپەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنی دەکرێن، ئەمەش دوای ئەوەی هەندێ لە توێژینەوەکان ئەوەیان خستبووەڕوو کە جگەرە ئەلیکترۆنییەکان جێگرەوەی باشن بۆ وازهێنان لە جگەرەی ئاسایی، بەڵام ئەمە مردنی سەدان گەنجی لە سەرانسەری جیهان لێکەوتووە و پزیشکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی زیانەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنیش نزیکەی هەمان زیانەکانی جگەرەی ئاساییین.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گواستنەوەی نادادپەروەری بۆ نەوەکانی داهاتوو

سەربارى نیگەرانی و ناڕەزایەتیمان لە ئەدای حوکمڕانیی 28 ساڵی رابردوو، بەڵام ئەگەر کوردستان لەگەڵ دەوروبەرەکەی بەراورد بکەین، لەڕووی ئازادیی تاک و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ئاینی و سیاسییەوە، هەروەها لەڕووی ئاسایش و سەقامگیری، تاڕادەیەک لەڕوویی بژێوی و ئاستی ژیانیشەوە، لە تاران و لە دیمەشق و بەغدا و ئەنقەرە باشترین. بەڵام هاووڵاتی کورد لە کوردستان لەڕووی دەروونییەوە لە هاووڵاتیانی ئەو چوار وڵاتە ماندووتر و ناڕازیتر و نائومێدترە. هۆکارەکەشی ئەوە نییە کە خەڵکی ئێمە ناشوکر بن و بەهیچ رازی نەبن، یان بەوهۆیەوە نییە کە تاکی کورد بەردەوام ئومێد و خواستی باشتری هەبێت، بەڵکوو هۆکارە سەرەکییەکە گەندەڵی و نادادپەروەرییە.

ماوەی ئەم 28 ساڵە بەهۆی شەڕی ناوخۆ، بەهۆی دووئیدارەیی و بەهۆی کێبڕکێی هەڵبژاردن و ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی، هەروەها بەهۆی نەبوونی ئەزموونی بەڕێوەبردن و نەشارەزایی لە کاروباری دەوڵەت، ئەم دوو حیزبە کارێکیان کردووە لە فەرهەنگی حوکمڕانیی هیچ نەتەوە و میللەتێکدا وێنەی نییە. دەرئەنجامی ئەمەش وێنایەکی ناشرینی بۆ تەواوی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی و کارەکتەرەکانی دروستکردووە، بە ئەندازەیەک لەبەرچاو و لە سایکۆلۆجیای گشتیی کۆمەڵگادا ناشرین بوون کە بە ئاسانی ناتوانی باسی کار و رەفتاری کەسە باشەکانیشیان بکەیت. لەکاتێکدا لەگەڵ ئەو خراپەکاریانەی کراون، زۆر هەنگاوی گرنگیش گیراونەتەبەر و ئەو جیاوازییەی لە بەراوردکاری کوردستان و ئەو دەوڵەتانەدا بەدی دەکرێت، ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی کەسە باشەکانی ناو حیزب و حوکمڕانیی کوردییە. بەڵام ناعەدالەتی هەموو هەوڵ و هەنگاوە ئیجابییەکانی شاردووەتەوە.

ئەوەی مایەی مەترسییە تەنیا ئەوە نییە کە لێکەوتەکانی ئەو ناعەدالەتی و خراپ بەڕێوەبردنە هاووڵاتیانی بێهیوا کردووە، چونکە ئەگەر سلبیاتەکەی تەنیا هەر ئەوە بووایە، ئاسان دەتوانرا ئومێد بۆ خەڵک دروستبکرێتەوە. بەڵام مەترسییەکە لە بەردەوامبوونی ناعەدالەتیدایە کە نەک هەر بووەتە هەڕەشە لەسەر کوشتنی ئومێدی خەڵکەکەی، بەڵکوو خەریکە دەبێتە هەڕەشە بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستانیش. لەکاتێکدا کوردستان چواردەوری بە دوژمن دەورە دراوە و لە هەموو رێگەیەکەوە هەوڵی بنکۆڵکردنی دەدەن، بەڵام ئەگەر کورد هیچ دوژمن و نەیارێکیشی نەبێت، ئەم دۆخە خۆی بەرگە ناگرێت و رۆژێک دێت دەڕووخێت.

بۆیە گرنگە لە شوێنێکدا خاڵێک دابنرێت و ئەو شێوازە لە حوکمڕانی، لە سەروەرنەبوونی یاسا، لە بەهەدەردانی توانا و وزەی کۆمەڵگا، لە بەهەدەردانی سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی، لەو جیاکارییە جەرگبڕەی کۆمەڵگای کوردیی بۆ جیاوازی گەورەی چینایەتی دابەشکردووە، کۆتایی پێ بهێنرێت و پلان و نەخشەیەک دابنرێت کە کوردستان بخاتەوە سەر رێگایەک دڵنیایی مانەوەی دەستەبەر بکات. ئەگەر ئەوە نەکات، بەدڵنیاییەوە بەرگەی مانەوە ناگرێت.

دوای قەیرانی دارایی، دوای ئەو رووداوانەی بەسەرمانهاتن، چاوەڕوان دەکرا عیبرەت لەو کێشە و قەیرانانە وەرگیرابێت و ئەم چینە دەسەڵاتدارەی ناو حیزبەکان و جومگەکانی حوکمڕانی هەستیان بە مەترسییەکان کردبێت. پلان و بەرنامەی نزیک و دوورمەودایان هەبێت بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخەی کە لێکەوتەکانی گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. بەڵام هیواکان بۆ ئەمەش لاوازن. ئەوەی کەمێک ئومێدی لەسەر بینا دەکرا، ئەو پرۆژەی چاکسازییە بوو کە لە بانگەشەی هەڵبژاردن و لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتەوە وەک پرسێکی چارەنووسساز باس دەکرا. بەڵام ئەوەی ئێستا حکومەت ئامادەی کردووە و ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، نەک هیوا بۆ چاکسازی راستەقینە ناهێڵێتەوە، نەک شەرعیەت بە بەردەوامبوونی نادادپەروەری دەدات، بەڵکوو نادادپەروەرییەکە لەم نەوەیەوە دەگوازێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوویش.

کورد قسەیەکی هەیە دەڵێت (دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بچنێت). ئەم پرۆژەیەش بەو جۆرە ئامادە کراوە، ئیمتیازێکی زۆریان بۆ دەسەڵاتدارەکان و پلەباڵا و پەرلەمانتارەکان داناوە کە زۆرینەیان بە نزیکەی شەش ملیۆن دینار خانەنشین دەبن. لەکاتێکدا فەرمانبەر و کرێکار و پۆلیس و کارمەندانی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان بەشێکیان بە 200 هەزار خانەنشین دەبن. گرفتەکە لێرەدایە کە ئەگەر پێشتر ئەم نادادپەروەرییەی بەدەر لە یاسا و رێکاری دادپەروەرانە، بە بڕیاری حیزب یان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و لە رق و بۆ ململانێی یەکتر کراون، لەمەودوا شەرعیەتی یاساییان پێدەدرێت و دەشبێتە هۆکاری گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

بیهێننە پێشچاوی خۆتان کارمەندێکی دەزگایەکی خزمەتگوزاری وەک کەرتی تەندروستی بە 25 ساڵی خزمەتەوە کە خانەنشین دەبێت و سبەی کە دەمرێت منداڵەکانی دەبن بەمیراتگری 500 هەزار دینار، بەڵام منداڵی پەرلەمانتارێک بە چوار ساڵ نوێنەرایەتییەوە دەبن بە میراتگری پێنج بۆ شەش ملیۆن دینار. باشە ئەگەر بەهەر یاساو و بیانوویەک ئێستا ئەمە بۆ خۆتان بە رەوا دەبینن، بە چ ویژدانێک رەوایی بەوە دەدەن کە سبەی ئەم ناهەقییە لە نێو منداڵانی نەوەکانی داهاتووشدا بەردەوام بێت. تەنانەت ئەم جیاکارییەیان لەنێو ئەوانەشدا کردووە کە رۆحی خۆیان پێبەخشیون و لەپێناوی حیزبەکان یان لەپێناوی بەرگری لەم نیشتمانە شەهید بوون. لەکوێی دونیادا هەیە دوو کەس پێکەوە لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتێکدا لەیەک سەنگەردا شەهیدبن، بەڵام دەسەڵاتەکە بۆ منداڵ و نەوەی ئەم دوو شەهیدە جیاکاری بکات، یەکێکیان بکاتە خاوەنی مووچەیەکی چەند ملیۆنی و ئەوی دیکەیان چەند سەت هەزارێک.

ئێستا لیستی شەهیدان پڕن لەم جیاوازییانە، کەسێک شەهید بووە و کۆمەڵێک منداڵی لەپاش بەجێماوە، مووچەیەکی 500 هەزارییان بۆ بڕاوەتەوە، کەسێکی تریش شەهید بووە و یەک منداڵی هەیە و مووچەیەکی چەند ملیۆن دیناری دەدرێنێ. ئەمان جیاوازییان لەنێو ئەوانەشدا کردووە کە خۆیان بۆ بەکوشتداون. لەکاتێکدا پێویست بوو ئەگەر جیاکاری دەکرێت، لەسەر بنەمای منداڵ و نەوەکانیان بێت، بۆ نموونە بۆ هەر کەسێک کە شەهید دەبێت بڕێک پارەی دیاریکراوی یەکسان دیاری بکرێت وەک مووچەی شەهیدانە و پاشان بۆ خێزان و هەر منداڵێک بڕێکی تر پارە بچێتە سەر مووچە دیاریکراوەکە. بەڵام ئێستا وانییە، پێوەرەکە تێڕوانینی حیزبە بۆ شەهیدەکە و پێگە و دەسەڵاتی کەسوکارەکەی و بوونی ئاشنایەتییان لەگەڵ چینە دەسەڵاتدارەکە.

چ فەلسەفەیەکی حوکمڕانی لەپشتی ئەوەوەیە کە شەهیدێک حەوت منداڵی لەدوا جێمابێت و سەرگەردان بووبن، حکومەت پێنج بۆ شەشسەت هەزاریان بۆ ببڕێتەوە و کەسێکی تر یەک منداڵی هەبێت شەش قاتی ئەوە ئیمتیاز و مووچەی بدرێتێ. خۆ شەهیدەکە مووچەکە لەگەڵ خۆی ناباتە گۆڕەوە، مووچە بۆ خێزان و منداڵەکانیانە. جا مەترسییەکە ئەوەیە لە زۆربەی بوارەکاندا ئەم جیاوازیکردنە بەهۆی بیرکردنەوەیەکی نادروستی حیزبیانە و هەژموونی بەسەر فەلسەفەی حوکمڕانیی کوردییەوە هەیە و ئەگەر پێشتر لە دەرەوەی رێکاری یاسایی کراون، ئێستا بە یاسا رێکدەخرێن.

پێویستە خەڵک رێگە نەدات ئەم نادادپەروەرییە بەردەوام بێت، یان لانیکەم رێگە نەدات ئەمە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.



رێباز عەلی
rebaz.ali@rudaw.net

# چارەنووسی ترەمپ دوای لێپێچینەوە

رۆژی 18ی دیسێمبەر، ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دوو مادەی لێپێچینەوەی دژی دۆناڵد ترەمپ پەسەند کرد. ئەوانیش مادەکانی پێشێلکردنی دەسەلات و هەروەها بەربەست خستنە بەر کۆنگرێس. دەنگدان لەسەر لێپێچینەوە لە دۆناڵد ترەمپ لە ئەنجوومەنی نوێنەران مانای لەسەرکارلادانی سەرۆکی ئەمریکا نییە، بەڵکو کەیسەکە دەباتە ئەنجوومەنی پیران و پرۆسەی دادگایی دەستپێدەکات. دواتر دەنگ دەدرێت لەسەر ئەوەی سەرۆک تاوانبارە و دەبێ لەسەر کار لابدرێت، یاخود بێتاوانە و لەسەر کارەکەی دەمێنێتەوە.

مەترسی لێپێچینەوە لە دۆناڵد ترەمپ لە رۆژی 6ی نۆڤێمبەری ساڵی 2018 دروستبوو، کاتێک دیموکراتەکانی ئەمریکا توانییان لەو رۆژە و لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسدا، زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەستبهێنن. هەمان رۆژ ژمارەیەک لە ئەندامە نوێیەکانی کۆنگرێس لە پارتی دیموکراتەکان هەڕەشەی دەستپێکردنی پرۆسەی لێپێچینەوەیان لە دژی دۆناڵد ترەمپ راگەیاند.

لێپێچینەوە لە سەرۆکی ئەمریکا کارێکی ئاسان نییە. هەرچەندە دەستووری ئەمریکا چوارچێوەی گشتی ئەو پرۆسە ئاڵۆزەی دیاری کردووە. بەڵام دەستپێکردنی پرۆسەکە کارێکی یەکجار زەحمەتە. لە مادەی یەکی لێپێچینەوەدا هاتووە "ئەگەر بەرپرسێکی فیدراڵی تاوانێکی ئەنجامدا، یاخود بەشێوەیەکی نارێک هەڵسوکەوتی کرد، ئەوا ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانێ لێپێچینەوە لەو بەرپرسە بکات. ئەگەر تاوانەکە بەسەر بەرپرسەکەدا لە دادگای ئەنجوومەنی پیراندا سەپێنرا، ئەوا بەرپرسەکە لە کارەکەی دووردەخرێتەوە". ئەو تاوانانەی کە دەستوور دەستنیشانی کردوون، بریتین لە: خیانەت، وەرگرتنی بەرتیل، تاوانە باڵاکان و کەتن. هەرچەندە دیاری نەکردووە کە ئایا "تاوانە باڵاکان و کەتن" چین.

تۆمەتەکان دژی دۆناڵد ترەمپ دوو تۆمەتن؛ یەکەمیان پێشێلکردنی دەسەلات، ئەوی دیکە بەربەست خستنە بەر کۆنگرێس. لە مەسەلەی پێشێلکردنی دەسەلاتدا، ئەنجوومەنی نوێنەران ترەمپ تۆمەتبار دەکات بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی وڵات بۆ مەرامی سیاسی و دەستوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ئەوەش کاتێک لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دۆناڵد ترەمپ داوا لە سەرۆکی ئۆکراینا دەکات لێکۆڵینەوە لە کوڕی جۆ بایدن بکات. هەروەها هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەو کارە نەکات، ئەوا هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکراینا رادەگرێت. ئامانجی ترەمپ لەو داواکارییە ئەوە بووە کە لەو رێگەیەوە گرفت بۆ کامپەینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی پێشوو و بەربژێری ئێستای دیموکراتەکان دروستبکات. ئەوەش بەبڕوای ئەندامانی دیموکراتی ئەنجوومەنی نوێنەران، پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەسەڵاتە. تاوانی دووەم ئەو کاتە دێت کە کۆنگرێس دەیەوێ لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی ترەمپ بکات، بەڵام ترەمپ هەوڵی رێگریکردن و دروستکردنی بەربەست دەدات بۆ ئەوەی کۆنگرێس نەتوانن ئەو کارە بکەن.

ئێستا کە قۆناغی یەکەمی لێپێچینەوە کۆتایی هاتووە، قۆناغی دووەمی پرۆسەکە بریتییە لە ناردنی کەیسەکە لەلایەن نانسی پیلۆسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بۆ ئەنجوومەنی پیران. ئەنجوومنی پیران کە زۆرینەی کۆمارییە، هەر لە ئێستاوە رایانگەیاندووە کە ئامادەن کار لەسەر کەیسەکە بکەن، بەڵام دادوەری بێلایەن نابن. لیندزی گراهام سەرۆکی کۆمیتەی یاسادانان لە ئەنجوومەنی پیران دەڵێت: "هەموو کارێک دەکەم بۆ ئەوەی ئەم کەیسە لە ئەنجوومەنی پیران پەکبخەم. من هەوڵنادەم و ئەوە پیشان نادەم کە دادوەرێکی بێلایەن دەبم، چونکە ئەمە هەمووی شتێکی پڕوپووچی حیزبییە". لە وەڵامی ئەو قسانەدا، ئێستا پیلۆسی رایگەیاندووە کە کەیسەکە نانێرێت و دوایدەخات تا ئەو کاتەی کۆمارییەکانی ئەنجوومەنی پیران دڵنیای دەکەنەوە لەوەی پرۆسەی دادگاییکردنەکە پرۆسەیەکی خاوێن و بێلایەن دەبێت.

ئەگەر لە ئەنجوومەنی پیران کەیسەکە سەپێنرا و بەڵگە و شاهێدەکان توانییان ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران رازی بکەن بەوەی سەرۆکی ئەمریکا تاوانبارە، ئەوا پرۆسەی دەنگدان بۆ لەسەرکارلادانی ترەمپ بەڕێوەدەچێت. لەسەرکارلادانی سەرۆکی ئەمریکا لە ئەنجوومەنی پیران، پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان هەیە. ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی دیموکراتەکان 47 ئەندامە و کۆمارییەکانیش 53 ئەندام. دیموکراتەکان بۆ ئەوەی بتوانن ترەمپ لەسەر کارلابدەن، پێویستیان بە دەنگی 20 ئەندامی کۆماری دەبێت. کارێکی یەکجار قورسیشە بتوانن 20 ئەندامی کۆماری رازی بکەن بەوەی دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ لەسەرکارلادانی سەرۆکەکەیان. بۆیە هەموو پێشبینییەکان بۆ ئەوە دەچن کە ترەمپ لە کارەکەی دەمێنێتەوە و ئەندامانی کۆماری دەنگ بۆ بێتاوانبوونی دەدەن.

پرۆسەی لێپێچینەوەی دۆناڵد ترەمپ گرنگییەکی یەکجار گەورەی هەیە. ئێستا ترەمپ سێیەم سەرۆکە لەنێو 45 سەرۆکی ئەمریکادا کە رووبەڕووی لێپێچینەوە بووبێتەوە. پێش ترەمپ لە ساڵی 1868 ئەندرۆ جاکسن و بیل کلینتن لە ساڵی 1998 دوو سەرۆکی دیکەن لە مێژووی ئەمریکادا کە رووبەڕووی پرۆسەی لێپێچینەوە بوونەتەوە.



رابەر تەڵعەت
jawharraber@gmail.com

# نیشتمانپەروەریی عێراقی و ئایدیۆلۆژیای شیعەگەری

ئەو عێراقەی بەریتانییەکان لە ساڵی 1921 دروستیان کرد، ئەمریکییەکان لە ساڵی 2003 دا بە هەمان تێگەیشتنەوە، بەڵام لەژێر ناوی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی فرەیی و رێگریکردن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی بەعس، دروستیان کردەوە. خاڵی هاوبەش لەنێوان بەریتانی و ئەمریکییەکاندا، بریتیە لە تێگەیشتنێکی دیمۆگرافی و نەتەوەیی و مەزهەبی بۆ عێراق و دانیشتووانەکەی. خاڵی جیاوازیش لەنێوانیاندا، بریتییە لەو چەمکەی کە پێیدەڵێن: "سیاسەتی شوناس- Identity Politics". بەڵام چۆن؟ عێراقی 1921 بە سەرپەرشتی بەریتانییەکان و بە فەرمانڕەوایی مەلیک فەیسەڵی یەکەم 1921-1933؛ لەسەر بنەمای شەراکەتی شیعە و سوننە دامەزرا بە بەشدارکردنی کورد وەک لایەنێک بۆ راستکردنەوەی باڵانسی مەزهەبی و نەتەوەیی؛ بەوپێیەی کە مەلیک فەیسەڵ شافیعی بوو، لەبەرامبەر سوننەی حەنەفی و شیعەشدا، لایەنە مەزهەبییەکەی کورد بۆ مەلیک فەیسەڵ گرنگ بوو.

جیاوازییەکەش لەوەدا بوو کە ئەوکات هێشتا شتێک بەناوی سیاسەتی شوناس، یان بە سیاسیکردنی شوناس سەریهەڵنەدابوو، تەنانەت ناسیۆنالیزمیش هێشتا لە تێگەیشتن و پەیڕەوکردنە سەرەتاییەکانی خۆیدا بوو لەناو گەلانی ناوچەکەدا. شیعە سەرکەوتوونەبووبوون لە بە سیاسیکردنی ناسنامەی شیعەدا و هیچ هەوڵێکیش بۆ ئەو بەسیاسیکردنە سەرینەگرت تا شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە 1979 و داگیرکردنی کوێت لە 1991 و تیرۆرکردنی رابەری باڵای شیعە محەممەد سادق سەدر 1999 لەلایەن بەعسەوە.

سیاسەتی شوناس لەناو شیعەدا لە تاراوگە گەشەی کرد و پێگەی خۆی دامەزراند، سیاسەتەکانی سەدامیش لەناوەوە رێگەخۆشکەربوون بۆ ئەوەی عێراقی دوای 2003، ببێتە وڵاتی هەڵوەشاندنەوە و لێکدوورکەوتنەوەی شوناس و سەرهەڵدانی سیاسەتی شوناس.

ئەمریکییەکان دوای رووخاندنی بەعس، سیاسەت و مامەڵەی خۆیان لەگەڵ عێراق و پێکهاتەکانیدا، لەسەر هەمان تێگەیشتن و بنەما دارشت. عێراقی 2003 لەسەر بنەمای شەراکەتی شیعە و کورد بە بەشداریی سوننە و پێکهاتەکانی دیکە بنیاتنرایەوە. هێزە سیاسییەکان، لەناو هەموو پێکهاتەکاندا، سوودمەندی یەکەم بوون لە بارودۆخی تازەی عێراق و تێگەیشتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەم بارودۆخە.

هێزە ئیسلامییە شیعیەکان، ئەو دابەشبوون و بەشبەشێنە مەزهەبی و نەتەوەییەیان بەباشی قۆستەوە و کێکی دەسەڵات و سامانی عێراقیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد و موبارەکەی ئێرانیشیان بەدەستهێنا.

ئەمڕۆ، ئەوە نزیک دەبێتەوە لە سێ مانگ کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بە دژی دەسەڵاتدارانی عێراق و نوخبەی دەسەڵاتداری شیعە، بەغدا و هەموو شارەکانی گرتووەتەوە، خەڵکی ناڕازیی زۆرینە شیعە، بەهەموو شێوەیەک ئەم دەسەڵاتەی ئێستا رەتدەکەنەوە و تەنها وەک کۆمەڵێک چەتە دەیانبینن کە دین و مەزهەبیان بۆ دزیکردن و چەوساندنەوەی خەڵک بەکارهێناوە.

دەسەڵاتی شیعە لە عێراقی دوای 2003 لەسەر دوو بنەما خۆی دامەزراند؛ یەکەم/ ئایدیۆلۆژیای شیعەگەری و دووەم/ شەرعییەتی مێژوویی و دیمۆگرافی؛ بەوپێیەی شیعە وەک زۆرینەی دانیشتووان بێبەشکراون لە بەشداریی سیاسی و دەسەڵات؛ هەردوو بنەماکەش بە زەقی لە گوتاری سیاسی و حوکمڕانی نوخبەی شیعەی عێراقدا بە درێژایی 16 ساڵی رابردوو رەنگی داوەتەوە و کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی هەبووە.

دوای 16 ساڵ لە حوکمڕانی؛ شیعەکان بەهەموو هێز و رەوتەکانیانەوە، بە هەموو دەموچاو و کاراکتەرە سیاسییەکانیانەوە؛ لە حوکمڕانیدا شکستیان هێنا و نەیانتوانی عێراق لە قۆناغی بۆشایی دەوڵەت و دەوڵەتی شکستخواردووەوە بگوازنەوە بۆ قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت. لەڕووی ئایدیۆلۆژیاشەوە؛ شیعەگەری نەیتوانی تێکەڵ بە نیشتمانپەروەریی عێراقی بێت؛ خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە ئەوەمان پێدەڵێن کە نیشتمانپەروەریی عێراقی و ئینتیمای نیشتمانی بۆ عێراق دابڕاوە لە ئایدیۆلۆژیای شیعەگەری و خەڵکی شیعە بە ئەزموون گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە شیعەگەری هیچی بۆ نەکردوون؛ بۆیە ئومێدێکیان بە نیشتمانپەروەری ماوە. ئەمە لە دروشم و گوتاری خۆپیشاندەرەکاندا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت!

عێراق بەم تێگەیشتن و پێکهاتە سیاسییەی ئێستایەوە ناتوانێ سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ؛ ژمارەی دانیشتووانەکەی لە زیادبووندایە، سیستەمی سیاسی و ئیداریی دەوڵەتەکە ناکارایە و بە دەست گەندەڵییەوە دەناڵێنێ.

گەنجەکان کە نیوەی زیاتری ژمارەی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن، نائومێدن و هیچ هیوایەکیان بە داهاتوو نییە، متمانەشیان بە سیستەم و نوخبەی سیاسی لەدەستداوە. هاووڵاتیان پێویستیان بە دەرفەتی کار، خوێندنی باش و چاودێریی تەندروستی و ئاسایش هەیە، عێراقی ئێستا ناتوانێت هیچیەک لەمانەیان بۆ دابین بکات! خواستی گەنجەکان و خۆپیشاندەرانیش ئێستا هەر بە تەنیا خزمەتگوزاری نییە، بەڵکو خواستەکان سیاسین، خەڵک ئیتر هیچ چاوەڕوانییەکیان لە دەسەڵات و دابەشکردنی مەزهەبی نییە. ئەوەی ئەمڕۆ شەقامی ناڕازی عێراقی داوای دەکات، شتێکە دەکەوێتە ئەودیو سیاسەتی شوناسەوە، سیاسەتی کۆمەڵێک پرس و کێشەیە کە عێراقییەکان شانزە ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنن. رەوتی ناڕەزایەتی و خواستەکانی جەماوەر، دروشم و گوتارەکان، پێداگیریی خەڵک لەسەر لابردن و دادگاییکردنی دەسەڵاتدارانی شیعە، ئەوانەی بەناوی شیعەوە شانزە ساڵە سوودمەندن، پێماندەڵێ کە خواستی ژیان، نان و شکۆمەندی، خزمەتگوزاری و قووتی رۆژانە، رێزگرتن لە سەروەریی مرۆڤ، هیچ دین و مەزهەبێکی نییە. ژیان و ماف و ئازادییەکان سەر بە هیچ ئاین و ئایدیۆلۆژیا و مەزهەبێک نین و مافی هەموو کەسێکن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# پارتی لە بەرامبەر یەکێتییەکی نوێدایە؟

1

کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی بە پێچەوانەی ئەوانی پێشتر، لەلایەن پارتییەوە زۆر بە ساردی مامەڵەی لەگەڵ کرا. لەڕووی راگەیاندنیشەوە کەناڵە فەرمییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا. بەپێچەوانەوە لە سۆشیالمیدیا و کەناڵە نافەرمییەکانەوە هێرش و پەلاماری توند بۆ سەر کۆنگرەی یەکێتی هەبوو. میدیا هاوشێوەکانی یەکێتیش بە هەمان زمان و دەستبەجێ وەڵامیان دەدانەوە. لێکدانەوەی بەشێکی ناو یەکێتی بۆ ئەو هێرشانە ئەوە بوو، ئەو تەسعیدە لە قازانجی ئەوانە شکایەوە کە پارتی وەکو دوژمنی خۆی وێنای کردن و کێرڤیان بەرز بووەوە. تەنانەت لێکدانەوەیەکی دیکەش هەبوو کە پارتی بەم کارە بیەوێت دەسەڵات لە یەک شوێن کۆبێتەوە!

یەکێتی لە رۆژی دروستبوونییەوە، وەکو گشتێک نەیاری سەرسەختی پارتی بووە. رێککەوتنەکانی تاڵەبانی و بارزانی و، رێککەوتننامەی ستراتیژیی دوای شەڕێکی بێئاکامی ناوخۆیی و، کاڵبوونەوەی بەشێک لە ناکۆکییە کۆنەکان لە نێو سەرکردە و جیلی پێشوو، چ لەناو پارتی و چ لەناو یەکێتیش تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ئەو رق و قینە مێژوویییە هەبووە، بەڵام ئەو نەوە تازەیەی کە بە درووشمی نوێبوونەوە و درێژەدان بە رێبازی مام، دەسەڵات دەگرنەدەست، دەستمایەی سەرەکییان ململانێ و تەحەدداکردنی پارتییە، لەوەشدا شانسیان هەیە کە بە هەمان رێژەش لەناو پارتیدا بەرامبەریان هەیە بۆ دروستکردنی حەماس لەناو ریزەکانیاندا.

ئەگەرچی بۆ بەرزەفتکردنی نوێیەکانی ناو یەکێتی کۆنەکان لە ئەنجوومەنێکی باڵای سیاسیی دەسەڵاتداردا جێگایان کراوەتەوە، بەڵام ئەو ئەنجوومەنەش تا ئەو رۆژە بڕ دەکات کە کۆسرەت رەسوڵ لە ژیاندا بێت و دوای ئەوە رەنگبێ هیچ مانایەکی نەمێنێ. ئەو ئەنجوومەنە لە کورتماوەدا، دەتوانێ پارێزەری باڵانسی نێوان پارتی و یەکێتی بێت، بەڵام کاتێک سەرکردایەتیی یەکێتی لە کۆنترۆڵی نوێیەکاندا بێت، زۆر زەحمەتە بتوانن پێشیان پێ بگرن. 16ی ئۆکتۆبەر و رووداوەکانی دوای ئەوە نیشانیان دا کە نوێیەکان (بێ ئەوەی هیچ پۆستێکیشیان هەبووبێ) تا رادەیەکی زۆر جڵەوی دەسەڵاتی یەکێتییان لەدەستە و ئەوانی دیکە بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن. بۆیە دەبێ پارتیش لە روانگای خۆیەوە توانای خوێندنەوەی ئەو واقیعە نوێیەی هەبێ، مام جەلال، برایم ئەحمەد و کۆسرەت رەسوڵێکی گەنج، پارەدار و بە دەسەڵات (لاهور، بافڵ و شاڵاو) هاتوونەوە.

## براوەی کۆنگرەی یەکێتی

2

ئەخیرەن کۆنگرە بەسترا. ساڵانێک کە کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح داوای بەستنی کۆنگرەیان دەکرد، ماڵی تاڵەبانی (بەهۆی بەرهەم ساڵحەوە) رێگر بوون. چەندین وادە بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری کران، بەڵام لە کۆتاییدا بە پلنیۆمێک بەردیان لەسەر دانا. دواتر کە ماڵی تاڵەبانی خۆیان لە پێگەیەکی قایمتردا دیتەوە و لەگەڵ بەرهەم ساڵحیشدا ئاشت بوونەوە، تا ئاستی خۆپێشاندان! گوشاریان دروست کرد بۆ بەستنی کۆنگرە.

هیچ حزبێک نییە لە دنیادا کۆنگرە ببەستێ و بتوانێ دڵی هەموو پێکهاتەکانی خۆش بکات، یان هیچ ناڕەزایەتییەکی لێ نەکەوێتەوە، بۆیە ئەوە هاوکێشەیەکی نەگۆڕە.

گوتاری کۆسرەت رەسوڵ لە دەستپێکی کۆنگرە پتر بە گوتاری ماڵئاوایی دەچوو، تێیدا ویستی ئەو پەیامە بگەیەنێت کە لە دوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانییەوە تا ئێرەم هێناوە و لێرە بەدواوەش ئەمانەتی ئێوەیە.

لەڕاستیدا سەردەمی کۆسرەت رەسوڵ لە هی تاڵەبانی بۆ یەکێتی گەشترە، چونکە گۆڕان لە سەردەمی تاڵەبانیدا جیا بووەوە و هەر لە سەردەمی ئەویشدا، یەکێتی دووجار بەرامبەر گۆڕان دۆڕاندی. لە سەردەمی کۆسرەت رەسوڵدا ئەگەر جیابوونەوەیەکیش روویدابێت (جیابوونەوەی بەرهەم ساڵح) بە مانۆڕێک سەرۆکی حزبەکەی هێنایەوە ناو یەکێتی و بۆ یەکەمجار بەبێ پشتیوانیی پارتی لە بەغدا سەرۆککۆماریان دانا. لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا لە گۆڕانیان بردەوە و لەگەڵ پارتیدا سەرباری هاوپەیمانی بۆ سەرخستنی ریفراندۆم، بۆ پێکهێنانی حکومەت چەمکی شەراکەتیان تەرح کرد و زۆربەی خواستەکانیان هێنایەدی.

کۆسرەت رەسوڵ ترسی لە فەشەلی کۆنگرە هەبوو، بەڵام تەوافوقاتی پێشوەختە زۆربەی بەربەستەکانی لابرد. لێرە بەدواوە رەنگبێ ئیتر هەست بکات، بەرپرسیارێتیی خۆی بەجێگەیاندووە.

## هەر سەرۆک و هەر تەشریفاتی

3

بەدرێژایی چەندین ساڵی رابردوو، یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی، ناکۆکیی نێوان ماڵباتی تاڵەبانی بوو لەگەڵ شەخسی بەرهەم ساڵح و پشتیوانیی کۆسرەت رەسوڵ بوو لە بەرهەم ساڵح. عاقیبەت و دوای ئەوە، بەرهەم ساڵح لە 2018 وازی لە حیزبەکەی خۆی هێنا و گەڕایەوە ناو یەکێتی و بەوەش یەکێتی کردیان بە تاکە کاندیدی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و بە هەموولایەک کاریان بۆ کرد. سەریانخست بۆ پۆستێک کە تەشریفاتی بوو.

لە کۆنگرەی ئەمجارەی یەکێتیشدا و لە رۆژی یەکەم، ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی بە زۆرینەی دەنگ ئەوەیان رەتکردەوە کە بەرهەم ساڵح بۆ جاری چوارەم بە تەزکیە ببێتەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی. لە یەکەم دەنگداندا، زۆرینە کارتی سووریان بۆ بەرز کردەوە و ئەویش کۆنگرەی بەجێهێشت. بەڵام دوای رۆیشتنی ئەو (بێ ئەوەی لە دوای ئەو کەس وەک کاردانەوەیەک کۆنگرە بەجێبهێڵێت) جارێکی دیکە دەنگدان کرایەوە و ئەمجارەیان وەک ئەندامی سەرکردایەتی قەبوڵ کرا! راستییەکەی، ئەوە لە سیاسییەکی متمانەبەخۆی وەکو بەرهەم ساڵح ناوەشێتەوە دوای ئەو هەموو ساڵە بۆ بوون بە ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکەی نەچێتە نێو هەڵبژاردن و موحتاجی تەزکییە بێت. ئینجا تەنها بۆ هەڵگرتنی نازناوی سەرۆک بۆی گرنگ نەبێ سەرۆکی چییە و چ دەسەڵاتێکی هەیە! موهیم ئەوەیە سەرۆکە....



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# واز لە ئیسرائیل بهێنن

ئەم رۆژانە هەر ترەمپ نییە کە بە تویتێک دنیای پێ دەهەژێت. هیچ نەبێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یەکێکی دیکەی غەیری ئەو توانیویەتی ئەو کارە بکات. عەبدوڵڵا بن زایدی کوڕی شێخ زاید و وەزیری دەرەوەی ئیمارات دنیای عەرەبی و ئیسلامیی بە تویتێک هەژاندووە. ئەوەی سەرکردەکانی دیکەی عەرەب لەپشت دەرگا داخراوەکان و لەژێر لێوەوە دەیڵێن، ئەو لەسەر تویتەر باسی دەکات: چیدیکە دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ عەرەب بڤە نییە. بانگی محەممەدیش بەئاشکرا خۆشە! سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و کوڕەکەشی هەر لە تویتەرەوە وەڵامی شێخ عەبدوڵڵایان دایەوە و پێیانوابوو ئەمە گۆڕانکارییەکی مێژووییە، بەڵام چی لەپشت ئەو "گۆڕانکارییە مێژووییە"وە دەگوزەرێ و کوردستان دەبێ چۆن ببینێ؟

مێژووی عەرەب و ئیسرائیل لە سەدەی بیست و دەستپێکی ئەم سەدەیەشدا مێژووی رق و جەنگ بووە. بۆیەش هەوڵە ئاشکراکانی ئاشتبوونەوە ئەنجامەکەیان ئەوە بووە کە بەسەر ئەنوەر سادات هات و بەدواشیدا دەزانین عەرەفات لە چ بارودۆخێکدا مرد. دروست وەکچۆن لە حەفتاکان ئەمریکای هاوپەیمانی شۆڕشی کوردستان نە هێشتی لەگەڵ بەغدا رێککەوتنێکی باش بکرێ و نە هەتا سەر پشتیوانیشی لە شۆڕش کرد، ئاواش عەرەب و ئیسلامیی ئەنتی ئیسرائیل تاوەکو ئێستاش نە هێشتوویانە فەڵەستینی لەگەڵ ئیسرائیل پێکبێن و نە بەڕاستیش پشتیوانییان لێکردوون.

خەریکە دەبێتە سەدەیەکی تەواو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاگری ئەو رقەوە دەسووتێ و زۆربەی جەنگەکانی ناوچەکەش رەگێکیان هەر چووەتەوە سەر ئەو کێشەیەی نێوان جیهانی ئیسلامی و ئیسرائیل. رقێکی هێندە بەهێزە کە رەنگە بە جوانترین شێوە لە فیلمی (السفارە فی العمارە)ی میسریدا تەعبیری لێکرابێ، کە عادل ئیمام رۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێ. رقێکە رژێمە دیکتاتۆری و توندئاژۆکان قازانجیان لێ بینیوە و هەمیشە خەڵکی موسڵمان زیانی لێ بینیوە.

ئەو شۆڕشی ئیسلامییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران چوار دەیەیە بانگەشەی هەناردەکردنی بۆ ئەودیوی سنوورەکانی بۆ دەکات و بینیومانە هەناردەشی کردووە. ئەو تیرۆر و وێرانکارییەی ئەلقاعیدە و بەدواشیدا داعش لە ناوچەکەدا دەستیانپێکرد، هەموویان رق و دژایەتیی ئیسرائیلیان بۆ پەرەسەندن و پەلهاویشتن بەکارهێناوە. ئەنجامەکەشی ئێستا لە عێراق و لوبنان و سووریا و یەمەن و لیبیا و تەنانەت لە نێوەوەی ئێرانیش دەبینین. ئەنجامەکە برسیتربوون و دواکەوتن و گەڕانەوەیە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست و لەو نێوانەشدا ئیسرائیل لەڕووی زانست و ئابووری و تەنانەت سەربازیشەوە رۆژ بە رۆژ دەچێتە پێشەوە.

پێموایە شێخ عەبدوڵڵا و گەورەکانی و هاوبیرەکانی لەنێو وڵاتانی کەنداودا باشدەکەن کە بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن. با لە ترسی ئێرانیش بێت، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە دنیای ئیسلامی لە ماوەی رابردوودا سەلماندی بەو رقە شەڕی ئیسرائیلی پێناکرێت. شەڕی ئیسرائیل بەوە دەکرێ کە هاووڵاتیی دەوڵەتە عەرەبی و موسڵمانەکان هەستبکەن خۆشتر لە ئیسرائیلییەک دەژین، هەستبکەن دەرفەتی پێشکەوتنی زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆرتریان لەپێشە و لەبنەڕەتدا هەر پێویستیان بەوە نییە دژی ئیسرائیل بن. ئەمەش هەم بەرە لەژێرپێی توندئاژۆ ئیسلامییەکان و دەوڵەتە ئیسلامییەکان (نەک موسڵمانەکان) دەردەهێنێ و هەمیش دەرفەت دەداتە فەڵەستینییەکان کە چیدیکە نەبنە قوربانیی ئەو گەمانەی بەناوی ئەوانەوە دەکرێن، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی ئەوان نین.

هیوادارم خوێنەری کورد پاساوی ئەوە بۆ دژایەتیی ئەو دەوڵەتانە بۆ ئیسرائیل بەوە نەهێننەوە کە خەڵکی بێگوناهی فەڵەستینی دەکوژن، چونکە ئەوە راست نییە و هەمان ئەو دەوڵەتە "موسڵمانپارێزانە" کۆڵبەری موسڵمانی کورد گوللەباران دەکەن و زیندانیی کورد لەسێدارە دەدەن و پلانی گۆڕینی دیمۆگرافیای شار و ناوچە موسڵماننشینەکانی کوردستان جێبەجێ دەکەن. تۆبڵێی کورد لە فەڵەستینی ناموسڵمانتر بن؟!



ئازاد وەڵەدبەگی
azadwaladbagi@gmail.com

# کلیپتۆکراسی لە بەرگی دیموکراسیدا

لە چەندین ساڵی رابردووەوە و تا ئێستاش، ژمارەیەک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک مەنجەنیق لەناو ئاگری خۆپیشاندان و تەنانەت جەنگی ناوخۆییدا دەسووتێن. خەڵکێکی زۆری ناڕازی لەو وڵاتانە لەسەر شەقامەکانن و، بێزاریی خۆیان لە سیستەمە گەندەڵەکان دەردەبڕن. هەندێ جاریش بینەری ئەوەین کە ئەم خۆپیشاندانانە ئاوێتەی توندوتیژی دەبن و رووداوی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، وەک ئەوەی لە گەڕەکی وەسبەی بەغدا روویدا.

ئەگەر سەرنج بدەین، زۆر لە سیستەمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانەش عێراق، هەموو کات هەوڵیانداوە خۆیان وەک سیستەمێکی دیموکراسی بناسێنن، بەڵام لە راستیدا ئەم سیستەمانە جۆرێکن لە کلیپتۆکراسی (Kleptocracy) و خۆیان بە دیموکراسی رتووش کردووە. لەم وڵاتانە هەرچەندە بە رواڵەت هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتدارانەی کە دێنە سەر کورسی دەسەڵات، پێگەی خۆیان بۆ گەندەڵی و راوەڕووت بەکاردەهێنن و ئەوەی کە لە دیموکراسی دەمێنێتەوە تەنیا ناوێکی بێ ناوەڕۆکە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناسەقامگیریی ئەم وڵاتانەیە، هەربۆیە ئەو کەسانەی کە لە قۆناغێکدا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، ئەمە وەک هەلێک دەزانن بۆ پڕکردنی گیرفانیان و دەست دەکەن بە گەندەڵی و تاڵان و بڕۆ. لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، گەندەڵی لە ئاستە باڵاکان و لەسەر ئاستی نوخبەی سیاسی بە شتێکی سروشتی و ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت و، ئەو کەس و ڕەوتانەی کە لەم سیستەمە ناسەقامگیرەدا دێنە سەر کورسی دەسەڵات، دەیانەوێ بە خێرایی و بەپەلە هەلەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و سیاسیی خۆیان بقۆزنەوە.

لە زانستە سیاسییەکاندا، کلیپتۆکراسی (دزسالاری) بە جۆرە حکومەتێک دەگوترێ کە خەڵک دەبنە قوربانیی چاوچنۆکیی دەسەڵاتداران بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامانی تایبەتی، ئەمەش لە رێگەی دزینی سامانی گشتیی وڵاتەوە دێتەدی. لەڕاستیدا، ئەو دەسەڵاتدارانە وڵات وەک ئەکاونتێکی بانکیی خۆیان سەیر دەکەن و ئەو پارەیەی کە دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ، هەمووی لە خەزێنە و بودجەی گشتیی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە بنەڕەتدا دەبوو ئەم سامانە بۆ پێشخستنی گشتیی کۆمەڵگە خەرج بکرێت و، گۆڕینی ئاراستەی ئەو پارانە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاست و چۆنێتیی ژیانی خەڵک و هەژاربوونی زیاتری کۆمەڵگە.

کلیپتۆکراسی، جۆرێکە لە حکومەت کە لەسەر بنەمای بەتاڵانبردنی سامانی گشتی و دزینی سەرچاوە نیشتمانییەکان بنیاتنراوە. ئەم جۆرە حکومەتە پتر لە وڵاتە گەشەنەکردووەکاندا کە خەڵکەکەی ئاستی هۆشیارییان لاوازە و پێگەیشتوویی سیاسی و رۆشنبیرییان کەمە و خاوەن ئابوورییەکی حکومیین، گەشە دەکات.

لەم سیستەمەدا، گەندەڵی لە ئاستەکانی سەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە و پەرەدەستێنێ و گەشە دەکات و لە ئەنجامدا گەندەڵی بەدامەزراویی دەبێت و، هەر کەسێک دەستی بگاتە هەر سەرچاوەیەکی ئابووری و دارایی، بەپێی دەسترۆیی و توانا و پێگەی خۆی دەست دەکات بە گەندەڵی و تاڵان و بڕۆ کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی داڕووخانی کۆمەڵگە و بنەما ئاکارییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. لەم کۆمەڵگەیانەدا گەندەڵی، دزی، بەرتیلخواردن و ڕانتخۆری و هتد، پەرە دەستێنێ و چینێکی ناڕازی دروست دەبێت کە هەمان خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگەن.

چینی ئاسایی کۆمەڵگە کە بێدەربەستی و بەدامەزراوبوونی گەندەڵی لەناو چینی باڵادەستی کلیپتۆکراتدا دەبینێ، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە مافەکانی پێشێل دەکرێت و ستەمی لێدەکرێت. هەربۆیە، خەڵک لەو دۆخەی کە بەسەریاندا سەپێنراوە تووڕە دەبن و لە هەر کات و شوێنێکدا کە بۆیان بلوێت، هەوڵدەدەن تۆڵە بکەنەوە و کەمتەرخەمی بنوێنن و ئەمە بە جۆرێک لە خەباتی نیگەتیڤ دەزانن و دەڵێن ئەمە مافی ئێمەیە، ئەوان دەیخۆن ئێمە بۆ نەیخۆین و ئەمە دەکەنە پرەنسیپی کارکردنی خۆیان.

هەروا حکومەتی کلیپتۆکراسی، کاریگەریی زۆر نەرێنی لە بواری ئابووری سیاسی و مافە مەدەنییەکاندا هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە چاویان لێبکات و بەرەبەرە ئەم کولتوورە لەناو تانوپۆی کۆمەڵگەدا رەگ دادەکوتێ و دەبێتە نۆرمێکی کۆمەڵایەتی و بەدامەزراوبوونی گەندەڵی لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتە کلیپتۆکراتەکان، گواستنەوەی پارەی وڵاتەکەیە بۆ بانکەکانی دەرەوە کە لە عێراق وەک دەگوترێت لە ساڵی 2003 وە تا ئێستا 400 ملیار دۆلار لە سامانی گشتی براوەتە دەرەوە. هەروا سەرچاوەکانی دیکەی وڵاتیش دەکەونە بەر ئەم لێشاوی بەتاڵانبردنە، هەربۆیە لەم جۆرە وڵاتانە، کەلێنێکی زۆر گەورە لەنێوان خەڵکی ئاسایی و چینی سیاسی دەسەڵاتداردا هەیە.

پەرەسەندنی گەندەڵی و لانیکەمی گەشەکردن بە دوو تایبەتمەندی دیاری سیستەمە کلیپتۆکراسییەکان دادەنرێن. هەستکردن بە هەرجۆرە نایەکسانی و بێبەشبوونی نالۆژیکی بە تایبەت ئەگەر تێکەڵ بە ڕەنگ و بۆنی سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی، تایفی و ئایدیۆلۆژی بکرێت، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندی ئەو چین و توێژانەی هەست بە نایەکسانی و بێبەشی دەکەن. ئیمانۆیل والرشتاین دەڵێت: "ئەو سیستەمەی کە دەسەڵات بە شێوەیەکی نادیموکراتی و نایەکسان دابەش بکات، ئەوا بەو واتایەیە کە ئەم سیستەمانە هەموو شتەکانی دیکەش بە شێوەی نایەکسان دابەش دەکەن و سیستەمێکی لەو جۆرە ناتوانێ دیموکراتی بێت". نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی یاخود دیموکراسییەکی ساختە بە ناوئاخنی کلیپتۆکراسی، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانەوەی گەندەڵی لە هەموو بوارەکاندا. هەربۆیە لەم کۆمەڵگەیانەدا گەندەڵی و دەسەڵاتی کلیپتۆکراسی دەبێتە سەرچاوە و هۆکاری بزاڤ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئەنجامدا بە شێوازی خۆپیشاندانی جەماوەری و گڕگرتنی شەقامەکانی وڵات دەردەکەوێت. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە ئێستا لە بەشێک لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدیدەکرێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more
WWW.RUDAW.NET



## رابەر کوردستانی: سەرقاڵی نووسینی چەند کتێبێکم لەسەر دەف

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net





